

# کتێبی ئۆکتۆبەر

له بڵاوکراوەکانی گرووپی نێگەتیڤ ٢٠١٧

www.negativegroup.org

## پێڕست


- یەك دوو قسە بە بیانووی ئۆكتۆبەرەوە — **وەلید عومەر**
- كورتەیەك دەربارەی ئۆكتۆبەر و زەمینەی درووستبوونی — **و. ژیر دانا**
- لەنێوان دوو ئۆكتۆبەردا — **ناجی ئەفراسیاو**
- ماناكانی لینین لە باشوری كوردستان — **زەردەشت نورەدین**
- دەربارەی شۆڕشی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ — **ئالان بادیۆ، و. دەشتی مەحمود**
- شۆڕشی ئۆكتۆبەر و ڕزگاریی ژنان — **و. شلێر ڕەشید**
- ژنانی تەنیشتی لینین — **ئامادەكردنی ئاری مەحمود**
- دەربارەی شۆڕشی ئۆكتۆبەر & سەرنجێك لەسەر ڕۆشنبیر — **هاوڕێ عەبدولا & شالاو یاسین**
- عەشقی لینین بۆ ئەدەب، شكڵ و شێوەی بە شۆڕشی ڕووسی بەخشی — **و. وەلید عومەر**
- شۆڕشی ئۆكتۆبەر: وێنەكانی و شۆكەكانی (بە كامێراكەی ئێزنیشتاین) — **بڕوا عەلادین**
- یادگارییەكان لەگەڵ لینین — **كلارا زێتكین، و. شێروان ئیبراهیم**
- دەربارەی ئەخلاقیاتی كۆمۆنیستی و ئاینی — **لینین، و هێمن خالید**
- بەربەریزمی شارستانیەت — **لینین، و. زەردەشت نورەدین**
- بۆچی تا ئێستا لینین زیندووە؟ — **و. دیار عوسمان**
- چۆن سەرلەنوێ دەست پێبكەینەوە؟ — **سلاڤۆی ژیژەك، و. وەلید عومەر**

# یەک دوو قسە بە بیانووی ئۆکتۆبەرەوە

وەلید عومەر

ئێمە لەم کتێبەدا یادی شتێك ناکەینەوە، چونکە یادکردنەوە پتر بۆ بیرخستنەوەی شتێکی بەسەرچووە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر شتێك نیە بەسەرچووبێت، بەڵکو ساتەوەختێکی مێژووییە کە دەشێ و دەبێ درێژەی پێ بدرێت. ئەریك هۆبزبازم، مێژوونوسی ناوداری چەپ، سەدەی بیست بە «سەدەی کورت» ناودەبات. ئەویش لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە تا ڕووخانی سۆسیالیزمی بنیاتنراوی سۆڤیەت لە ١٩٩١. بەڵام دەتوانین ئەم مەودا زەمەنییە هەڵگرین و بڵێین: سێبەری ئۆکتۆبەر بە دوامانەوەیە، لەگەڵماندایە و خۆی بیرناچێتەوە، نەك ئێمە بێین و یادی بکەینەوە. خۆ ڕاستە کە ئایدۆلۆژیای باڵادەست زوو زوو شتەکان لە بیری خەڵك دەباتەوە، بەڵام پرسی یەکسانی و عەدالەت شتێك نیە بەتەنیشت شتەکانی ترەوە، بەڵکو پرسێکە کە لەسەر جەستەی مرۆڤەکان دەردەکەوێت و هەڵدەکۆڵرێت و ناشاردرێتەوە. برسێتی و تووڕەیی و بەدمیزاجی و زمانپەشێوی و هتد لە نیشانە سەرەتاییەکانی ئەمەن. لێرەشەوەیە کە ڕووداوی ئۆکتۆبەر لە هەندێك ڕووداوی کاتی منداڵیمان زووتر دەردەکەوێت. واتە ئۆکتۆبەر نزیکتر دەردەکەوێت، بەراورد بەو یادەوەرییانەی کە لە ڕابردوویەکی نزیکتری منداڵیماندا ئەزموونمانکردووە. بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندییمان بە ئۆکتۆبەرەوە پتر پەیوەندییەکی غەریزییە نەك زەمەنی. واتە بە غەریزە هەست بە عەدالەت/بێعەدالەتی دەکەین، نەك خۆبەستنەوە بە زەمەنێکی دیاریکراوی ناو مێژووەوە. ئەمە وێڕای ئەو کلێشە چەواشەکارانەیەی کە دەڵێت «مرۆڤ بە زات و غەریزەی خۆی، بوونەوەرێکی ناعادیلە».

دەمێکە سیاسەتی باو لە واقیعی ئێمەدا تووشی شکستی گورچکبڕ بووە. بەڵام کۆمەڵگای ئێمە، هێشتاش کۆمەڵگایەکی سیاسییە؛ ئەویش بەبێ ئەوەی سیاسەتێکی ڕزگاریخوازانە لە ئاسۆوە دیاربێت. بە دەربڕینێکی تر، وێڕای بێزاربوون لە سیاسەت، کەچی ناتوانین سیاسی نەبین و بەتەواوی خۆمان لە سیاسەت داماڵین. گەرچی ئەم سیاسیبوونەی ئێستای خەڵك، سیاسیبوونێکی کۆنکرێتی نیە بەڵکو سیاسیبوونێکە کە پشکی خەڵك تەنیا لە تەحلیل و شیکردنەوەی سیاسییدا قەتیسبووە. بۆیە هەر بەدیلێکیش کە بەم زووانە دێت و دەیەوێت بێت، هێندەی تر خەڵك ماندوودەکات، چونکە دیسان دەیگەیەنێتەوە بە بنبەست. چار چیە؟ وەڵامەکە یەکەمین وانەیە کە لە ئۆکتۆبەرەوە فێری بین: پشوودرێژی و خۆپەروەردەکردن بۆ ئایدیایەکی ڕزگاری لە داهاتوودا. هەر موژدەیەکی پەلە، موژدەیەکی وەهمییە و بونیادە دارزیوەکانی کۆمەڵگاکە لەبیردەکات و هەڵپەرستانەشە. چونکە سیاسەتی ڕزگاری، سیاسەتێکی گشتگیرە. گشتگیر بەو مانایەی کە هەموان بەشداردەکات و هەموو جومگەکانی کۆمەڵگاش پێکەوە دەبینێت و هەوڵی گۆڕینیان دەدات: سیاسەت، کەلتور، پەروەردە، ڕۆشنبیری، کەیسی ژن و پیاو، و هتد. سیاسەت پاش وردکردنەوە، لە دەیان دیاردەی پێکداچوو پێکدێت و بەدیلە درۆزنەکان ناتوانن مامەڵەی بەرپرسیارانەی پێوە بکەن.

هەنوکە پاش لەدەستدانی بەشێك لە زەویی کوردستان، هەندێك «تابۆ»ی ناسیۆنالیزمیش شکستی خواردووە، وەك کەرکوك، پێشمەرگە، هتد. کەرکوك ئەو حەرام و تابۆیە بوو کە ناسیۆنالیزم خۆی پێدا هەڵواسیبوو. سەرباری ئەمەش لە دەوڵەت-نەتەوە و ناسیۆنالیزم و ئایدۆلۆژیای کوردایەتییدا، زەوی و سنور جۆرێکە لە موقەدەس و تابۆ. لەولاشەوە پێشمەرگە وەك ڕەمزێك تووشی ڕووشان و

داکەوتن هات. بۆیە جێی خۆیەتی لە سایەی ئۆکتۆبەردا دوو ڕاستیی سەرەکی بخەینەوە بیری خۆمان: بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان و گەنجان، خانوویەك و زەوییەکیان نیە تیا بژین؛ بەڵام هاندەدرێن شین و شەپۆڕ بۆ زەوییە لەدەستچووەکان بکەن و برینە کۆنکرێتییەکانیان لەبیرببرێتەوە. ڕاستیی دووەمیش ئەوەیە، پێشمەرگە و هێزە سەربازییە میلیشیاییەکانی کوردستان پتر بۆ سەرکوتی خەڵکی ناوخۆ ئامادەکراون نەك نەیارانی ناسیۆنالیزمە خێڵەکییەکە. مرۆڤی ڕادیکاڵ و بەرەنگار، هەمیشە گومانی لە وشەیەکی گشتی و بەتاڵی وەك پێشمەرگە هەیە و دەشیمێنێت. ئەم گشتیبوونەی وشەکەیە کە فیگەرێکی کۆنەپارێزی وەك بارزانییش هاندەدات پاش هەموو شکستەکان بە خۆی بڵێت پێشمەرگە. ناسیۆنالیزمیش وەك دین، هەڵگری کۆمەڵێك ناو و زاراوەیە کە گشتی و ناکۆنکرێتیین و یاریی ترسناکیان پێوە دەکرێت.

سەدساڵ پاش ئۆکتۆبەر پتر لەوە تێدەگەین کە بەبێ خۆڕێکخستن، خەڵك شتێکی ئەوتۆی پێ ناکرێت و نابێتە مەترسی بۆ سەر سیستەم. ئەوانەی ساڵانێکە دژی چەمکە سیاسییەکانی وەك ڕێکخستن و ئایدیای سیاسی و بەرەنگاری و چەپ و هتد دەوەستنەوە، هەر خۆیان گازندەی ئەوە دەکەن کە بۆچی خەڵك نارژێتە سەر جادە. لەڕاستیدا خەڵك لەخۆیەوە نارژێتە سەرجادە(بە چاوپۆشی لە خۆپیشاندانە فراوانەکان). گەر بشرژێتە سەر جادە، بە ئەگەری زۆرەوە هیچ ئەنجامێکی ڕوونی نابێت. ڕێکخستن بەر لەوەی چەمکێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت، چەمکێکی ئۆنتۆلۆژییە، ئۆنتۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی. چونکە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا بەبێ نەزمێکی دەروونی ناژی، ئەم نەزمەش لەمڕۆدا لەبەردەم مەترسیدایە و لەپاڵ درووشمە ئایدۆلۆژییەکانی وەك ئاسایشی نەتەوەیی و درووشمەکانی وەك ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی تەندروستی و هتتدا، دەتوانین باس لە ئاسایشی دەروونی-ش بکەین. ئەم ئاسایشە، لەوێوە کەوتووەتە بەر مەترسی کە مرۆڤەکان تووشی نامۆبوون هاتوون بەیەکتر. لە بازاڕدا بەر لەوەی درك بە نامۆیی کاڵایی بکەین، درك بە نامۆیی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکان دەکەین بەیەکتر. ڕێکخستن جۆرێك لیبیدۆ و ئابوریی دەروونی بۆ خەڵك دەگەڕێنێتەوە. هەر ڕێکخستنە بە مانا فراوانەکەی کە ئەم نامۆییە کەمدەکاتەوە و ناهێڵێت لە «شار»دا خانەیەکی مردوو بین. ڕێکخستن کە ئەکتێکی کەمتازۆر جەماوەرییە، و ئایدیایەك پێشەنگایەتیی دەکات، پەردە لەسەر ئەو ڕیاکارییەش هەڵدەداتەوە کە زۆرجار دەیبیستین: ئەوە بۆ سەرکردەیەك دیار نیە ڕزگارمانبکات؟ ڕێکخستن بە مانای فریادڕەسبوونی تاکەکەسێك نایەت، بەڵکو بە مانای گێڕانەوەی بەرپرسیارییە بۆ هەموان. لینین کاتی خۆی سەرکردە و ڕەمزی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو، بەڵام بەو مانایە نایەت فریادڕەسێکی غەیبی بوو. ئەو غەیبیی نەبوو، بەڵکو کەسێکی بەرپرسیار بوو کە پشوودرێژی و قوربانیدانی تێکەڵ بەیەکتر کردبوو. ئەمانەشی تێکەڵ بە ڕێکخستن کردبوو. لە سەردەمێکدا کە کات و شوێن گۆڕانێکی ڕێژەییان بەسەردا هاتووە، و سوبێکتی ڕاڕا درووستبووە؛ دیسپلین و ڕێکخستن تاچەند مومکینن؟ ئەم پرسیارە دەچێتە خانەی «پراکسیس»(فەلسەفەی پراکتیك)ــەوە و ناتوانین ڕۆمانسییانە تێی پەڕێنین و بیری لێ نەکەینەوە.

کاتێك لەپاڵ ئۆکتۆبەردا، ناوی لینین بە پلەی یەکەم دێت، ئەوە بەو مانایە نایەت کە شۆڕشەکە یەك کەس کردوویەتی، بەڵکو بەو مانایەیە کە تاکەکەس بەشێکە لە پرۆسەی مێژوو و پرۆسەی شۆڕش؛ بەڵام بە جیاوازییەکی تایبەتەوە: سەرکردە و تاکەکەس لە مێژووی شۆڕشدا، بەرپرسیارییەکی زۆرتر هەڵدەگرێت. ئەمە دەمانبات بەرەو کۆمەڵێك هاوکێشەی تریش. بۆنموونە: باری دەروونیی سەرکردە، تاچەند کاریگەریی لە ئاراستەکردنی شۆڕشدا هەیە؟ ڕەنگە بتوانین بڵێین، زۆرکەم. چونکە دەروون خۆی بەپێچەوانەی دەروونناسیی کلاسیکەوە، گەنجینەیەکی تاریك و داخراو و جەوهەری نیە لە مرۆڤدا، بەڵکو شتێکە بەرهەمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییە

و بونیادی خـۆی لـە دەرەوەی مرۆڤـەوە وەردەگرێـت. بـەم پێیـە، مـادام دەروون لـە دەرەوەیـە، ئـەوا سـەرکردە لـە شۆڕشـدا تێکـەڵ بـە تۆڕێـك لـە پەیوەنـدی و حیسـاب و کیتـابی تـر دەبێـت کـە لـە توانـای یـەك کـەس زیاتـرە. ناتوانـین ڕۆڵـی دەروون لـە سـەرەتاکانی خەباتـدا سـفربکەینەوە، بـەڵام ئـەم سـەرەتایە کەوڵـی خـۆی دەگۆڕێـت و وەردەگەڕێـت بـۆ بەرهەمهێنـانی کەسـایەتییەکی تـازە لـە سـەرکردەدا. بۆنموونـە دەوترێـت لینـین بەهـۆی کوشـتنی میخایـلی برایـەوە لەلایـەن قەیسـەرەوە وایکـردووە ببێتـە شۆڕشـگێڕ، بـەڵام ئەمـە وردکردنـەوەی زیاتـری دەوێـت. ڕەنگـە کوشـتنی میخایـلی بـرای بووبێتـە خاڵـی دەسـپێك و قرتـان لەگـەڵ ڕابـردوودا، بـەڵام ئـەم سـەرەتایە سـەرەتای کۆمەڵێـك هاوکێشـەی ئاڵـۆزی تـرە لـە دونیـای سیاسـەتدا کـە سـەرەتاکە جێدەهێڵێـت. پڕوپاگەنـدەی ئایدۆلۆژیـای باڵادەسـت جاروبـار سـەختیی هەلومـەرج کورتدەکاتـەوە بـۆ دەروونی یـەك کـەس، جـا ئـەو کەسـە لینـین بێـت یـان هـەر سـەرکردەیەکی تـری شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر. جـار هەیەچیرۆکەکـە دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە بوترێـت: لینـین بەهـۆی ئـەوەی لەمناڵیـدا درەنـگ پێـی گرتـووە، ئیـدی ئەمـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی ڕقێـکی تیـا درووسـت ببێـت بەرامبـەر بـە دونیـا و ئـەو زەبروزەنگـەی لـێ بکەوێتـەوە کـە دوای شـۆڕش ڕوودەدات!

لەلایـەکی تریشـەوە باسـکردن و بیرخسـتنەوەی ئۆکتۆبـەر، گوزارشـت نیـە لـە تۆتالیتاریـزم. بەتایبـەت ئەمـڕۆ کـە لـە جیهانێکـدا دەژیـن، سـتەم و تۆتالیتاریزمێـکی نـەرم و شـاراوەمان دەرخـوارد دەدات(جگـە لـەو سـتەمە ڕەقـەی کـە ژیـانی ملیۆنـان مرۆڤـی وێرانکـردووە). تۆتالیتاریزمەکـەی ئێسـتا بەسـەر زۆر شـتدا دابەشـبووە و ئـەو مەرکەزییەتـەی نەمـاوە کـە سـەدەی بیسـت هەیبـوو. لـە سـەدەی پێشـوودا، لـە هەرکـوێ تۆتالیتارمیزێـك هەبوایـە، هـاوکات جۆرێـك لـە بەرەنگاریـی درووسـتدەکرد. بـەڵام ئێسـتا سیسـتەمەکە لەپشـتەوە دەرگای هەڵهاتنـی کردۆتـەوە و مرۆڤـەکان لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆ دووردەخاتـەوە. بۆنموونـە ئێسـتا لـە کوردسـتان لەجیاتیـی ئـەوەی ڕووبـەڕووی تۆتالیتاریـزم ببینـەوە، هـەزاران گەنـج کوردسـتان جێدەهێڵـن. لێـرەوە ڕووبەڕووبوونـەوە دەگۆڕێـت بـۆ ڕۆیشـتن بـۆ نـاو دڵـی سـەرمایەداری و بـوون بـە دەسـتی کاری هـەرزان.

سـەرەنجام چـۆن لینـین و بەلشـەفیزم و شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر، بکەینـەوە بـە بیانوویـەك بـۆ پێدانـەوەی وزە و هیـوا بـۆ گەنجـانی کوردسـتان؟ سـەرەتاش وەك ناسـین و ئاشـنابوون. کاتی خـۆی مێجەرسـۆنی حاکمـی سیاسـیی سـلێمانی لەسـاڵی ١٩١٩دا، لـە بروسـکەیەکدا بـۆ ئارنۆڵـد ویڵسـنی حاکمـی گشـتی عێراقـی نـاردووە ، وتوویـەتی: بـۆ بەدبەختـی، لێـرە خەڵـکی خەریکـن لـە نـاو و بیروبـاوەڕی بەلشـەویك(حیزبی بەلشـەفیك) تـێ ئەگـەن[1]. لێـرەدا تـرس لـە ڕەشـەبای ئۆکتۆبـەر هەبـووە بـۆ سـەر سـلێمانیی ئـەوکات. لـە بەهـاری عەرەبییشـدا هەمـان ڕەشـەبا بـەرەو کوردسـتان هەڵیکـرد. ئـەم جارەیـان ڕەشـەباکە لـە ناوخۆدایـە و پێویسـتە دەسـتەواژەی «شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر» و «نـاوی لینـین» بگەیەنرێتـە هەمـوو گەنجێـکی کوردسـتان و لێـی تێبگـەن: تێگەیشـتن بـەو جـۆرەی کـە کـردار درووسـتدەکات. بـەو جـۆرەی جنێوەکانی لینـین خۆیـشی لـە ژیـانی سیاسـیی ڕۆژانەیـدا جۆرێـك بـوون لـە کـردار، لانیکـەم بەپێـی تیـۆری زمانەوانیـی «ئاسـتین» کـە هـەر ڕسـتەیەك بۆخـۆی ڕسـتەیەکی کردارییـە و قسـەکانمان ڕەهەندێـکی عەمەلییـان هەیـە.

---

١. شۆڕشی ئۆکتۆبەر و چارەنوسی چەند گەلێکی خۆرهەڵات، مەحمود ڕەزا ئەمین، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٢.

# کورتەیەک دەربارەی ئۆکتۆبەر و زەمینەی درووستبوونی

ڤیکرام ڕانا
لە ئینگلیزییەوە: ژیر دانا

فەیلەسوف و نوسەر و پیاوە مەزنەکان ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا هەبووە، بە تایبەت نوسینەکانی (لیۆ تۆڵستۆی، مەکسیم گۆرکی ، جۆرج پلیخانۆڤ و فیۆدۆر دۆستۆیفسکی و هتد)، کۆمەڵگەیان بە ئاستێکی هۆشیاریی نوێ و تایبەت گەیاندووە .

لەگەڵ ئەوانیشدا نوسینەکانی (کارل مارکس) جێگەیەکی ئێجگار گرنگی هەبووە ئەمەش لەدوای ئەوەی بە ئاشکرا ڕایدەگەیاند کە پێویستە گشت دەسەڵاتە سەرمایەدارەکان لەناوبرێن و تێکبشکێنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا چینەکانی جووتیار و کرێکار و چینە نزمەکانی تر کە لەپێناو گەل و نیشتیماندا زەحمەتیان دەکێشا ببن بە خاوەنی ڕاستەقینەی گشت کێڵگە و کارگەکان.

ئەم بیرۆکە و ئایدیا شۆڕشگێڕانەی مارکس لە هەردوو کتێبی (سەرمایە) و (مانیفێستی کۆمۆنیست) دا بە جوانی ڕەنگدەداتەوە، بەم شێوەیەش پەیامی خۆی بە کرێکاران ڕاگەیاندبوو: «کرێکارانی جیهانی یەکبگرن! ئێوە هیچ شتێکتان نەماوە لەدەستی بدەن جگە لە زنجیرەکانی دەستتان».

فەلسەفەی سۆسیالیستیی مارکس و بیرۆکە شۆڕشگێرییەکانی تری نوسەرە ناوبراوەکان کاریگەرییەکی ئێجگار قووڵی لەسەر خەڵکی ڕووسیا هەبوو هەر بۆیە بەڵێنیان دا کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری قەیسەری ڕووسیا لەناوببەن.

## جەنگی ڕووسیا ـ یابان:

جەنگی نێوان ڕووسیا و یابان کە لە ساڵی ١٩٠٤دا هەڵگیرسا، یەکێک بوو لەو تۆمەتانەی کە قەیسەری ئەوکاتی ڕووسیای پێ تۆمەتبارکرابوو چونکە لەو جەنگەدا ڕووسیا دووچاری شکست هات بەرامبەر گەلێکی بچووکی وەک یابان، و ڕووسیا لەدوای ئەم شکستە ناچاربوو لە ساڵی ١٩٠٥پەیمانی (پۆرتسماوث) مۆربکات. بەگوێرەی پەیماننامەکەش ڕووسیا ناچاربوو بەندەری (ئارثەر) و بەشێک لە دوورگەی (ساوڵن) بدات بە دەست یابانەوە ئەمەش خاڵی لاوازی دەسەڵاتی قەیسەری دەرخست هەربۆیە خەڵک گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە بە زووترین کات دەسەڵاتی قەیسەر لەناوببەن.

## داواکردنی سیستەمی حکومڕانیی دەستوری:

خەڵکی ڕووسیا بەبەردەوامی داوای سیستەمێکی حکومڕانیی دەستوریيان دەکرد بەڵام قەیسەر (نیکۆڵای دووەم) هیچ گوێی بەم داواکارییەی خەڵک نەدەدا. لە ساڵی ١٩٠٤ لەسەر داواکاریی (زێمستڤۆ)کان بانگهێشتی قەیسەر کرابوو تا بەشداربێت لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا و مافی دەربڕینی بیروڕای ئازادیان پێببەخشێت و ڕێگەیان بدات ڕێکخراو دامەزرێنن و کۆبوونەوە ئەنجامبدەن، بەڵام قەیسەر زۆر بەتوندی داواکارییەکەی ڕەتکردنەوە، هەر بۆیە ئەوانیش دەستیانکرد بە هاندانی کرێکاران تا ڕووبەڕووی قەیسەر بوەستنەوە و هێرشبکەن، ئەمەش کاردانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە لەناو خەڵک و قوتابییەکان هاواریان دەکرد و دەیان وت : ((بڕووخێ دیکتاتۆریەت))، ئەم وتەیەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خەڵک هەبوو کە هەستی شۆڕشگێڕیانەیان لە ناخدا ببزوێنێت.

## ڕۆڵی خانمی قەیسەر و ئەهریمەنی پیرۆز

خێزانی قەیسەر نیکۆڵا خانمە (ئەلێکسەندرا) ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە بەرپابوونی شۆڕشی ڕووسیادا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ (ڕاسپۆتین)دا هەیبوو، ڕاسپۆتین دزێکی تاوانبار بوو کە دوورخرابووەوە بۆ سیبریا بەڵام دوای ماوەیەک وەک قەشەیەک گەڕایەوە و توانی جێگەی خۆی لە کۆشکی قەیسەریدا بکاتەوە. ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاسپۆتین توانیبووی کوڕی قەیسەر چارەسەربکات کە بە دەست ئیفلیجیەوە دەیناڵاند، هەر بەم هۆیەشەوە بوو بە کەسێکی نزیک لە خانمی قەیسەر. ڕاسپۆتین بەردەوام هانی قەیسەری دەدا سزای کەسانی بێتاوان بدات و قەیسەریش بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بێتاوانیی کەسەکان بکات داواکارییەکانی ڕاسپۆتینی بەجێدەگەیاند. هەموو ئەمانەش دەگەڕانەوە بۆ ئەو هاندانە بەردەوامانەی کە خانمە (ئەلێکساندرا) هەیبوو لەسەر قەیسەر، ئەمەش خەڵکی زۆر تووڕەکرد لە ڕاسپۆتین و خانمە (ئەلێکساندرا) هەتا ئەو ڕادەیەی کە نازناوی (ئەهریمەنی پیرۆز)یان بۆ ڕاسپۆتین بەکاردەهێنا.

## ڕۆژی «یەکشەممەی خوێناوی»

دوای چەوساندنەوەیەکی زۆر و درووستبوونی نەهامەتی بۆ سەر خەڵک لەلایەن قەیسەرەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران کۆبوونەوە و بە ڕابەرایەتیی قەشە (گاپۆن) ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا بۆ بەردەم کۆشکی شاهانە لە ڕۆژی ١٩٠٥/١/٢٢ بە مەبەستی پێشکەشکردنی سکاڵانامەیەک بۆ خودی قەیسەر، بەڵام سەربازەکانی قەیسەر ڕێگەیان بە چوونەژوورەوەی کرێکارەکان نەدا و دواتریش بە فەرمانی قەیسەر سەربازەکان کرێکارەکانیان گولەباران کرد. لەو ڕۆژەدا سەربازەکان زۆر بێڕەحمانە کرێکارە بێتاوانەکانیان خستە ژێر دەستڕێژی گوللەوە و چەندین کەس لەو ڕۆژەدا گیانیان سپارد هەر بۆیە ئەو ڕۆژە بە (یەکشەممەی خوێناوی) ناودەبرێت. دوای ڕووداوەکەش لە سەرانسەری وڵاتدا کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە و چەندین هێرشی مەترسیدار ئەنجامدرا و سوپاش کەوتە دۆخی مەترسیدارەوە، لە دیارترین ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەش کوشتنی (دیوک سێرخۆس)ی ئامۆزای قەیسەر بوو.

## کاریگەرییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم

جەنگی جیهانیی یەکەم ڕێگای شۆڕشی لەبەردەم خەڵکی ڕووسیادا خۆشترکرد، خەڵک هەر لە سەرەتاوە دژی بەشداریکردنی وڵاتەکەیان بوون لە جەنگدا، دوای بەشداریکردن و ڕەچاونەکردنی ڕای خەڵک، ڕووسیا لەسەر دەستی ئەڵمانیا تووشی شکست هات، ڕوودانی هەموو ئەم ڕووداوانە لەم خاڵەدا چەندین مەترسیی درووستکرد و قەیرانی خۆراک دەستی پێکرد و خەڵکی زیاتر زەحمەتیان دەکێشا، هەر لەم کاتەشدا شۆڕشگێڕان هەستان بە کوشتنی ڕاسپۆتین.
دواتریش جووتیارانیش هاتنە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە و کرێکارانیش بە هەمان شێوە و سەربازەکان وردەوردە سوپایان جێدەهیشت و ڕووسیا خەریک بوو گوێبیستی بەرەوپێشچوون و هەنگاوهەڵهێنانی شۆڕش دەبوو.

## ڕۆڵی لینین

(فلادیمێر لینین) وەک پێشڕەو و ئەندازیاری شۆڕشی ڕووسیا بەدەرکەوت و ڕێکخراوی (بەلشەفیک)ی دامەزراند کە تیایدا کرێکاران دەبوون بە ئەندام و چالاکییان لە دژی دەسەڵاتی قەیسەر ئەنجامدەدا، ئەمەش بووە هۆی بێزارکردنی دەسەڵات، و سەپاندنی سزای دوورخستنەوەی لینین دەرکرا بۆ سیبیریا بەڵام لینین ڕوویکردە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی (بەلشەفیک) بەزیندوویی هێشتەوە. لەو کاتەدا برسێتی و قاتوقڕی ڕوویکردبووە شاری (پێترۆگراد)، لە بەرواری ١٩١٧/٣/٨ لە هۆڵی (ئەلێکساندەر) شانۆیەک نمایشدەکرا کە ئامادەبووانەکەی بریتیبوون لە چینی سەرمایەدار و باڵای ئەوکاتەی ڕووسیا، لەلایەکی تری هۆڵەکەوە نانەواییەکی بچووک هەبوو کە خەڵک سەرەیان بەستبوو بۆ کڕینی نان، لەناو ئەو خەڵکانەشدا پیرەژنێک هەبوو کە لە ڕیزەکەدا وەستابوو چاوەڕێی وەرگرتنی نانی دەکرد تا زوو بیگەیەنێتە دەست هاوسەرە ماندووەکەی. ئەو ئێوارەیە کە خەڵکی وەڕس ببوون لە چاوەڕوانی، دەستیانکردە هاوارکردن و درووشمێکیان دەوتەوە، درووشمەکەش بریتیبوو لە(ئاشتی و نان و ئازادی!). هەر لەو کاتەشدا لینین بەو شوێنەدا تێپەڕی و کە سەرنجی خەڵکەکەی دا و گوێی لە درووشمەکەیان بوو لێیان نزیک بووەوە و هانی خەڵکەکەی دا ئاراستەی نارەزاییەکانیان بۆ قەیسەر دەرببڕن. هەر لەو ساتەدا شۆڕشی ڕووسیا دەستی پێکرد. کاتێک شۆڕشگێڕان بەڕێکەوتن بەرە و هۆڵی نمایشی شانۆگەرییەکە قەیسەر فەرمانیدا تەقەیان لێبکرێت و ڕێگەیان لێ بگیرێت بەڵام لەجێی بەجێهێنانی فەرمانەکانی قەیسەر سەربازەکانیش چوونە ڕیزی کرێکاران، ئەم ڕێژە زۆرەش لە کرێکاران ڕاستەوخۆ بەڕێکەوتن بەرەو کۆشکی شاهانە و لە بەرواری ١٩١٧/٣/١٥ قەیسەر (نیکۆلای دووەم) تەختەکەی خۆی جێهێشت و فەرمانڕەوایەتیی قەیسەری لە ڕووسیا بە یەکجاری کۆتایی هات. لەدوای ڕووخانی قەیسەر حکومەتێکی کاتیی نوێ پێکهات بە سەرکردایەتیی (کیرنسکی) بەڵام نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی ڕابگرێت، هەتا لە بەرواری ١٩١٧/١٠/١٧حکومەتێکی نوێ درووستبوو بە سەرکردایەتیی لینین، ئەم شۆڕشەش لە مانگی ئۆکتۆبەردا بەرپابوو هەربۆیە لە مێژوودا بە «شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن» ناوزەد دەکرێت .

## کاریگەرییەکان

کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر درێژخایەن بوون، وەک زۆرینەی شۆڕشەکانی تر بەڵام جیاوازییەکە ئەوە بوو ئەم شۆڕشە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە چەرخی مێژوودا درووستکرد. یەکەم شت کۆتاییهێنان بوو بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی قەیسەر و کۆمەڵگایەکی دامەزراوەی سۆسیالیستیی پێکهێنا، و ڕێبازی مارکس بوو بە ڕێبازی سەرەکی و پەیڕەوی ڕووسیا. مارکسیزم لە تەواوی جومگەکانی دەستوور و یاسادا ڕەنگی دەدایەوە و ڕووسیا بە فەرمی بوو بە وڵاتێکی دەستووری . دووەم شت گۆڕانکارییە ئابورییە گەورەکان بوو کە لە ڕووسیا دەهاتە بەرچاو هەر بۆ نموونە سیستەمی سەرمایەداری کۆتایی هات لە دوای شۆڕش، و ململانێی ساماندارەکانیش بۆ زیادکردن و داهاتەکانیان بە هەمان شێوە کۆتایی هات، تەواوی کێڵگە و کان و کارگەکان بوون بە موڵکی کۆمەڵگە، و « سەندیکای جووتیاران « دامەزرا لەپێناو مامەڵەکردن بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە لە جێی ئاغا و خاوەن زەوییەکان. سێیەم شت پەیڕەوکردنی ڕێبازی کۆمۆنیزم بوو کە شێوازی کارکردن لەسەر بنەمای «هەموو کەس بەپێی توانای خۆی کاربکات و هەموو کەس بە گوێرەی پێداویستی خۆی وەربگرێت»، ئەم جۆرە پەیڕەوەش لە ڕووسیادا ڕەنگدانەوەی بەردەوامی هەبوو. چوارەم شت ناوی وڵاتەکە لە ڕووسیاوە گۆڕدرا بۆ (یەکێتیی سۆسیالیستی و کۆماری سۆڤیەت). کۆتا شتیش وڵاتەکە بوو بە یەکێک لە بەهێزترین وڵاتانی جیهان بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی ستالیندا و لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕووی ئابوری و سەربازییشەوە گەشەیەکی بەرچاوی کردبوو و زۆرینەی وڵاتانی دەوروبەریشی خستبووە ژێر ڕێبازی کۆمۆنیزمەوە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەرییەکی بەرچاو و درێژخایەنی هەبوو هەر لە ڕووخانی دەسەڵاتی قەیسەرەوە تا درووستکردنی ئەو وڵاتە زلهێز و یەکگرتووەی لەژێر دەستی لینین و ستالیندا درووستبوو، تەنانەت لە جەنگی ناوخۆی چیندا ئەم شۆڕشە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی هەبوو.

**سەرچاوە:**

http://www.historydiscussion.net/history/history-of-russia/role-of-philosophers-and-writers-in-russian-revolution/1891

# لەنێوان دوو ئۆکتۆبەردا

ناجی ئەفراسیاو

لینین هەمیشە دەیوت شۆڕش جەژنی چەوساوەکانە. بەم پێوەرە بێت شۆڕشی ئۆکتۆبەر جەژنی کرێکاران و جووتیاران و سەربازەکانی ڕووسیا بوو. ئۆکتۆبەر دەلالەت لە زەمەنێکی دیاریکراو دەکات کە ساڵانە دووبارەدەبێتەوە، بەڵام هەموو زەمەنێک سیاقێکی مێژوویی خۆیی هەیە، هەر کات و زەمەنێک لە شوێنێکی دیاریکراودا گوزارشت لە هەلومەرجی سوبێکتیڤ و ئۆبێکتیڤی ئەو ساتە وەختە دەکات، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئۆکتۆبەری ڕووسیا کات و شوێنێکی پێناسەکراوە. چیتر سەدەی بیست سەدەی ئۆکتۆبەرە، ئەگەر کۆمۆنەی پاریس دەروازەی شۆڕشی چەوساوەکان بووبێت ئەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا مەشخەڵی هیوای هەموو ئەو چین و توێژ و میللەتە ستەمدیدانە بوو کە بەدرێژایی مێژوو بەشخوراو و ژێردەستە بوون، ئەوانەی سەد ساڵ پێش ئێستا شۆڕشی ئۆکتۆبەریان بەرپاکرد بەئومێدبوون ئامانجەکانی شۆڕش لە سەرانسەری جیهاندا بێتەدی. بەڵام ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی سەدەیەك نە کار بە پرەنسییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکرێت نە لە هیچ شوێنێکی دونیادا کارێکی ئەوتۆ بۆ گەڕانەوەی ئۆکتۆبەر دەکرێت. لەسەروبەندی شۆڕشدا لینین ڕەشبینیی خۆی بەرامبەر ڕەوڕەوەی مێژوو پیشاندا، چونکە پێی وابوو بەردەوام لەپێناو دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی موستەعمەرە و ناوچە ژێردەستەکانی سەرمایەدارییدا جەنگ بەرپادەکرێت. بۆیە ئیمپریالیزم لە قۆناغی سەرمایەداریی دواییندا سەرنجی پرۆلیتاریا و چینی چەوساوەی بەلای شتێکی تردا ڕاکێشا؛ داگیرکاری و بەتاڵانبردنی سامانی وڵاتانی تر، ئاوارەبوون و دەربەدەرکردنی ملیۆنان کەس لە سەدەی بیستدا بەهۆی جەنگە بەردەوامەکانەوە کە تاکو ئێستاش (سەدەی بیست و یەك) درێژەی هەیە، واتا چیتر ململانێکە بەتەنها لە نێوان سەرمایەدار و کرێکاردا نییە بەڵکو لەنێوان وڵاتانی زلهێز و ژێردەستە، وڵاتانی پاشکۆ و سەنتەر، لەنێوخۆی هەموو وڵاتانی جیهانیشدا ململانێی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە خەستتر بووەتەوە، بەهەژارخستن، بێکاری، کوشتنی بەکۆمەڵ، هەموو ئەمانەش بەهۆی باڵادەستیی کەمینەیەك بازرگانیی سیاسی بەسەر زۆرینەوە. لەم بارەوە لینین بۆ پێشەکیی چاپی فەرەنسی و ئەڵمانیی کتێبی «ئیمپریالیزم، باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری» دەنووسێت: «ئەگەر مرۆ درك بە ڕەگ و ڕیشە

ئابورییەکانی ئەم دیاردەیە نەکات. ئەگەر خەملاندن بۆ بایەخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی نەکات، ئەوا ناتوانێت هیچ هەنگاوێك بهاوێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە پراکتیکیانەی ڕووبەڕووی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی داهاتوو دەبێتەوە. ئیمپریالیزم لە سەروبەندی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریادایە. ئەوەش لەسەر ئاستی جیهانی لە ساڵی ١٩١٧وە سەلمێنراوە«.

گەڕانەوە بۆ ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بەتەنها گەڕانەوەیەك نییە بۆ مێژوو، بەڵکو پەیوەستبوونە بە قوتابخانەیەکی مەزنی خەباتەوە لەپێناو بەختەوەریی مرۆیی، لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر خولانەوەیەکی خێرا بەسەر ڕەوڕەوەی ژیانی مرۆییدا دێت، بەڵکو سەردەمێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤدا هەڵدەکۆڵێت، چیتر گۆی زەوی دەبێت بە دوو بەشەوە؛ کۆمەڵگای سەرمایەداری و کۆمەڵگای سۆسیالیستی. دەسەڵاتی سۆڤێتەکان تەنها چارەسەری کێشەی زەوی و زار و کارگەکانیان نەکرد، بەڵکو خەباتیان کرد لەپێناو بەرقەراربوونی ئاشتی و کۆتاییهێنان بە جەنگ و ڕزگارکردنی میللەت و نەتەوە ژێردەستەکان و پێدانی مافی چارەی خۆنوسین. ئەم شۆڕشە هانی هەموو کەسێکی دەدا کتێبەکەی جۆن ڕید[1] «ئەو دە ڕۆژەی جیهانی هەژاند» بخوێنێتەوە. جۆن ڕید پێی وابوو لینین سەرکردەیەکی دانسقە بووە کە لەڕێگەی فیکر و تیژبینییەوە شیکارییەکی قووڵی بۆ پرسەکان دەکرد. زۆرجار لەلایەن یار و نەیاری کۆمۆنیزمەوە (ئەوانەی لەڕوانگەیەکی میکانیکییەوە سەیری سرووشت و مێژووی مرۆڤ دەکەن)، ڕەخنە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگیرێت گوایە شۆڕشێکی سۆسیالیستی نەبووە یاخود دژ بە بنەماکانی مارکسیزم بووە، لە سەردەمی لینین و تاکو ئێستاش لەسەر ئەو بۆچوونەن کە بەگەڕانەوە بۆ مارکس دەبێت پیشەسازیی سەرمایەداری بەتەواوی پێشبکەوێت و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بگات بە دوا ئاستی خۆی ئینجا چینی پرۆلیتاریا شۆڕش بەسەر چینی بۆرژوازیدا بکات و کۆمەڵگای سۆسیالیستی بخاتە جێگای سەرمایەداری. ئەوان دەڵێن دەبوایە لینین چاوەڕێی بکردایە تاکو کۆمەڵگای ڕووسی هاوشێوەی کۆمەڵگای پیشەسازیی پێشکەوتوو لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا پێشدەکەوت، بەڵام هیچ کام لەو سێ وڵاتە کە لەسەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا پێشکەوتوترین وڵاتی پیشەسازی بوون و تەواوی بنەماکانی مارکسیزم تیایاندا بەرجەستەببوو هیچ شۆڕشێکی سۆسیالیستی تیایاندا بەرپا نەکرا، ئەمڕۆ پاش سەد ساڵ لەو شۆڕشە لە هیچکام لە وڵاتانی جیهان کە بە قۆناغی سەرمایەداریی دواییندا تێپەڕ دەبێن ئاسۆیەك بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی بەدی ناکرێت، لەکاتێکدا لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتاندا، سەرمایەداری گەیشتووە بە دوایین ئاستەکانی خۆی، ئامێر و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەوپەڕی پێشکەوتندان، قۆرخکاری و ئیستغلالکردنی چینی کرێکار گەیشتووە بە ترۆپك، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئانوساتی شۆڕش پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی دیاری دەکات یان بەرزبوونەوەی ئاگایی چینایەتی؟ ئەوە حیزبی بەلشەفیك بوو کە بە سەرکردایەتیی لینین لەڕێگەی ڕێکخستن و دروستکردنی شورا و سۆڤێتەکان لە نێوان سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگادا ئاستی هۆشیاری و ئاگایی چینایەتی بەڕادەیەك بەرزکردەوە، خۆیان بڕیار لە ساتەوەختی شۆڕش بدەن نەك چاوەڕوانی ئەوە بن ئامێرە پیشەسازییەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان پێشبکەون،

**١- جۆن ڕید(١٨٨٧-١٩٢٠)، یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکی.**

بەڵام لینین بە گەڕانەوە بۆ خودی مارکس ململانێی چینایەتیی بەستەوە بە خودی مرۆڤ خۆیەوە کە بەدرێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی دوو چین هەبوون: چەوسێنەر و چەوساوە. تێگەیشتن لەجۆری ململانێ و چەوساندنەوە و درککردن بە هەبوونی ئایدیای ڕزگاری هانی سوبێکتی مرۆیی دەدات خەبات لەپێناوی ڕزگارییدا بکات، نەك ئەوەی چەند کەس کرێ وەردەگرێت و کرێکەی چەندە، ئەمڕۆ بە چەندین شێواز خەڵك زیاتر و زیاتر دەچەوسێنەوە، نایەکسانی و ناعەدالەتی لەوپەڕی ئاستدایە، بەڵام غیابی حیزبێکی شۆڕشگێڕ و پێشەنگ بووەتە هۆی پەرتەوازەیی دەنگە ناڕازییەکان و تووڕەیی جەماوەری بەشخوراو و چەوساوە، ئاهـ و ناڵەی بەشمەینەت و دەربەدەر و ئاوارەکانی جەنگ بە تونێلێکی تاریکدا دەڕۆن. لینین پێی وابوو باڵادەستیی مۆنۆپۆلی سیما و تایبەتمەندییەکی ئیمپریالیزمە، ئەمەی دواییش لەڕێگەی چەپکێك مۆنۆپۆلیستەوە ئیستغلالکردن و چەوساندنەوەی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشەکان خەستتر دەکاتەوە. هەلومەرجی کۆمەڵگای ڕووسیا لەو سەردەمەدا ڕێگەی خۆشکرد بۆ سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی-ئیمپریالیستی، بەتەنیشت ئابوریی کاڵایی و بازرگانیی سادە و بچوکەوە. هێشتا پاشماوەی دەرەبەگایەتی بەهێز بوو بۆیە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر ئابووریی وڵات هەبوو، هێزە بەرهەمهێنەرەکانی لەکارخستبوو، بەو هۆیەشەوە ئابوریی ڕووسیا زۆر لەدوای وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتووەوە بوو. دیسپۆتیزمی قەیسەر و زوڵمی سەرمایەدارەکان و ستەمی دەرەبەگەکان ململانێی چینایەتی چڕتر و توندترکردەوە، کە بووە هۆی ئەوەی جەماوەری بەشخوراو دەستبدەنە خەباتی سیاسی. دواجاریش چینی کرێکار تێگەیشت کە بەبێ هاوپەیمانێتییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ جووتیاراندا ناتوانن قەیسەرییەت برووخێنن.

جیاوازیی سەرەکیی ئەم شۆڕشەش لەگەڵ شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانی پێش خۆیدا ئەوە بوو دەسەڵاتی گواستەوە بۆ گەل کە خۆی لە چینی پرۆلیتاریا و توێژی جووتیارە زەحمەتکێشەکاندا دەبینییەوە. لەڕاستیدا ئامانجی شۆڕش لەلای لینین زیاتر پەیوەست بوو بە بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ چینی چەوساوە. نەك چاوەڕوانیی حەتمییەتی مێژوویی، لەمبارەوە سەمیر ئەمین دەڵێت ئەگەر بڕواشمان بە حەتمییەتی مێژوویی هەبێت ئەوا دیسان هەر دەبێت خەباتی بێوچان بکەین تاکو بەزووترین کات هەسارەکە لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار بکەین و بەشی ژیانی تیادا بمێنێت.

مارکس و ئەنگڵس، وەك دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی جەختیان لەوە دەکردەوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا قۆناغی سەرمایەداری، دوایین ڕژێمی قۆرخکاری و چەوساندنەوەیە، بۆیە سۆسیالیزم دەبێتە بەدیلێکی شۆڕشگێڕی بۆ گواستنەوە بەرەو پلەیەکی باڵاتر لە ژیانی مرۆڤایەتیدا کە ئەویش: کۆمۆنیزمە. بەڵام دەبێت ئەوەش بەبیربهێنینەوە کە مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیستیدا ڕایانگەیاند: «ئەزموونی بونیادنانی کۆمۆنیزم جارێك یان دووجار یان ڕەنگە زیاتریش شکست بهێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەر سەردەکەوێت»[٢].

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بریتی بوو لە ڕۆڵی بەرچاوی ئافرەتان لەو شۆڕشەدا، لەوبارەوە (ماری دیڤس) ناونیشانی کتێبەکەی (جین ماکدرمید و آنا هیلاری)

---

٢- الحوار المتمدن-العدد: ٥٦٦٢ - ٢٠١٧ / ١٠ / ٧ المحور: ملف الذكرى المئوية لانطلاق ثورة أكتوبر الاشتراكية في روسيا.

ئیقتیباسـدەکات و ئافرەتـان بـە «مامانـەکانی شـۆڕش» ناودەهێنێـت چونکـە لـە سـەروبەندی لەدایکبـوونی شۆڕشـدا ئامادەبـوون و لـە قۆناغـەکانی کۆتاییـی شۆڕشـدا ڕۆڵێـکی یەکلاکەرەوەیـان هەبـووە، هـەروەك چـۆن لـە مـاوەی جەنگـی ناوخۆییـدا (١٩١٩-١٩٢٠) بەرگرییـان لـە دەسـتکەوتەکانی شـۆڕش کـرد.

لینـین بـەردەوام جەختـی لەسـەر یەکگرتنـی چینـی کرێـکار و جووتیـاران دەکـردەوە، چونکـە پێـی وابـوو تاکـو سـۆڵیدارێتیی لەنێـوان ئـەم دوو چینـە چەوسـاوە و بەشـمەینەتەدا بەدینەیـەت ئـەوا هیـچ کات ناتوانرێـت قەیسـەرییەت بڕووخێنرێـت، بۆیـە دواجـار هـەر بەهـۆی یەکگرتنـی بەشخوراوانەوە دەسـەڵات کەوتـە دەسـتی سـۆڤێت و شـوراکان، درووشـمی دیـاری شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر بریتـی بـوو لـە «دەسـەڵات بـۆ سـۆڤێتەکان» واتـا ئەنجوومـەن و شـورای کرێـکاران و جووتیـاران و سـەربازەکان. لەوبـارەوە (Beryl Williams)ی مێژوونـووس دەنووسـێت: «چیـتر جەمـاوەر چارەسـەری کێشـەکانی لـە سـۆڤێتەکاندا دەبینییـەوە نـەك لـە بەرنامـەی حیزبـەکان و ئەنجومـەنی دامەزرێنەرانـدا». ئەمـڕۆ زیـاد لـە هەمـوو کات پێویسـتە توێـژە جیـاوازەکانی خەڵـکی کـورد و گـەلانی تـری ناوچەکـە هاوپشـتی یەکـتر بکـەن و بەرەیـەکی یەکگرتـوو بـۆ تێکشـکاندنی و ڕاماڵینـی دەسـەڵاتی ئۆلیگارشـیی کوردسـتان و پلانـە چەپەڵـەکانی داگیرکـەران و ئیمپریالیـزم پێکبهێنـن.

پـاش تێگەیشـتن لـە دۆخـی تایبـەتی کۆمەڵـگای ڕووسی، لـە بەرەبەیـانی ٢٥ی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩١٧دا بەلشـەفییەکان بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوە و ڕووخانـدنی حکومـەتی بۆرژوازیـی کاتی (حکومـەتی کێرنسـکی)یان ڕاگەیانـد. هەروەهـا دەسـەڵات لـە دەوڵەتـەوە گوازرایـەوە بـۆ دەسـتەی سـۆڤێت، نوێنـەرانی کرێـکاران و جووتیـاران و سـەربازان[٣]. دواتـر لـە شـەودا کۆنگـرەی سـۆڤێتەکان بەسـترا و چەنـد مەرسـومێکی گرنگیـان دەرکـرد لەوانـە: هەڵوەشـاندنەوەی خاوەندارێتیـی زەوی و زار لەلایـەن خـاوەن موڵکـەکان و سـەرمایەدارەکان و بنەماڵـەی قەیسـەرەوە، بەشـێوەیەك بخرێتـە ژێـر ڕکێفـی لیژنـە شـتوکاڵییەکان و سـۆڤێتی نوێنـەرانی کرێکارانـەوە. هەروەهـا دانـانی پـڕۆژەی سیسـتەمی چاودێریـی کرێـکاران لەسـەر بەرهەمهێنـان. هەروەهـا چەنـد مەرسـومێکی تـر دەربـارەی خۆماڵیـکردنی بانکـەکان و خواردەمـەنی و سـامانی سرووشـتی و هێڵـەکانی شـەمەندەفەر دەرکـران. لینـین لـە ٥ی نۆڤەمبـەری ١٩١٧ بانگەوازێـکی ئاراسـتەی دانیشـتوان کـرد و وتی: هاوڕێیـانی کرێـکاران و سـەربازەکان و جووتیـاران، هەمـوو پرۆلیتاریـا، تـەواوی دەسـەڵات لـە چوارچێـوەی سـۆڤێتدا وەرگـرن. چیـتر زەوی و دانەوێڵـە و کارگـە و شـتومەك و ئازووقـە و هۆیـەکانی گواسـتنەوە موڵـکی هەمووتانـە، موڵـکی تـەواوی گەلـە...

لینـین ئامـاژەی بەوەکـرد کـە سـەرمایەداری لـە سـەدەی بیسـت بـەدواوە پێدەنێتـە قۆناغێـکی تـرەوە ئەویـش قۆناغـی مۆنۆپۆلییـە، واتـا گواسـتنەوە لـە سیسـتەمی بـازاڕی ئـازاد و ڕکابەرێتییـەوە بـۆ قۆناغـی مۆنۆپـۆلی و چڕبوونـەوەی سـەرمایە و بەرهەمهێنـان لـە دەسـتی تاقمێکـدا، ئەمـڕۆ لـە کوردسـتان ئـەوە بـەڕوونی دەبینرێـت و دەبیسـترێت، گرووپـی کۆمپانیـاکانی X بـۆ بازرگانیـی نـەوت، یـان گرووپـی کۆمپانیـانی Y بـۆ بازرگانیـی دەرمـان... هتـد[٤]. هەمـوو شـتێك لەلایـەن دوو گـرووپ و چەنـد کۆمپانیایـەکی حیزبییـەوە قۆرخکـراوە؛ هاوردەکـردنی دەرمـان، هەناردەکـردنی نـەوت، تەنانـەت

---

٣- سەرچاوە: لینین – المختارات في ١٠ مجلّدات – المجلّد: ٧ ص: ٣٨٢ طبع دار التقدّم – موسکو. http://ujml.over-blog.com/revoc

٤- ناونەهێنانی کۆمپانیاکان دوو هۆکاری هەیە، یەکەم؛ تاکو ئەم نووسین و ڕەخنانە لە ململانێی حیزبیدا بەکارنەهێنرێت یاخود بە لایەنگیری لایەنێکی سیاسی هەژمار نەکرێین. دووەم؛ تاکو بیانوویەك بە دەسەڵاتی ئۆلیگارشیی کوردی نەدەین سزامان بدەن. ئەگەرچی هەمیشە لێدان لە بەرژەوەندیی ئابووریی مافیاکان باجی خۆی هەبووە.

هاوردەکـردنی ئـاژەڵ و بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکانیش. بازرگانـە سیاسـییەکان مۆنۆپـۆلی بچوکتریـن جووڵـەی بازگانییـان کـردووە و بەروبـووم و سـامانی ئـەم وڵاتـە لەنێـوان ئەندامـانی مەکتـەب سیاسـیی دوو حیـزب و بنەماڵـەی باڵادەسـتدا دابەشـکراوە.

ئەمـڕۆ کـە یـادی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر دەکەینـەوە کوردسـتانی عێـراق بـە ئۆکتۆبەرێـکی ڕەشـدا تێپەڕدەبێـت، هەرێمـی کوردسـتان کـە سـاڵانێکە لەلایـەن دەسـتەیەك بزنسـمانەوە بەڕێوەدەبرێـت، بـەردەوام بەنـاوی سـەربەخۆیی نەتەوەییـەوە فرتوفێـڵ لـە دانیشـتوانەکەی دەکرێـت، گوایـا دەسـەڵاتی لۆکاڵـی لەپێنـاو کوردسـتانێکی سـەربەخۆدا خەبـات دەکات، بـەڵام هـەر ئـەو تاقمـە جارێـك دەبنـە کۆمپـرادۆری کۆمپانیـا نـەوتی و فرەڕەگـەزەکان، جارێـك دەبنـە شـەریکی تایەفـە مەزهەبییـەکان و جارێکیـش دەبنـە هاوپەیمـانی ئـەو زلهێـز و داگیرکەرانـەی بەدرێژاییـی مێـژوو خەریـکی گۆڕینـەوەی موسـتەعمەرەکان بـوون لەگـەڵ یەکـتردا. دەسـەڵاتی ئۆلیگارشـیی کوردیـی هیـچ کات خەمـی نـەداری و چەوسـانەوەی میللەتەکـەی نەخـواردووە، ئـەوەی هەیـە بازرگانییـە بـە عاتیفـە و هەسـتی کوردایەتیـی نەتەوەیـەك کـە پـتر لـە سـەدەیەکە بووەتـە گۆڕەپـانی ململانێـی ئیمپراتۆرییەتـە زۆردارەکان. بەشـێوەیەك ئەنجامـدانی گشـتپرسی لەبـری ئـەوەی بـۆ سـەربەخۆیی نەتەوەیـەکی ژێردەسـتە بێـت، بـۆ شـەرعییەتدان بـوو بـەم تاقمـە قۆرخـکارەی سـامانی مرۆیـی و سرووشـتیی ئـەم نیشـتیمانەیان هەڕاجکـردووە، ڕیفرانـدۆم جێـگای هەڵبـژاردنی گرتـەوە و ڕەنگـە پاسـاوێکیش بێـت بـۆ ئـەوەی جەنـگ لەنێـوان گـەلانی ئـەم ناوچـەدا بەرپـا بکرێـت و دووبـارە ناوچـەکان بەسـەر زلهێزەکانـدا دابەشـبکرێنەوە. دواجـار ئـەوەی بـۆ چینـی چەوسـاوە گرنگـە ئـەو گـوزارەی لینـین لەبیرنەکـەن، تاکـو چینایـەتی بمێنێـت تەنهـا فۆرمـی ململانێـکان دەگۆڕێـن، بۆیـە پێویسـتە چیـتر خەڵـك لەژێـر هیـچ پاسـاو و درووشـمێکی بریقـەداری ئـەم چەپکـە دەسـەڵاتدارە مۆنۆپۆلیسـتەدا ئاگـردانی شـەڕی مەزهـەبی و نەتەوەیـی خـۆش نـەکات و نەبێتـە دارەدەسـتی ئـەو بازرگانانـەی خیانـەت لـە نیشـتیمان دەکـەن..

مەسـەلەکە بـەلای ئینسـانی چەپیشـەوە بریتییـە لـە بەرگریکـردن لـە نیشـتیمان و هەمـوو ئەوانـەی دەچەوسـێنرێنەوە، مـادام ئۆکتۆبـەری کوردسـتان هیـچ ئاماژەیـەکی دڵخۆشـکەر لەخۆناگرێـت، پێویسـتە بێهیـوا نەبـین لـەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی تـاکی چەوسـاوەی کـورد بەرزتربێتـەوە، بـەو ئومێـدەی چارەنـووسی گـەلان بکەوێتـەوە دەسـت گـەلانی ناوچەکـە خۆیـان، نـەك داگیرکـەر و دەڵاڵەکانیـان...

# ماناکانی لینین لە باشوری کوردستان

زەردەشت نورەدین

**سەرنجێک**

**ئـەم نوسـینەی خـوارەوە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەیە کـە بـە شـێوەی جۆراوجـۆر و بـە دەربڕینـی جیـاواز، چەندیـن هـاوڕێ بەنامـە و هەنـدێ جاریـش ڕووبـەڕوو پرسـیویانە و لەکاتـی خۆیـدا دەرفـەت نەبـووە وەڵامـی بدەمـەوە؛ لێـرەدا هەنـدێ لـە پرسـیارەکانیانم تێهەڵکێشـکردوە و دامڕشـتوونەتەوە و بـە کورتـی وەڵامـم داونەتـەوە.**

**پرسـیار: بـا بـەر لـە هەمـوو شـت لـەوەوە دەسـتپێبکەین؛ ڕایەکـی زاڵ هـەم لەنـاو نوخبـە و هـەم لە نـاو خەڵکـدا هەیـە کـە جەخـت لـەوە دەکاتـەوە «شۆڕشـەکان جگـە لـە کوشـتن و بڕیـن و خوێنڕشـتن هیچـی تـر نیـن»، لـەم سـۆنگەیەوە ئەگـەر لـە لینیـن بڕوانیـن کـە شۆڕشـگێرە و ڕێبەرایەتیـی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری کـردووە ئـەوا نابێـت دەربـارەی بدوێیـن!**

وەڵام: ئـەو ڕایـە بـەر لـە هەمـوو شـت لـە هەژاریـی تیـۆری و جەهلـی مێژوویی لەمـەڕ شۆڕشـەکانەوە سـەرچاوەدەگرێت. پاشـان هەڵگـری ناواخنێکـی عیرفانـی و مەسـیحییانەیە. ئـەوەی کەمێـک دەربـارەی دەسـتکەوتەکانی شۆڕشـی بۆرژوا-دیموکراتیکـی سـاڵی ١٧٨٩ـی فەڕەنسـا بزانێـت هەرگیـز زاتـی ئـەوە نـاکات بڵێـت «شۆڕشـەکان جگـە لـە کوشـتن و بڕیـن و خوێنڕشـتن هیچـی تـر نیـن». لەبەرئـەوەی لـە بەرچاوتریـن ئاسـتدا ئـەو دیموکراسییە مۆدێرنـەی کـە نوخبـەی ڕۆشـنبیر داکۆکیـی لێدەکات و دەسـەڵاتی

جیهانی لافی پێوە لێدەدات دەستکەوتی ئەو شۆڕشەیە و چەندان دەستکەوتی تری هەیە کە لێرەدا نایەتەباس. لەو شۆڕشەش گرنگتر شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیایە کە کاریگەریی تەواو لەسەر خەباتی سەندیکای کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، مافی کەمینەکان و «دەوڵەتی خۆشگوزەران»ی ئەوروپا دادەنێت و لە دەرەنجامدا ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتردەبێت و هاوکات دەوڵەتەکانی ئەوروپا، بۆئەوەی شۆڕش ڕوونەدات یەکسەر دەستدەکەن بە ڕیفۆرمی ڕاستەقینە و ژیانێکی باشتر بۆ خەڵک دێتەئاراوە. بە نیسبەت وڵاتانی تری ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ڕۆحی ستەملێکراوی گەلان بێداردەبێتەوە و گەلانی چەوساوە دەستدەکەن بە ڕاپەڕین، هەستانەوە و شۆڕش کە لانیکەم لە دەستی داگیرکاری ڕزگاریاندەکات. ئەمە، جگە لەوەی شۆڕشەکان بۆ ناوخۆ چەندە گرنگ و پڕ دەستکەوتن کە لێرەدا دەرفەت نییە باسیان بکەین...

بەهەمان شێوە لێرەدا ناکرێت ئاماژە بە هەموو دەستکەوتە ناوەکی و دەرەکییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر یان شۆڕسی فەڕەنسا بدەم. بۆیە حەزدەکەم ئاماژە بە دیوێکی تری قسەکردن لەسەر پرسی شۆڕش بدەم. ئەویش ئەوەیە کە لێرە و لەوێ، لەناو نوخبەی ڕۆشبیریی کوردییدا بەر بەکاربردنی هەمەڕەمەکی و نابەرپرسانەی چەمکی «شۆڕش» دەکەوین کە بەشێوەی جۆراوجۆر قسەی لەسەر دەکەن کە لەوانیشەوە بۆ ناو خەڵک شۆڕبۆتەوە. هەموو ڕستە و گوزارەیەکی گشتی دەربارەی «شۆڕش» نەک هەر هیچ بەهایەکی مەعریفی و هیچ زانیارییەکی ڕاستەقینە لەخۆناگرێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەبێتە بەربەست لەبەردەم بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی «شۆڕش». لە دەرەنجامیشدا ئەم جۆرە لە قسەی ڕیتۆریکی و بەلاغی لەسەر شۆڕش تەنیا کۆمەڵێك کلێشەی کۆنەپارێزانە و دژەپێشکەوتنخوازی بەرهەمدەهێنێت.

جگە لەو ڕایەی کە لە پرسیارەکەدا باسکرا، هەندێ لەو کلێشانەی کە لەسەر شۆڕش بەری دەکەوین بەم جۆرەن؛ «شۆڕش دیکتاتۆر درووستدەکات»، «شۆڕش حەکایەتی گچکە پەراوێز دەخات»، «شۆڕش ستەمکاری درووستدەکات» و «شۆڕشگێڕانی دوێنێ، جانەوەرەکانی ئەمڕۆن» و چەندەها کلێشەی گەمژانەی تر کە بەر بەبیرکردنەوە دەگرێت و کۆنەپارێزی و گەمژەیی سیستەماتیک درووستدەکات و ناهێڵێت لە کرۆکی شۆڕش تێبگەین. لە نوسینی تردا وڵامی ئەو کلێشانەمان داوەتەوە بۆیە لێرەدا لەسەر ئەوانە ڕاناوەستم.

لەڕاستیدا دەبێت چەمکی «شۆڕش» وردبکەینەوە بۆئەوەی بتوانین بگەین بە دەرەنجامی واقیعی و مەعریفی. کاتێک ڕەخنە لە شۆڕش دەگیرێت دەبێت جۆری شۆڕشەکە و هەلومەرج و سیاقی شۆڕشەکە ڕوونبکەینەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەو شۆڕشەی کە قسەی لەسەر دەکەین و ڕەخنەی لێدەگرین و هەڵی دەسەنگێنین بەدیاریکراوی قسەی لەسەر بکەین. بۆ نمونە کاتێک لەسەر شۆڕشی کوردی قسەدەکەین؛ سەرەتا دەبێت بزانین کام شۆڕشی کوردی و پاشان سیاق و هەلومەرجی شۆڕشەکە دەستنیشانبکەین. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر دەبێت بزانین، شۆڕشەکە چ جۆرە شۆڕشێک بووە واتە ناواخنی بۆرژوازی بووە یان ناواخنی چەپگەرایانە و سۆسیالیستانەی هەبووە. ئەوکات لەسەر شۆڕشە دیاریکراوەکە قسەبکەین و هەڵی بسەنگێنین نەوەک جنێوی پێبدەین یان ستایشی بکەین.

ئەوە ڕوونە کە لە مێژووی کوردستانی باشوردا هیچ شۆڕشێکی بە ناواخن چەپگەرایانە نەکراوە کە هەڵگری ئامانج و بەهای سۆسیالیستی بووبێت. لەم ڕووەوە هەموو ئەو جنێوانەی کە بە شۆڕشی کوردی دەدرێت(کە هیچ بەهایەکی ڕەخنەگرانەیان نییە) شۆڕشی چەپگەرایانە و سۆسیالیستی لەخۆناگرێت. لەم سۆنگەیەوە ئایدیای شۆڕشی چەپگەرایانە و سۆسیالیستانە، وەک بەرزترین ئاسۆی ڕزگاریی کوردستانی باشور کە تا ئێستا زانستییترین و عەقڵانیترین بەدیلە بۆ

گۆڕینــی دۆخەکــە ئامادەیــی هەیــە.

بەگشــتی، بەهــۆی هەژاریــی تیۆرییــەوە، نوخبــەی ڕۆشــنبیریی کــوردی تــا ئێســتاش هــەر خەریکــی کلێشــە دروســتکردنی گشــتییە لەســەر شــۆڕش، بەبێ ئــەوەی بەشــێوەیەکی واقیعــی و تیــۆری لــە شــۆڕش تێگەشــتبێت. بۆیــە لێــرەوە بانگەشــەی ئــەوە دەکەیــن هەرکەســێک، کــە دەخوازێــت ڕەخنــە لــە شــۆڕش بگرێــت، بــا بەشــێوەیەکی عەقڵانــی و مەعریفــی بیگرێــت و خــۆی بــەدوور بگرێــت لــە کلێشــەبازی گشــتی. لەبەرئــەوەی قســەفڕێدانی گشــتی لەســەر چەمکــی «شــۆڕش» لــە هەژاریــی تیــۆری و کلۆڵیــی هزرییــەوە دێــت.

شــتێکی تــر کــە دەبێــت لــەم بــارەوە باســی بکــەم ئەوەیــە کــە هەنــدێ کــەس پێیــان وایــە ڕۆمانــی مێژوویــی دەکرێــت ببێتــە بەدیلــی مێــژووی ســەردەمێک، لەمــەش گەمژانەتــر ئەوەیــە کەســێک پێــی وابێــت ڕۆمــان، مێــژووی ڕاســتەقینەی ســەردەمێک دەگێڕێتــەوە. هەمــوو ئەمانــە لــە کاڵفامیــی تیــۆری ڕۆمــان و تیــۆری مێــژووەوە ســەرچاوەی گرتــووە و بەنــاو خەڵکــدا بڵاوبۆتــەوە. ڕۆمــان نــەک ناتوانێــت مێــژوو بگێڕێتــەوە بەڵکــو ناشــتوانێت واقیــع بگوازێتــەوە یــان واقیعــی بێــت. لێــرەوە هەمــوو ئــەو ڕۆمانانــەی کــە باســی شۆڕشــگێڕان و شۆڕشــی ســەردەمێک دەکــەن، هیــچ بەهایەکــی مەعریفــی و هیــچ جــۆرە فاکتێکــی مێژوویــی لەخۆناگرێــت و بەکەڵکــی ئــەوە نایــەت هیــچ جــۆرە دەرەنجــام و حوکمێکــی مەعریفــی، تیــۆری و مێژوویــی لێــوە هەڵناهێنجێنرێــت. ئەگــەر نموونەیەکیــش بێنمــەوە، ئــەو تێگەشــتنە باوەیــە کــە دەربــارەی «کەشــتیی فریشــتەکان»ــی بەختیــار عەلــی لــەلای خەڵــک گەڵاڵەبــووە بەجۆرێــک کــە گوایــە مێــژووی شۆڕشــی کــوردی دەگێڕێتــەوە. ئــەم بانگەشــەیە جگــە لــە خورافەیەکــی ئەدەبــی هیچــی تــر نییــە و ئــەو ڕۆمانــەش ڕای نوســەرێکی بەعســزەدە و شۆڕشــزەدەی تاراوگەیــە دەربــارەی شۆڕشــی بۆرژوازیــی کــوردی نــەک زیاتــر.

**پرســیار: کلێشــەیەکی زاڵ هەیــە کــە گوایــە؛ «شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر بەســەرچووە و بــووە بــە مێــژوو و لینینیــش بــاوی نەمــاوە و ســەردەمی ئــەو تێپەڕیــوە و ئێســتا دونیــا گــۆڕاوە...».**

وەڵام: ســەرەتا بــە زمانــی هیــگڵ، هیــچ شۆڕشــێکی گــەورە کــە ئاســۆی نوێــی هێنابێتــە نــاو ڕۆحــی جیهانییــەوە نــەک هــەر بەســەر ناچێــت، بەڵکــو تــا ئاگایــی دەســتەجەمعیی مــرۆڤ و مێــژووی مــرۆڤ بمێنێــت؛ ئــەوا هــەر بــە کاریگــەر دەمێنێتــەوە و لــە هەمــوو ســیاقێکی تــازەدا، نوێدەبێتــەوە و ڕەهەنــدی نــوێ بــەڕووی ڕابــردوو و ئێســتا و داهاتوومانــدا دەکاتــەوە. بەدەربڕینێکــی تــر، شــۆڕش بــەم مانایــە کــە تاقانەیــە، دەبێتــە تێکســت و لــە کۆنتێکســتی نوێــدا ئەگــەر و ئیمکانــی تــازە بــەدوای خۆیــدا دێنێــت. لــە مێــژووی مۆدێرنــدا ســێ شۆڕشــی شــەقکەری مێــژوو هەیــە کــە پــاش خۆیــان و پێــش خۆیــان وەک یــەک نیــن و ئەوانیــش بریتیــن لــە شۆڕشــی بــۆرژوا دیموکراتــی ١٧٨٩ــی فەڕەنســا، شۆڕشــی ئۆکتۆبــەری ١٩١٧ــەی ڕووســیا و شۆڕشــی کەلتوریــی چیــن (١٩٦٦-١٩٧٦).

هــەر کام لــەم شۆڕشــە گەورانــە بڕگەیەکــی نــوێ لــە مێــژووی مرۆڤــدا دەکەنــەوە و هــاوکات خۆیــان دەبنــە فاکتــی مێژوویــی بێ‌پێشــینە و لەگــەڵ خۆیــان مەعریفــە، متیــۆد و کەرەســتەی خوێندنــەوەی نــوێ دەهێننەئــاراوە. هــەر شۆڕشــێکی گــەورە دابــڕان و پچڕانێکــی مێژوویــی بێ‌پێشــینەیە کــە مێــژوو دووشــەق و دوولەتــدەکات و دەهێنێتەئــاراوە و ڕەوتــی زاڵــی مێژوویــی پێــش خــۆی ڕادەگرێــت و مێژوویەکــی نــوێ دەســتپێدەکات کــە تــەواو جیــاوازە لــەوەی پێــش خــۆی و ئەمــە بــە مانــای ئــەوە نایــەت هەمــوو شۆڕشــێکی گــەورە یەکســەر و دەســتبەجێ مێــژووی خــۆی لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە لــە مێــژووی پێــش خــۆی بــە هەمــوو ڕەوت و ئینتیــما و ئاراســتە جیاوازەکانیــەوە پاکدەکاتــەوە، یــان شــوێنگرەوەیان بــۆ دروســتدەکات. هەمــوو شۆڕشــێکی گــەورە بەمانــا بادیۆییەکــەی، لەســەر ئاســتی گەردوونــی، ڕووداو

دەخولقێنێـت و مێژوویەکـی جیهانـی سـەرپێدەخات.

لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بـەوەش بـدەم کـە دەسـتەواژەی «بـاوی نەمـاوە» یـان «بەسـەرچووە» نـەک هـەر زانسـتی نییـە بەڵکـو هیـچ شـتێکی تیـۆری و مەعریفیـمان لەسـەر شـۆڕش پـێ ناڵێـت و بەهیـچ جۆرێکیـش ناتوانێـت شـۆڕش ڕوونبکاتـەوە. لـەم بـارەوە باشـتر وایـە بگوترێـت تـا کـەی شۆڕشـێکی گەورە وەک هێـزی سـەرەکیی بزوێنـەری مێـژوو، فیعلییەتـی چالاکیـی دەمێنێـت و دەتوانێـت مێـژوو بەرەوپێـش ببـات. بەدەربڕینێکـی تـر، ئـەو مـەودا مێژووییـە چەنـدە کـە تێیـدا شۆڕشـێکی گـەورە، لـە هێـزی سـەرەکیی بزوێنـەری مێـژووە کـە فیعلییەتـی چالاکـی هەیـە وەردەچەرخێـت بـۆ هێـزی لاوەکیـی مێـژوو کـە فیعلییەتـی پاسـیڤی هەیـە؟ دیـارە بـۆ هیـچ شۆڕشـێکی گـەورە ئـەو مـەودا مێژووییـە بـە ژمـارەی سـاڵ، دەیـە یـان سـەدە ناپێورێـت و سـەر بـە کاتـی چەندێتـی یـان ژمارەیـی نییـە، بەڵکـو سـەر بـە کاتـی چۆنێتییـە و بـە ئەکچواڵبـوون و هاوردنەدیـی ناواخنـی شۆڕشـە گەورەکـە دەپێورێـت کـە دەبێـت لەسـەر ئاسـتی مێـژووی جیهانـی بێتـەدی و پاشـان وەک هێـزی سـەرەکیی بزوێنـەری مێـژوو، کـە فیعلییەتـی چالاکـی هەیـە لەنـاو ڕۆحـی جیهانیـدا زەرورەتـی نەمێنێـت. کـە ئەمـەش ڕوویـدا ئـەوا گەشـەی مێـژوو پێویسـتی بـە شۆڕشـێکی گـەورەی تـرە.

ئەگـەر ئەمـە ببەسـتینەوە بـە نمونەیەکـی مێژووییـەوە ئـەوا دەبێـت بـاس لـە شۆڕشـی بـۆرژوا دیموکراتیکـی سـاڵی ١٧٨٩ـی فەڕەنسـا بکەیـن. حەزدەکـەم لـە کەوانەیەکـدا کورتـە ئاماژەیـەک بـە چەمکـی «شۆڕشـی بۆرژوا-دیموکراتیـک» بـدەم کـە زۆرجـار بەدحاڵیبوونـی دروسـتکردووە. شۆڕشـی بـۆرژوا دیموکراتیـک بـە مانـای ئـەوە نایـەت کـە بـۆرژوا ئـەو شۆڕشـەی کـردووە و یـان دەبێـت بـۆرژوا بیـکات، لەبەرئـەوەی لـە هیـچ بڕگەیەکـی مێـژوودا بـۆرژوازی شۆڕشـی نەکـردووە و بـۆرژوازی زۆر لـەوە ترسـنۆکتر و هەلپەرسـترە کـە شـۆڕش بـکات و ناونانەکەشـی بـۆ ئـەم هـۆکارە ناگەڕێتـەوە. وەک مارکـس و ئەنگڵـس ئامـاژەی پێـدەدەن مەبەسـت لـە «شۆڕشـی بـۆرژوا دیموکراتیـک» ئـەو وەرچەرخانـە مێژووییەیـە کـە ڕەوتـی زاڵـی مێـژوو لـە فیوداڵیـزم و دەرەبەگایەتییـەوە دەگۆڕێـت بـەرەو بـۆرژوازی، سـەرمایەداری و دیموکراسـیی پارلەمانـی. ئـەم وەرچەرخانـەش لـە شۆڕشـی ١٧٨٩ فەڕەنسـادا مانیفێسـت بـوو و ناواخنەکـەی دەرەکـی کـردەوە و هێنایـە سـەر سـەکۆی مێـژوو و ئەمـەش درێـژەی کێشـا تـا زنجیـرە ڕاپەڕینەکانـی سـاڵانی ١٨٤٨ـی ئەوروپـا و لـەو بـەرەوارە بـەدواوەوە زەرورەتـی مێژوویـی نەمـا.

بۆیـە چەنـد دەیەیـەک پـاش ئـەوە، ڕووداوی کۆمۆنـەی پاریـس ڕوویـدا کـە سـەر بـەو مێـژووە نەبوو و درێژکـراوەی ئـەو مێـژووەش نەبـوو. کۆمۆنـەی پاریـس یەکێـک لـە دەرکەوتـە پێشـگۆئامێزەکانی ڕوودانـی شۆڕشـی گـەورەی ئۆکتۆبـەر بـوو. مێـژووی زاڵـی ئێسـتا درێژکـراوەی پاسـیڤانەی مێـژووی شۆڕشـی بۆرژوا دیموکراتیکـە، کـە نـەک هەمـوو ئاسـۆ و ناواخنەکانـی کردەکـی کردۆتـەوە و هێناویەتییـەدی بەڵکـو دووبـارە و هەزاربارەیـان دەکاتـەوە. بـەڵام بەسـەرهاتی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر ڕێـک پێچەوانـەی مێـژووی شۆڕشـی فەڕەنسـایە. لەبەرئـەوەی نـەک هـەر دەرفـەت و مـەودای تەندرووسـت نـەدرا بەشۆڕشـی ئۆکتۆبـەر کـە هەمـوو ئاسـۆ، ئامانـج و ناواخنـی خـۆی لەسـەر ئاسـتی مێـژووی جیهانـی بێنێتـەدی بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی جیهانـی سـەرکوتکرا و دواجـار شکسـتی پێهێـنرا. ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە دێـت مێـژووی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر دووبـارە دەردەکەوێتـەوە و دووبـارە بـە تونـدی دەسـتپێدەکاتەوە. هـەر لـەم سۆنگەشـەوەیە کـە لینیـن، ڕێبـەر و تیۆریـزەکاری شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لەگەڵمانـدا دەژی و لـە پێشـتر زیندووتـرە و زیاتـر پێویسـتمان پێیەتـی. هەڵبەتـە ئەمـە بـە مانـای ئەوەیـە نایـەت کـە نوسـینەکانی لینین پێویسـتیان بـە خوێندنـەوە نـوێ و داڕشـتنەوە نییـە بەڵکـو ڕێـک بەپێچەوانـەوە دەبێـت نوسـینەکانی ڕەخنەگرانـە هەڵبگیرێتـەوە و دوبـارە تێزەکانـی لـە سـیاقێکی نوێـدا دابڕێژرێتـەوە.

**پرسیار: زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و گەنجان بە تایبەتی لینین ناناسن و شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبیستووە، ئەگەر هەندێکیشیان بیناسن ئەوا تەنیا بە سیفەتی شۆڕشگێڕێکی ئاسایی وەک پێشمەرگەی شاخ دەیناسن نەک زیاتر... ئایا ئەم نەناسین و ونبوونە بە مانای ئەوە نایەت کە پێویستمان بە لینین نییە و لینین هیچ زەرورەتێکی بۆ کوردستان نییە؟**

وڵام: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک بەو جۆرە نییە و نەناسین و نادیاربوونی شتێک نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو شتە گرنگ نییە یان زەرور نییە، بەتایبەتی لە جیهانی هاوچەرخدا. بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی وەڵامەکە سەرەتا با بزانین ئەوانە کێن کە نەک هەر خەڵکی کوردستان بەڵکو خەڵکی دونیا بەگشتی دەیانناسن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا کاریگەری و حزووریان هەیە. ئەگەر کەمێک وردتر و بە زمانی فەلسەفی پرسیارەکە دابڕێژینەوە ئەوا پرسیارەکە دەبێتە پرسیارێکی ئەپیستمۆلۆژی و بەم جۆرەی لێدێت؛ مرۆڤ لەسەدەی بیست و یەکدا چۆن و بەچ کەرەستەیەک فیگەرە گرنگەکانی ژیانی دەناسێت و پاشان بەچیدا بزانێت کام کەس لە کەم کەسی تر گرنگترە؟ دیارە لێرەدا پرسیارەکە دەربارەی ئەو کەسە ئاساییانەی ناو ژیانی هەرکەسێک نییە کە لە واقیعدا دەیانناسێت و ئەوە بابەتێکی ترە کە لێرەدا جێگەی سەرنج نییە. بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەو کەسانەیە کە فیگەری گشتیین. بەو مانایە تایبەت نین بە خێزانێک یان چەند خیزانێک بەڵکو ئەو کەسانەیە کە لە شارێکدا، وڵاتێکدا و یان لە جیهاندا ناسراون و زۆرجاریش مرۆڤ تەنیا بەشێوەی مەجازی بەریاندەکەوێت و لە واقیعدا بەریان ناکەوێت. بەڵام هێشتا هەر لە ژیانیاندا حزووری هەیە و کاریگەری لەسەریان هەیە. ئەمە بۆ هەموو ئەو ناودارانەش ڕاستە کە مردوون بەڵام هێشتا لە مێژوودا زیندوون.

لە جیهانی هاوچەرخدا نێوەندە ئەنتەرنێتییەکان، کەرەستە تەکنۆلۆژییەکانی پەیوەندی، پەخشە جیهانییەکان، بڵاوکراوەکان و میدیاکان و ... هتد میدیۆم و نێوەندی زانیاری و زانینن. هەموو ئەمانە تۆڕێکی زەبەلاحی زانیاری درووستدەکەن کە دەبێتە ئامراز و نێوەند، بۆئەوەی کەسێک یان کەسانێک لەلای خەڵک ببێتە فیگەری لۆکاڵی یان جیهانی. مرۆڤ لێرەدا تەواو پاسیڤە و ناتوانێت لە دواچوارچێوەی ئەو تۆڕە زەبەلاحە دەرچێت و هەموو ناسین و زانیارییەکانی لەوێوە وەردەگرێت. لەڕووی ئەپیستمۆلۆژییەوە مرۆڤی هاوچەرخ بەم شێوەیە زانین و زانیاریی پێدەگات و بە دونیا، ژیان و مرۆڤ و شتەکانی ناوی ئاشنادەبێت.

من وای دەبینم کە کێشەکە لە خودی ئەو تۆڕە زەبەلاحە زانیارییەدا نییە کە ئێستا درووستبووە و کۆی زانین و مێژووی مرۆڤی مەجازیکردۆتەوە. دواجار دەشێت ئەمە وەک قوناغێکی مێژوو قبووڵبکەین. بەڵام ئەوەی کێشە درووستدەکات و شایەنی قبوڵ نییە ئەوەیە کە بە چ (بابەتێک) و بۆ چ (مەبەستێک) ئەو تۆڕە زەبەلاحە پڕدەکرێتەوە و ڕەنگڕێژدەکرێت و ئاراستە دەکرێت. یەکەم بنەمای گەردوونیی هاوبەش کە هەموو ئەمانەی لەسەر دەجولێت بریتییە لە «قازانجکردن». لێرەوە دونیا بۆتە بازاڕێکی گەورە بۆ خواست و خستنەڕووی کاڵاکان. هەرشتێک زۆرترین ئیمکان و ئەگەری بوون بەکاڵای تێدا بێت؛ ئەوا زۆرترین خەڵک دەیناسێت، لەبەرئەوەی بەر زۆرترین خەڵک کەوتووە.

لێرەوە ناسین و ناودار بوون لە جیهانی هاوچەرخدا بە پرۆسەی بەکاڵابووندا دەڕوات لەڕێگەی ڕیکلامەوە. با چاوێك بە لیستی ئەو کەسانەدا بخشێنین کە لەسەر ئاستی جیهانی لە ئێستادا فیگەری گشتیین و زۆرترین خەڵک دەیناسن؛ گۆرانیبێژەکان، یاریزانانی تۆپی پێ، ئەکتەرەکان، مۆدیلەکان و ... هتد. ئایا ئەمانە زەرورەتی جیهانی ئێستا و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکن؟ یان ئایا ئەمانە

بکەرە ڕاستەقینەکانی سیستەمی ئێستای جیهانن؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. لەجیاتیی ئەوانە دەبوو زاناکانی بواری زانستە سرووشتییەکان، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، فەیلەسوفەکان، ڕەخنەگرەکانی سیستەم، شۆڕشگێڕەکان و ... هتدمان بناسیایە.

لەم سۆنگەوە سیستەمی سەرمایەداری نەک هەر پێویستی بەوە نییە کە خەڵک مەعریفەی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەی پێ بگات و حەقیقەت بزانێت بەڵکو بە تەواوی دژ بەوە ئیشدەکات و هەموو حەقیقەتەکان دەشێوێنێت و سەرلەنوێ هەمووی لەگەڵ سیستەمی قازانجپەرستی سەرمایەدارییدا دادەڕێژێتەوە بۆئەوەی هەموو خەڵک ببێت بە بەرخۆر و مەسرەفگەرا. مەسرەفگەرایی دواهەمین سەنگەری سەرمایەدارییە کە خۆی تێدا بەرهەمدێنێتەوە و هەرشتێک مەسرەفنەکرێت پەراوێزدەخرێت و فڕێدەدرێت. لەم پنتەوە لەوە تێدەگەین بۆ نەک هەر گەنجانی کوردستان بەڵکو گەنجانی جیهانیش بە گشتی لینین ناناسن. ئەوەش ڕوونە؛ لەبەرئەوەی نەک هەر سیستەم ناتوانێت لینین مەسرەفبکات بەڵکو لینین مەسرەفگەرایی و سیستەمی سەرمایەداری هەڵدەوەشێنێتەوە...

**پرسیار: بەگشتی نوخبەی ڕۆشنبیریی پاش ڕاپەڕینی کوردستان، ئەگەرچی لەسەر ئاستی ناو بەر لینین کەوتوون و هەندێکیشیان ڕەنگە ژیاننامە و کەمێک دەربارەی مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینین بزانن؛ هەر لەم ڕووەشەوەیە گەڕانەوەی ڕۆشنبیران کە بە دەگمەن ڕوودەدات تەنیا لەو کاتانەدایە کە دەیانەوێت ئەو مێژووە و ئەو شۆڕشە بشێوێنن و بۆ ئەم مەبەستەش دەستدەکەن بە حوکمی پێشوەخت. لەکاتێکدا بێدەنگییەکی گەورە لەناو جیهانبینی و نوسینی ڕۆشنبیراندا بەرانبەر هزری لینین دەبینرێت. ئەمە بەمانای ئەوە دێت لینین بیرمەندێک نییە کە ڕۆشنبیران شتی لێوە فێربن؟**

وەڵام: وەڵامی ئەم پرسیارە ڕێک سەری لەناو ئەو گرێکوێرەدایە کە هیچکام لە ڕۆشنبیرەکانی پاش ڕاپەڕین نەیانتوانی بیکەنەوە، بۆیە بەلاڕێدا ڕۆیشتن و دەرەنجامەکەی ئەو بەدئاراستەییەیە کە ڕۆشنبیران لە دوای ڕاپەڕینەوە تێیکەوتوون و ئێستاش هەر بەردەوامە. ئەگەر ڕێگەم پێبدەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەوا لەسەر تێزی «مەعریفەی کلاسیکی کوردی» کەمێک هەڵوەستەدەکەم، لەبەرئەوەی کایەی ڕۆشنبیریی کوردی تا ئێستا سەر بە «مەعریفەی کلاسیکی کوردی»ـە و نەیانتوانیوە تێیپەڕێنن. «مەعریفەی کلاسیکی کوردی» هەر لە سەرهەڵدانی ئەدەبی نوسراوی کوردییەوە کە دەشێت بابە تایەر، خانی و نالی بێت دەستپێدەکات و بەناو هەموو شاعیران، نوسەران و ڕۆشنبیراندا درێژدەبێتەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. ڕۆشنبیرانی پاشڕاپەڕین سەر بە مەعریفەی کلاسیکی کوردیین. لێرەدا دەرفەت نییە گوتاری «مەعریفەی کلاسیکی کوردی» بەتەواوی ڕوونکەمەوە بۆیە تەنیا ئاماژە بە چەند ڕەگەزێکی سەرەکیی دەکەم کە بریتین لە نێرسالاری، سەرخانی دەرەبەگایەتی، عیرفان، چینایەتی، هیرارکییەت و ...هتد. لەم ڕووەوە مەعریفەیەکی تەواو نەخۆشانە و پاتۆلۆژیکە. تا ئەم جۆرە مەعریفەیە بەردەوام بێت هەمان گێژاو و بەدئاراستەیی ڕۆشنبیری دووبارەدەبێتەوە. لێرەوە ئێمە گوتاری «مەعریفەی چەپی نوێ» قوتدەکەینەوە کە مەعریفەی پێشووتر نەفیدەکات و هاوکات دابڕان و پچڕانی ڕادیکاڵ و سەرتاسەریی دێنێتەگۆڕێ.

ئەمە ڕوویەکی کێشەکەیە کە سەری لەو میراتە مەعریفییەدا بوو کە باسمکرد. ڕووەکەی تری دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێک یان پنتی جووڵانی ڕۆشنبیر و کایەی مەعریفی (دیارە ئەمەش هەر لە پێناسە و شوناسی ڕۆشنبیر و کایەی مەعریفییەوە دەستپێدەکات تا پرسەکان و ئیشکالییەتەکانی

تری، کە لێرەدا لەسەری ڕاناوەستم). پنتی جوولان و سەرەتای دەسپێک گرنگترین خاڵی ئۆنتۆلۆژییە لەلای هیگڵ کە بەم جۆرە دەیخاتەڕوو؛ ئایا دەتوانین لە هەموو پنتێکەوە دەستپێبکەین؟ یان سەرەتا دەتوانێت هەموو پنتێک بێت؟ بۆ هیگڵ کە منیش لەگەڵی هاوڕام وەڵامەکەی نەخێرە. خاڵی سەرەتا دەبێت زەرووەت بێت. ئەمە ئەو خاڵە ئۆنتۆلۆژییەیە کە ڕۆشنبیرانی ئێمە؛ لێی تێنەگەشتن یان بۆیان گرنگ نەبوو. ئەگەر ئەمە بە چالاکیی تیۆری و پراکتیکی ڕۆشنبیرانەوە گرێبدەمەوە ئەوا بەم جۆرەی لێدێت: ڕۆشنبیرانی پاش ڕاپەڕین زەرورەتی مێژوویی، ناوچەیی و گەردوونی گەلی کورد، کە تاقانە و سینگولارە نەک هەر نەیانکردە خاڵی دەسپێک بەڵکو دواتریش لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی کورد و هەلومەرج و دۆخی کورد بە کونکرێتی نەکۆڵانەوە. زیاتر سوبێکتیڤانە و زیهنیانە مامەڵەیان لەگەڵ واقیعی کوردی کرد. هەموو ئەمانەش وایکرد ڕۆشنبیری کورد، ئاسۆیەکی سیاسیی لا گەڵاڵە نەبێت و هەردەم لێی هەڵبێت و لەبەرانبەردا لەناو هەمان گوتاری مەعریفیی زاڵ و هەمان گوتاری سیاسیی دەسەڵاتدا قسەبکەن و بنوسن یان ڕەخنەبگرن...

ئێستا باشتر دەتوانین لە وەڵامی ئەو بڕگە نزیک بینەوە کە ئاماژەی پێدرا: «بێدەنگییەکی گەورە لەناو جیهانبینی و نوسینی ڕۆشنبیراندا بەرانبەر هزری لینین دەبینرێت. ئەمە بەمانای ئەوە دێت لینین بیرمەندێک نییە کە ڕۆشنبیران شتی لێوە فێربن؟». لە ڕاستیدا هزری بیرمەندانی چەپ بەگشتی و هزری بیرمەندانی وەک لینین، گرامشی و ماو بەتایبەتی بۆ ڕۆشنبیرانی کوردستان، بە زمانی ئاڵتوسێر نەک هەر ئاسۆ و قاڕەیەکی مەعریفیی نوێ بەڕوویاندا دەکاتەوە بەڵکو زەرورەتە بۆیان. دەبێت واقیعی بین و خۆمان فریونەدەین و واقیعییانە تەماشای پێگە و تانوپۆی گەلی کورد بکەین لە مێژوو و لە جیهانی هاوچەرخدا و ئەو پرسیارە بکەین کە گەلی کورد لە کوێی ئێستای جیهان و مێژووی مرۆڤدا ڕاوەستاوە؟ پاشان دەستبکەین بە هەڵبژاردنی سەرچاوەی مەعریفی و ڕۆشنبیری... کورد هێشتا نەک هەر پاکنەبۆتەوە لەو ڕەگەزە نەخۆشانەی کە لە پەیوەند بە «مەعریفەی کلاسیکی کوردی»ـەوە ئاماژەم پێدا، بەڵکو تا ئێستا هەمان ئەو ڕەگەزە نەخۆشانە بەرهەمدەهێنێتەوە... هەر لێرەشەوەیە دەتوانین پەی بەوە ببەین کە بۆچی لەناو ڕۆشنبیرانی پاش ڕاپەڕیندا، بێدەنگییەکی گەورە بەرانبەر هزری لینین و هاوشێوەکانی لە ئارادایە...

دواخاڵی پەیوەندیدار باسیکەم، بۆچوونێکی ڕۆشنبیری بەرەنگار، ژان پۆل سارتەرە کە ئاماژە بەوە دەکات لە وڵاتێکدا کە هەموو خەڵکەکەی خوێندەواریی نوسین و خوێندنەوەیان نییە ئەوا لەو دۆخە کۆنکرێتییەدا، ئەرکی ڕۆماننوس ئەوە نییە ڕۆمان بنوسێت بەڵکو ئەوەیە ببێتە مامۆستا و خەڵک فێری نوسین و خوێندەواری بکات. ئەم ئەرگومێنتە نەک هەر بۆ ڕۆماننوسین و خوێندەواری بەڵکو بۆ کۆی کایەکانی کۆمەڵگاش ڕاستە. بەدەربڕینێکی تر ئەوە ڕۆشنبیر نییە کە سەربەخۆ و دابڕاو لە کۆمەڵگا بڕیاردەدات کە چی بکات، بەڵکو ڕۆشنبیر دەبێت لەناو دۆخە دیاریکراوەکەدا بڕیاربدات لەسەر بنەمای زەرورەتەکانی کۆمەڵگا چی دەکات.

**پرسیار: بۆچوونێکی زاڵ هەیە کە پێی وایە شۆڕشی نوێی باشوری کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لینینی و ماوی بوون یان سەرکردەکانیان مارکسی بوون. لێرەوە ئەو هەڵە دەقۆزنەوە کە حوکمڕانی پاش-ڕاپەڕین یان دەسەڵاتی کوردستانی باشور گرێبدەن بە لینینەوە... لە پەیوەند بەمەوە تەنانەت زۆرجار ڕۆشنبیران دەستەواژەی «حیزبی لینینی» بۆ ئەم حیزبانەی باشوری کوردستان بەکاردێنن تاوەکو لەوێوە ناڕاستەوخۆ ستەمکاری ئەم دەسەڵاتە بخەنە ئەستۆی هزری لینین یان ماو!**

وەڵام: پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە دەبێت شتێک لە پرسیارەکەدا یان لەو بۆچوونە زاڵەدا

ڕاستبکەمەوە؛ ئەویش ئەوەیە لە نێوان شاخ و شاردا پەیوەندیی هۆ و ئەنجامی بێمەرج لە ئارادا نییە، بەو مانایەی کە لە شاخ چی بن ئەوا دەبێت حەتمەن لە شاریش هەمان شت بن. ئەمە نەک هەر بۆ کوردستان بەڵکو بۆ هەموو شوێنەکانی تری جیهانیش ڕاستە. هەر لێرەشەوەیە کە وەفاداربوون بە ئایدیا و ڕاستگۆیی لەگەڵ عەقیدە و دۆکتریندا مانا پەیدادەکات. ئەمەش ئەو کەلێنە بوونگەراییەیە کە لە مێژوودا حزووری هەیە و درزدەخاتە ناو جەبر و میکانیزمی کارکردنی مێژووەوە و جێگە بۆ سوبێکت(بکەر) دەکاتەوە.

بە تەنیشت ئەمەوە دەبێت باس لە مارکسیزم- لینینزم بکەم بۆئەوەی پەیوەندیی نێوان لینین یان ماو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردا باشتر ڕوون بێتەوە. پێش مارکس و ئەنگڵس بەرەنگاری ڕێکخراو لەسەر شیکردنەوەی زانستی سیستەم، بەدرێژایی چاخەکان مومکین نەبوو و بینەری ئەو جۆرە لە بەرەنگاری نەبووین. هەموو ئەو هەوڵانەی پێش مارکس و ئەنگڵس لەئارادا بوون بۆ خستنەڕووی بەرەنگاریی ڕێکخراو و دروستکردنی کۆمەڵگای یەکسانیخواز ناکامڵ و نوقسان بوون؛ وەک لە کلاسیکدا «کۆمار»ی ئەفلاتون، لەسەدەکانی ناوەڕاست «شاری خۆر»ی کامپانێلا و «یۆتۆپیا»ی تۆماس مۆر نەیانتوانی ئەو هەنگاوە بنێن. لەپاڵ ئەمانەشدا سۆسیالیستە یۆتۆپی و خەیاڵییەکانی پێش مارکس و ئەنگڵس و هاوسەردەمیان نەیانتوانی تێز و بیروبۆچونی خۆیان وەک ئەلتەرناتیڤێکی واقیعی و عەمەلی و بەردەست ئامادەبکەن و لەڕێگەی ئەوەوە ئەو ئیمکان و ئەگەرە بە واقیعی لەبەردەم خەڵکدا بکەنەوە کە بتوانرێت بەرەنگاریی ڕێکخراو و کۆمەڵگای یەکسانیخوازی لەسەر ئاوابکرێت و نمونەی ئەو یۆتۆپیایانە وەک؛ فۆرییە، کابە و ویتلینگ و .... هتد. بەم پێیەش لە مارکس و ئەنگڵسەوە بەشێوەیەکی واقیعی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست، ئامادە دەبێت و بەگەڕدەکەوێت.

مارکس و ئەنگڵس ئاسۆیەکی پراکتیکیی نوێ بۆ بەرەنگاری ڕزگاریخوازنەی مرۆڤ دەکەنەوە. ئەو توانست و ئیمکانە لەڕووی پراکتیکییەوە لەبەردەم خەڵکدا دەکرێتەوە کە بتوانن بە ئاراستەی بنیاتنانی کۆمەڵگای یەکسانیخوازدا هەنگاوبنێن و بتوانن لە واقیعدا پیادەی بکەن.

مارکس و ئەنگڵس لەڕێگەی بەرهەم و چالاکییەکانیانەوە ئەڵتەرناتیڤێکی تەواو واقیعییان بۆ جیهانی کۆن ئامادەکرد و خۆشیان خەباتی پراکتیکیان کرد بە ئاراستەی پیادەکردنی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست کە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا کاردەکات و شێوەیەکی تەواو جیاواز لەوەی کە هەبووە بۆ کارگێڕیی کۆمەڵگا بە هەموو جومگە جیاوازییەکانییەوە دەخاتەڕوو. لەسەر دەستی مارکس و ئەنگڵس «ئەلتەرناتیڤی بەردەست» لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی مرۆڤایەتیدا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای بێچین دێتەبوون.

کۆمۆنەی پاریس ساڵی ١٨٧١ یەکەمین دەرکەوتەی کرداریی هزری مارکس و ئەنگڵس، ئەنارشییەکان و بلانکییەکان بوو. بەڵام شکستی ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس ئەوەی دەرخست کە کۆمەڵێك ڕەگەزی بنچینەیی بۆ بەرەنگاریی ڕێکخراو لە هزری مارکس و ئەنگڵسدا نوقسانە. ئەم نوقسانییە لەسەر دەستی لینین پڕکرایەوە. لینین لە کتێبی «دەبێت چ بکرێت»دا هەموو ئەوانەی بۆ بەرەنگاریی ڕێکخراو پێویست بوو دایهێنا و خستییەڕوو و پاشان لەڕێگەی نوسینەکانی تریەوە گەشەی بە پراکتیکی سیاسیی سەردەمی خۆی دا. لینین ڕێبەرایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەری کرد و مۆدێلی ڕاپەڕینی شاری بۆ شۆڕشکردن خستەڕوو و بەو شێوەیە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. ئەم مۆدیلە بۆ شۆڕشکردن لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لە هەر شوێنێکی تردا تاقیکرایەوە تووشی شکست بوویەوە و ئەم زنجیرە شکستانە تا ساڵی ١٩٢٧ لە چیندا درێژەی کێشا. لە پاش لینین، ماوتسی تۆنگ نوقسانی و کەموکوڕییەکانی مۆدێلی ڕاپەرینی شاری لینینی دەستنیشانکرد و پاشان

لەسەر بنەڕەتی هزری مارکس، ئەنگڵس و لینین مۆدێلێکی تری بۆ شۆڕشکردن خستەڕوو. بەم جۆرە مارکسیزم-لینینیزم باڵی بەسەر سەدەی بیستدا کێشا.

لە سەدەی بیستدا، مارکسیزم- لینینیزم لە سەرتاسەری جیهاندا، زانستی شۆڕشکردن و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بوو. لەم پنتەوە نەک هەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەڵکو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی و بزوتنەوەی ئیسلامییش بەتوندی کەوتنە ژێر کاریگەریی مارکسیزم-لینینزمەوە و وەک کەرەستەی شۆڕشکردن سودیان لێ بینی. چەندین بزووتنەوەی مارکسی-ناسیۆنالیستی و مارکسی-ئیسلامی درووستبوون. لە هەر شوێنێکی دونیادا کۆمەڵێک یان بزووتنەوەیەک بیانویستایە ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا بکەن و یان شۆڕش بکەن، ئەوا بەناچار دەستیان بۆ مارکسیزم-لینینزم دەبرد، لەبەرئەوەی هەموو چەمک و کەرەستەکانی ڕێکخستن، مۆبۆلیزەکردن، ستراتیژی جەنگی شۆڕشگێڕانە، درووستکردنی شۆڕشگێر و ... هتدی پێشکەش دەکردن.

لەم پنتەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش کەوتە ژێر کاریگەریی مارکسیزم- لینینزمەوە و وەک کەرەستەی شۆڕشکردن سودیان لێ بینی و بەکاریانهێنا. بەڵام وەک نەوشیروان مستەفاش ئاماژەی پێدەدات تەنیا وەک کەرستەی شۆڕشکردن سودیان لێ بینی، ئەگەرنا هەڵگری ئایدیای مارکسیزم نەبوون و باوەڕیان بە فەلسەفە و تێڕوانینی مارکسیزم نەبوو نە بۆ مرۆڤ و نە بۆ ژیان و نە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاش. بەدەربڕینێکی تر، مارکسیزم- لینینزم تەنیا وەک کەرەستەی شۆڕشکردن لە شاخ سودیان لێ بینی و کە شۆڕشەکەیان سەرکەوت ئیدی پێویستیان بە کەرەستەکەش نەما و لە شاردا هەمان سیستەمی گشگیری جیهانی واتە سەرمایەدارییان جێبەجێکرد. لەم ڕووەوە دەسەڵات و حکومڕانیی پاش ڕاپەڕین نەک هەر بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە هزری مارکس، لینین و ماوتسی تۆنگەوە نییە بەڵکو تەواو پێچەوانەی ئەو نەریتە کاریانکردووە. دەبێت تەواو ئەو کلێشانە پێچەوانەبکەینەوە و بڵێین ئەوە ڕۆشنبیرە ڕاستڕەوەکانی دەسەڵاتی کوردییە کە وەک سیاسییەکانی کورد بەرپرس لەو داڕووخان و داڕمانەی کە ئێستادا تێیداین لەبەرئەوەی هەردووکیان سەر بە میراتی سەرمایەداری و لیبراڵیزمن.

**پرسیار: لەناو بەشێک لە چەپ و مارکسییەکانی دونیادا ئینتیمایەک هەیە کە کار لەسەر «گەڕانەوە بۆ خودی مارکس» دەکەن، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت هەرکام لە لینین، گرامشی و ماوتسی تۆنگ بە هەموو جۆرێک لە مارکس دەکەنەوە و سەرلەنوێ لە مارکسەوە دەستپێدەکەنەوە بەبێ ئەوانە. ئەم ئینتیمایە هەندێ جار تا ئاستی کاریکاتێر داکشاوە، بەڕادەیەک کە فریدریک ئەنگڵسی هاوڕێ و هاوبیری خودی مارکس لە مارکس دەکەنەوە! چەند کەسێکیش لە کوردستان هەن کە هەڵگری ئەم ئینتیما سەلەفییەن. پرسەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم ئینتیما سەلەفییە تا چەند دەتوانێت گەشە بە هەستانەوە و دەسپێکردنەوەی چەپ بدات لە باشوری کوردستان؟**

وەڵام: ڕوانگەیەکی میتافیزیکی هەیە کە پێی وایە شتەکان لەسەرەتادا بە کامڵی و بێگەردی دێنە بوون و پاش ئەوە لە مێژوودا، خەوشی تێدەکەوێت و دەڕووشێت و لە ڕەسەنێتی دەکەوێت. ئەمە بۆ دەرکەوتنی هەموو ئەو ئایدیا و هزرانە ڕاستن کە دواتر دەبنە دامەزراوە و بزووتنەوە و قوتابخانە و دین و .... هتد. لێرەدا قسەم لەسەر دینەکان نییە کە تاسەیان بۆ ڕەسەنێتی هەیە، لەبەرئەوەی هەموو دینەکان لە بنەڕەتدا جیهانبینییەکی میتافیزیکین. ئەوی گرنگە لێرەدا باسی بکەم جۆرەکانی تری ئایدیایە.

گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا و زاگەی ئایدیا و هزرەکان، لە بنەڕەتدا تاسەیە بۆ موقەدەس و بەهەشتی لەکیسچوو، کە دیوێکی تەواو ناوەکی و عیرفانیی هەیە. نۆستالیژیایە بۆ سەردەمێکی

بەجێماو، ئەمە لە لەکاتێکدا کە ئەو ئایدیا و هزرە لەسەردەمی خۆیدا وەڵامدانەوە بووە بە کۆنتێکستێک و بارودۆخی سەردەمی خۆی و شتێکی ئەبستراکت نەبووە. دواتر کە لە مێژوودا بەردوام دەبێت و ئەو کۆنتێکستەی کە تێیدا لەدایکبووە گۆڕانی بەسەردا دێت ئیدی ئەویش دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا بگۆڕێت و بەبەردەوامی خۆی نوێ بکاتەوە و بەشێکی خۆی نەفی بکات و بتوانێت لە ناو مێژوودا بژی.

لەلایەکی ترەوە گەشەی خودی ئایدیا یان هزرەکەیە کە لەسەرەتادا تەواو شکڵی نەگرتووە، وەک نیچە ئاماژەی پێدەدات، «لە گەڕانەوە بۆ هەموو سەرەتاکاندا، تەنیا بەر شتی خاو، بێشێوە، بۆش و دزێو دەکەوین. ئەوەی کە لە هەموو شتێکدا گرنگە ئاستە گەشەکردوو و بەرزەکانی ئەو شتەیە». ئەمەش لەو ڕووەوە گرنگە کە تاسە بۆ ڕەسەنێتی، نەفیی ئەو ئەزمون و مەعریفانە دەکات کە لە مێژوودا هاتوونەتە ناو ئاگایی و هۆشیاریی ئێمەوە لەمەڕ ئەوشتە. تاسە بۆ ڕەسەنێتی ئەگەرچی لە ڕوالەتدا ڕادیکاڵ دەردەکەوێت بەڵام لە ناواخندا تەواو کۆنەپارێزانە و دژە-زانینە و جۆرێکە لە جەهلی زانین. هەر بۆیە لەم بارەوە نیچە دەڵێت: «مەیلی ناکۆتای ناسین لە پێناوی ناسیندا، بە ئەندازەی ڕق و بێزاری لە زانین، مرۆڤ تووشی توندوتیژی و وەحشیگەری دەکات». گەڕانەوە بۆ سەرەتا و تاسەی ڕەسەنێتی مەیلی ناسینە لەپێناو ناسیندا، نەک ناسین لەپێناو هەلومەرجی مێژوویی و کۆنکرێتیی دۆخەکان.

لە ئێستادا، تەنیا بایەخدان بە خودی مارکس و جیاکردنەوەی مارکس لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمی سەدەی بیست هەمان تاسە بۆ ڕەسەنێتی و گەڕانەوە بۆ سەرەتایە کە لە ناواخندا بەقووڵی ڕوانگەیەکی میتافیزیکییە. ئەم جۆرە هەوڵانە سەرەڕای ئەوەی لە میژوودا کارناکات، خەساندن و لەناوبردنی پۆتانشێل و ماتەوزەی شۆڕشگێڕانەی مارکسە. ئەوەی کە ئەم جۆر تاسەدارانە دەیانەوێت مارکسی ئەبستراکت، مارکسێکە لە چەشنی بودا. (مارکسی ئەبستراکت مەبەست لە هزر و ئایدیای مارکسە پێشئەوەی پراکتیزەبکرێت و تەنیا لە تیۆردا بێت. واتە پێش ئەوەی بەر واقیع بکەوێت و لە پراکتیکدا ئەکچواڵ بێت و تاقیبکرێتەوە و لە بەرانبەردا کاتێک هزر و ئایدیای مارکس پراکتیزەدەکرێت واتە لە واقیعدا ئەکچواڵ دەبێت ئەوا مارکسیزمی کۆنکرێت دەردەکەوێت. ئەوەی کە دوابڕیار لە هەموو هزرێک دەدات کە تا چەند حەقیقەتێکی ئۆبێکتیڤە یان سوبێکتیڤ بریتییە لە پراکتیک نەک تیۆر، مارکس لە تێزی دوو، لەبارەی فۆیەرباخەوە ئەمە ڕادەگەیەنێت).

هانابردنی ئەم کەسانە بۆ مارکس لە بنەڕەتدا بۆ گۆڕینی جیهان و شۆڕشکردن نییە بەڵکو پەنابردنە بۆ باوکێکی ڕۆحانی و ئارامکردنەوەی دەروونی خۆیان لەبەرانبەر جیهانی ستەمکار و چەسێنەردا... لێرەدا دەتوانین بە جۆرێکی تر لەم ڕستەی نیچە تێبگەین کە وتی:» لە هەرشوێنێکدا ڕێگا بەرەو سەرەتا و زاگە بڕوات ئەوا بە بەربەرییەت کۆتاییدێت». جیهانی ئێستای سەرمایەداری بەرەو بەربەریەت دەڕوات و ئەلتەرناتیڤی واقیعی تەنیا مارکسیزمی کۆنکرێتییە، نەک تاسە بۆ خودی مارکس بە شێوەیەکی ئەبستراکت. کەواتە ئەو بزووتنەوە و کەسانەی کە تەنیا مارکس وەردەگرن و مارکسیزم و کۆمۆنیستی سەدەی بیستی لێ دادەبڕن یان ئەو بزووتنەوە و کەسانەی کە لە کۆمۆنیزمی سەدەی بیستدا قەتیسدەبن، هاوئاراستەی سەرمایەدارین بەرەو بەربەرییەت. بۆرژوازی بەباشی پاڵپشتی ئەم ڕوانگەیە بۆ مارکس دەکات و گەشە بە مارکسی ئەبستراکت دەدات لەبەرئەوەی نەک هەر لە هیچ خاکێکدا هیچی لێسەوز نابێت، بەڵکو هەموو ئەو هەوڵانەش لەناودەبات کە دەیانەوێت گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ بکەن.

لێرەشەوە دەبێت قسە لەسەر هەستانەوە و بەرهەمهێنانەوەی چەپ بکرێت. بە هیچ جۆرێک

هیچ جۆرە بێگەردگەراییەک و سەلەفیگەرییەک کۆمەکی هەستانەوەی چەپ ناکات. بەپێچەوانەوە ئەوەی یارمەتیی نوێبوونەوە و سەرپێکەوتنی چەپی نوێ دەدات سەنتێزکردن و تێهەڵکێشکردنی مارکسیزمی کلاسیک و ئاسۆ نوێکانی مارکسیزم و چەپگەراییە لە بەستێن و سیاقی باشووری کوردستاندا. میراتێکی گەورەی شۆڕشگێری سەدەی بیست کە لەناو نەریتێکی هزری گەورەی چەپدا سەرپێکەوتووە لەبەردەستماندایە و بە سەدان بیریار، فەیلەسوف، فیمینیست، دەروونشیکار، ئابووریناس، تیۆریستی پراکتیکی سیاسی و ...هتدی لەخۆگرتووە. ئەم گەنجینە گەورە بەشەرییە سەرچاوەی گەڕانەوە و ڕیفرێنسی ئێمەیە بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆماڵییانە و لۆکاڵیانەی چەپ...

# دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧

**ئالان بادیۆ**
**لە ئینگلیزییەوە: دەشتی مەحمود**

دەمەوێت جەخت لەسەر خاڵێک بکەمەوە کە وادەردەکەوێت ئەمڕۆ لەبیرکرابێت، لەدوای سەرکەوتنی دیاری سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهانی: شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ڕووداوێکی بێ‌پێشینە بوو لە مێژووی مرۆڤدا.

لەو ڕووەوە، ئەگەر هەموو شتەکان ڕەچاو بکەین، ئەوا دەبێت ئەوەمان لە بیربێت کە مێژووی مرۆڤایەتی تاڕادەیەک کورتە. هەمووی دەکاتە نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ ساڵێك، ئەوەش زۆر نییە بەراورد بەو ملیۆنان ساڵەی کە دایناسۆرەکان لەسەر هەسارەکەمان باڵادەست بوون. دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین کە لەو ماوە کورتە یەکبەدوای یەکەدا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەنیا یەک ‹‹شۆڕش›› کراوە: شۆڕشی چاخی بەردینیی نوێ. ئەو شۆڕشە بەواتای هاتنەکایەی ئامێری کاریگەر، کشتوکاڵی جێگیر، جێگیریی خاوەندارێتیی زەوی، گڵکاری، ئەگەری دروستبوونی زێدەخۆراک، ڕەخساندنی بوونی چینی بێکار و تەمەڵی فەرمانڕەوا، دەرەنجامی دروستبوونی دەوڵەت، نوسین، پارە، باج، تۆکمەکردنی (بە هیمەتی برۆنز) ئامێرە سەربازییەکان، بازرگانیی دوورمەودا...هەموو ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ چەند هەزارەیەک پێش ئێستا، ئێمە ئێستاش لە هەمان خاڵداین. تەنانەت ئەگەر بەرهەمە پیشەسازییەکان بە هاریکاریی زانستی مۆدێرن زۆرێک لە پرۆسەکانی گوڕپێدابێت و خێراکردبێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جیهان ئێستاش جیهانی بەربەرەکانێی دەوڵەتەکانە، بە شەڕ، بە باڵادەستیی ژمارەیەکی کەمی دارایی ئۆلیگارشی، بە گرنگیی یەکلاکەرەوەی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی، بە تاڵانبردنی سەربازیی کانزای خاو، بە هەبوونی چەند ملیۆن خەڵکێک کە زۆربەیان نەدارن. بزووتنەوە بەردەوامە بەکۆمەڵەکانی جووتیارانی هەژار لە هەموو ناوچەکان کە بەرەو شارە قەرەباڵغەکان دەڕۆن و ڕۆڵی کاری نزمی تیا دەگێڕن.

زۆر درەنگ، نزیکەی چەند سەدەیەک لەمەوبەر، پرسیاری بنچینەیی ئابوریی دەوڵەت بوو بە جەوهەری گفتوگۆی سیاسی. دەتوانین پیشانی بدەین یان مشتومڕی ئەوە بکەین کە لەو کاتەوە، هەمان کۆمەڵگای ڕێکخراوی ستەمکار و لایەنگر توانیویەتی بەتەواوەتی خۆی لەناو هەر فۆرمێکی دەوڵەتی (هێزی کەسی، یان دیموکراسی) بگونجێنێت. ڕێکخراوێک کە تێیدا زۆربەی بڕیارە

گرنگەکانی دەوڵەت پەیوەندیی بە پاراستنی بێسنوری خاوەندارێتیی تایبەتەوە هەیە، گواستنەوەی ئەو خاوەندارێتییە لەناو خێزاندا، و لەکۆتاییدا ڕێکخستنی هەموو جۆرە نایەکسانییەکی ترسناك، کە وەک شتێکی سرووشتی و حەتمی قبوڵکراوە.

پاشان دەستپێشخەریی شۆڕشگێڕی هاتە ئاراوە کە ڕێکخستنێکی تەواو جیاواز بوو بەراورد بەوانەی پێشووتر کە تەنیا شێوازی دەسەڵاتی سیاسییان خستبووە ژێر پرسیارەوە. تەواوی سەدەی نۆزدەهەم شکستی -زۆرجار خوێناویی- ئەم هەوڵە شۆڕشگێڕییانەی پێوەیە. کۆمۆنەی پاریس، بە سی هەزار قوربانیی کۆڵانەکانی پاریسەوە، وەک پرشنگدارترین کارەسات دەمێنێتەوە.

کەواتە با بڵێین: لە هەلومەرجی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی ستەمکاری ڕووسیا، کە کەمتەرخەمانە خۆی تووشی شەڕی مەزن(شەڕی جیهانی یەکەم)ی ١٩١٤ بۆ ١٩١٨ کردبوو، لەدوای یەکەمین شۆڕشی دیموکراتیك(شوباتی ١٩١٧) کە هەڵگەڕانەوە بەسەر ئەو دەوڵەتەدا؛ لەگەڵ ڕێکخستنی چینی کرێکاری گەنج، بەپەرۆش بۆ شۆڕشکردن بەبێ ئەوەی هیچ یەکێتییەکی موحافیزکارانە ڕێیان لێ بگرن؛ لەژێر سەرکردایەتیی حیزبی بەلشەفیکدا کە ڕێکخستنەکەیان بەشێوەیەکی سازشنەکەرانە بوو؛ و لەگەڵ لینین و ترۆتسکی دا کە فەرهەنگە مارکسییە بەهێزەکەی خۆیان بەهۆی ئەزموونی سەربازیی کۆمۆنەی پاریسەوە پێکهێنابوو؛ لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا یەکەمین سەرکەوتنی شۆڕشی پاش چاخی بەردینی نوێ، لە کۆی مێژووی مرۆڤدا ڕوویدا.

شۆڕش دەسەڵاتێکی دامەزراند کە ئامانجی دیاریکراوی بریتیبوو لە کۆتاییهێنانی تەواوەتی بە هەموو ئەو کۆمەڵگا ‹‹مۆدێرنانە››ی کە لەماوەی چەند هەزار ساڵێکدا بنیاتترابوون: کۆتایی بەو دیکتاتۆریەتە شاراوەیە هێنا کە کۆنترۆڵی دارایی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی کردبوو. ئەم شۆڕشە ڕێگای بۆ بنیاتنانی مۆدێرنەیەکی نوێ کردەوە؛ ئەو ناوە گشتییە تەواو تازەیە لە دیدی منداڵ‹‹کۆمۆنیزم››ـە و هەرواش دەمێنێتەوە. هەموو خەڵک لە تەواوی دونیادا بەبێ جیاوازی، لە کرێکار، جووتیار، خەڵکی ئاسایی تا ڕۆشنبیر و هونەرمەند ئەو شۆڕشەیان لەژێر ناوی ‹‹کۆمۆنیزم››دا ناساند. بە پەرۆش و بەرخۆدانێکی بەرچاو وەک تۆڵەیەک بەرامبەر ئەو شکستە سەختانەی سەدەکانی ڕابردوویان. ئێستا، لینین دەیتوانی سەردەمی شۆڕشە سەرکەوتووەکان ڕابگەیەنێت [واتە سەدەی نۆزدە بزووتنەوە چەپ و کرێکارییەکان شکستیان خوارد، ئەمەش بوو بە وزە بۆ ئەوەی لە سەدەی بیستدا بگۆردرێت بۆ سەرکەوتن!].

بە چاوپۆشی لە بەرجەستەبوونە تازەترەکانی ئەم سەرکێشییە بێپێشینەیە، و بە چاوپۆشی لە دۆخی ئێستا کە تێیدا دەستەوتاقمە بەبەردبووە نوێیەکان هەوڵدەدەن لە دوورترین پنتی جیهاندا دووبارە جڵەوی کاروبارەکان بگرنەدەست. شۆڕشی کۆمۆنیستیی ئۆکتۆبەر هێشتاش هەر بونیادی هەوڵی ئێمەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لە ئاستی زەمەنیی صەیرووڕەی مرۆڤدا، سەرمایەداری کە حکومماندەکات سیستەمێکی بەسەرچووە و تا دنیا دنیاشە هەر وەك بەسەرچوو دەمێنێتەوە. شتەکە بەم جۆرەیە، تەنانەت گەر بێتو ڕواڵەتەکان پێچەوانەکەی پیشانبدەن.

**سەرچاوە:**

١٩١٧-on-the-russian-revolution-of-october-٣٣٢٥/https://www.versobooks.com/blogs

# شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕزگاریی ژنان

**لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید**

شۆڕشـی سۆسیالیسـتی لـە ڕووسـیا و ئـەوەی کـە بەدوایـدا هـات لـە پێکهێنانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت، بـە ڕابەرایەتیـی هـاوڕێ لینیـن و پارتـی بەلشـەفیک، کـە دوایـی نـاوی نـرا پارتـی کۆمۆنیسـتی یەکێتیـی سـۆڤیەت بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر بەدنیـای نیشـاندا کـە شۆڕشـی سۆسیالیسـتی تاکـە ڕێگەیـە بـۆ ڕزگاریـی ژنـان. ئـەو سیاسـەتانە یەکـەم دەوڵەتـی سۆسیالیسـتیان دامەزرانـد لـە جیهانـدا و جێبەجێیانکرد، ژنـان و منـاڵان سـودمەندترین کـەس بـوون تیایـدا. ئـەو ژنانـەی کـە بەیەکسـانی بەشـداربوون لـە بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی کـە کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی قەیسـەر هێنـا. دوایـش حکومەتێکـی کاتـی دەسـەڵاتی گرتەدەسـت هۆکارێکـی گـەورە بـوو بـۆ گـۆڕان. وەکـو لینیـن وتـی «پرۆلیتاریـا ناتوانێـت ئازادیـی تـەواو بەدەسـت بهێنێـت بەبـێ بەدەسـتهێنانی ئـازادی تـەواوی ژنـان». لەیـادی سەدسـاڵەی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەردا، چـوار لایـەن لەبەرچاودەگریـن لـە ئەزمـوون و دەسـتکەوتەکانی سـۆڤیەت لـە خەباتـی جۆراوجـۆر بـۆ ڕزگاریـی ژنـان.

**١- چوارچێوەی کاری یاسایی**

**٢- گۆڕانـی مـادی، ڕۆڵـی ژنـان لـە بەرهەمهێنانـی کۆمەڵایەتییـدا و هـەوڵ و تێکۆشـان بـۆ چارەسـەرکردنی دابەشـکردنی کار بـە پێـی ڕەگـەزی نێرومـێ.**

**٣- خێزان و یاسای خێزان**

**٤- ڕۆڵی پارت و ڕۆڵی ژنان لەناو پارت دا.**

## سەنترالْکردنی گرێبەست

چیای نایەکسانی لە ڕووسیا لەکاتی شۆڕشدا گەلێ بەرز بوو. لەڕاستیدا لە سەدا ٨٥ی دانیشتوان پشتیان بە کشتوکاڵ بەستبوو کە لەلایەن خاوەنموڵکەکان و کۆلاکەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. چینی کرێکار بەشێکی کەم بوون بەراورد بە سەرژمێریی دانیشتوان. لەناو کارگە گەورەکاندا لە هەلومەرجی کاری ترسناکدا چڕکرابوونەوە، ئەویش ١٣-١٤ کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانە بەبێ هەبوونی سودمەندی[1]. یەک لەسەر سێی کرێکاران ژن بوون، نیو ئەوەندەی هەقدەستی پیاوانیان وەردەگرت، کە ئەو هەقدەستە بۆ خۆی زۆر نزم بوو. یاسای کار بۆ ژنان بوونی نەبوو. ڕێژەی ژنانی خوێندەوار تەنها ١٧ لە سەدابوو. ڕێژەی تەمەنی ناوەندیی ژیان بۆ ژنان ٣٤ ساڵ بوو. زۆربەی زۆری ژنان جووتیار و کرێکاری لادێ بوون کە مافی یاسایی زەوییان نەبوو.

خێزانی باوکسالاری، یەکەیەکی سەرەکی بوو بۆ بەرهەمهێنان. کاولکارییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم بوو بەهۆی نەبوونییەکی گەورە لەناو وڵاتدا. دوای جەنگ، یاسای نوێی کرێکاران ڕووبەڕووی گەمارۆیەکی خراپی ئابوری بووەوە لەلایەن دەوڵەتی ئیمپریالییەوە.

دووساڵ جەنگی ناوخۆ بە ڕابەرایەتیی شۆڕشگێڕان دژ بە موڵکدارەکان و سەرمایەداران و هێزەکانی لایەنگرانی قەیسەری توندوتیژ، خەسارەتیکی قورسیان بەجێهێشت. یەکسەر دوای ئەوە دوو وشکەساڵیی بەدوای خۆیدا هێنا کە بووەهۆی لاوازیی زەویی لادێکان. لەسایەی ئەو باگراوندە لە جەنگ و کاولکاری،

بەلشەفیکەکان لەژێر ڕێبەرایەتیی لینیندا هەموو هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیان گرتەبەر بۆ ڕزگاریی ژن لە کۆیلایەتی.

## لەناوبردنی چوارچێوەی یاسای نایەکسانی

لە شەش مانگی یەکەمی شۆڕشدا هەموو ئەو یاسایانەی کە هەبوون لەناوبران، یاسای دادپەروەریی ژێندەریی ژنان جێی گرتەوە. یەکەم کاری شوراکان نەهێشتنی زەویی موڵکدارەکان و دابەشکردنی بوو بەسەر جووتیاری لادێکاندا. لینین مافی هەبوونی زەویی دا بەژنان و ئیمزاشی کرد، بۆ ئەوەی ژنان لە هەبوونی زەویوزاردا یەکسان بن. ئەوە دەستکەوتێکی کەم نەبوو. لە ١١ی نۆڤەمبەر بەفیعلی ڕۆژی دوای شۆڕش، ماوەی کاتی کاری ڕۆژانە بە هەشت کاتژمێر دیاریکرا. کاری شەوانەی ژنان قەدەغەکرا. لە ١٤ی نۆڤەمبەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی خرایە دەستورەوە، تیایدا بۆ یەکەمجار لە جیهاندا سودمەندبوونی ژنان لە مافی لایەنی کەمی شەش هەفتە مۆڵەتی دایکایەتیی ڕاگەیاند.

مافی وەرگرتنی مۆڵەت لە کاتی سووڕی مانگانەدا بۆ کەسێک کە ئارەزووی بێمۆڵەت وەربگرێت. لە ١٩١٨ ئیمتیاز و سودمەندیی دایکایەتی فراوانتر بوو، دڵنیابوون لەوەی کە دایک بۆ هەموو سێ کاتژمێر جارێک کاتی مۆڵەتی شیردان بە کۆرپەکەی موچەی پێبدرێت. بڕیاردرا

---

١- سودمەندی: benefits مەبەستی هەبوونی داودەرمان وچارەسەری نەخۆشی و دەم ودان و بیمەی بێکاری و مۆڵەتی دایکایەتی و پشووە... بە خۆڕایی- وەرگێڕ

لایەنـی کەمـی کرێـی یەکسـان بەرامبـەر کاری یەکسـان بدرێـت بـە ژنـان. یەکێتیـی سـۆڤیەت یەکـەم وڵات بـوو لـە دنیـادا چوارچێـوەی یاسـای زەوی و کاری داهێنـا بـۆ ژنـان، دوای چەندەها دەیـە، حکومەتی سـەرمایەداری ناچارکـرا ئـەو یاسـایە تێپەڕێنێـت لەژێـر پاڵەپەسـتۆی شـەڕی چینایەتـی لەلایـەن خەڵـک خۆیانـەوە کـە سـۆڤیەت نمونەیەکـی ئیلهامبەخـش بـوو.

لـە حوزەیـرانی ١٩١٨ یەکـەم دەسـتوری ڕژێمـی سۆسیالیسـتی پشـتی پێبەسـترا، یەکـەم وڵات بـوو لـە دنیـادا مافـی یەکسـانیی دا بـە ژن و پیـاو بـۆ دەنگـدان، ئەویـش بەبـێ مەرجـی موڵکایەتـی و ڕادەی خوێنـدەواری. لەهەمـوو کایەکانـدا مافـی یەکسـان درا بـە ژنـان. لـە ڕووسـیا مافـی دەنگـدان لەلایـەن ژنانـەوە سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا، ئەویـش دەیەیـەک لەپێـش ژنانـی بەریتانیـاوە. شـوێنی لەدایکبوونـی چالاکوانـان بـوو بـۆ مافـی ژنـان لـە پێـش وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکاوە کـە تیایـدا ژنـان مافـی دەنگدانیـان نەبـوو تاکـو ١٩٢٠.

فەرمانـی بڵاوکردنـەوەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری جێگـەی گرنگیپێـدان بـوو. درووشـمی گرنگـی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری لـە هندسـتان هەرکەسـەو کەسـێك فێربـکات «دەیەیـەک پێشـتر لـە ڕووسـیای سۆسیالیسـتی وەکـو یاسا پشـتی پێبەسـترابوو. لـە دیسـەمبەری١٩١٩ بیسـت سـاڵ دواتـر لـە ١٩٣٩ لـە ڕووسـیا بـە شـێوەیەکی گشـتی کۆتایـی بـە نەخویندەواریـی ژنـان هـات.

ئـەم پێوانانـە ڕادیکاڵتریـن پێوانـە بـوون لـە یاسـای خێزانـدا، لـەم وڵاتـە سۆسیالیسـتییەدا یاسـای باوکسـالاری و یاسـای خێـزان کۆتایـی پیهێـنرا، ئەویـش پێـش چەندەهـا دەیـە لـە بەرگریـی ژنانـی فیمینیسـتی ڕۆژئـاوا بـۆ نەهێشـتنی پیاوسـالاری لەنـاو خێزانـدا. وردەکارییەکانـی لەبەشـی دواتـرە. لـە پێداچوونـەوە بـەو دەسـتکەوتانەدا لینیـن وتـی: نـە تاکـە پارتێکـی دیموکراتـی لـە جیهانـدا و تەنانـەت نـە پێشـکەوتوترین کۆمـاری بـۆرژوازی لـە چەندەهـا دەیـەدا ئـەوەی نەکـردووە، سـەد ئەوەنـدەی کـە لـە یەکـەم سـاڵی دەسـەڵاتماندا کردمـان. «بەڕاسـتی ئـەو یاسایەمان تێکشـکاند کـە ژنـی لـە پێگەیەکـی نایەکسـاندا دانابـوو».

ئەوە یەکەم هەنگاوی گەورە بوو، دامەزراندنی چوارچێوەی یاسای یەکسان و یاسایی.

## چارەسەرکردنی نایەکسانی و جیاکردنەوەی کرێکار لەڕووی ڕەگەزی نێرومێوە

تیـۆری مارکسـی بـۆ ئازادیـی ژن هەڵگـری ئەمەیـە: دابەشـبوونی لـەڕووی ڕەگەزەوە(بەرهەمهێنانـی ڕەگـەزی بەشـەری و ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان) کاتێـک چارەسـەردەکرێت کـە ژنـان پێبەپـێ یەکسـان بـن لەگـەڵ پیـاوان لـە بەرهەمهێنانـی کۆمەڵایەتـی دا. نەهێشـتنی خێـزان وەکـو یەکـەی بنچینەیـی بەرهەمهێنـان، کاتێـک کـە بەرپرسـیارییەکانی بەرهەمهێنـان دابەشـدەکرێت. ژنـان ئـازاد دەبـن لـە جێبەجێکردنـی ئەرکەکانـی ناوماڵـدا. وەکـو لینیـن وتـی: سـەرەڕای هەبوونـی ئـەو هەمـوو یاسـایانە، ڕزگاربوونـی ژنـان تەنهـا کاتێـک دەسـتپێدەکات کـە خەباتـی سەرتاسـەری دەسـتپێدەکات دژی ئەرکـە بچوکـەکان...

سرووشـتی خـودی ئابوریـی سـەرمایەداری لەسـەر بـازاڕی سـەرمایەداری وەسـتاوە. ڕووبـەڕوو لەگـەڵ بەدیهێنانـی ئەوپـەڕی توانـای قازانـج کـە هەرگیـز نابێتـە چارەسـەری کێشـەکان. مەرجـی سـەرەکیی موڵکیەتـی گشـتیی ئامـرازەکانی بەرهەمهێنـان و هێـزی ئابوریـی پلانبۆدانـراو. یەکـەم دەوڵەتـی کرێـکاری پێـش هەمـوو شـتێکە بـۆ چارەسـەری ئـەم لایەنـە. کرانـەوەی خولـی ڕاهێنـان، لـە قوتابخانـە پیشـەییەکان و مەشـقکردن لەکاتـی کاردا بـۆ گەشەسـەندنی ڕادەی زیرەکـی، لەگـەڵ زیادکردنـی ژمـارەی ژنانـی کرێـکار کـە بنچینـەی دەوڵـەت بـوون لـە مێـژوودا بـۆ بزووتـن بـەرەو نەهێشـتنی هەبوونـی دوو ئـەرک» «بەسـەر

ژنانـەوە، کـە ژیانـی ژنانـی کرێـکار جیادەکاتـەوە. دەوڵەتـی سۆسیالیسـتی دەسـتیکرد بـە کردنـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـە سـەنتەری چاودێـری بـۆ منـاڵان و کردنـەوەی شـوێنی جلشـۆرین، ئەنجامەکانـی زۆر بەرچاوبـوون. لـە دەیـەی دواتـردا ملیۆنـان ژن تەقلیـدی ترادسـیۆنیان تێکشـکاند. لـەکاری قازانجهێنـدا سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنا یەکسـان لەگـەڵ پیـاوان. لـە هەمـان کاتـدا ئەرکەکانـی ماڵـەوە بەشـێوەیەکی زۆر، کەمبوونـەوە. ژن ڕۆڵـی سـەرەکیی گێـڕا لـە درووسـتکردنەوەی ئابوریـی وڵاتـە سۆسیالیسـتییەکەدا.

لەسـەدا ٣٦ــی ژنانـی دەرچـووی قوتابخانـەکان زۆرایەتییـان پێکهێنا لـە کارکردن لـە بوارەکانـی فێرکردن و تەندرووسـتی، ئەندازیـاری و پزیشـکی و زانسـت دا. کارکـردن لـە زەویـی لادێـکان گـۆڕا بـۆ کاری هەرەوەزیـی کشـتوکاڵی، ژمارەیەکـی زۆر لـە ژنـان بەشـداربوون بـە ڕێـژەی بیسـت ملیـۆن، بەهەزارانیـان کاری ڕابەرایەتییـان دەکـرد وەکـو بەڕێوەبـەر و، جێگـری سـەرۆک. یەکەمجـار بـوو لـە مێـژووی جیهانـدا لەنـاو چەنـد دەیەیەکـدا دوای شـۆڕش، ژن پانتاییەکـی یەکسـانی داگیرکـرد لـە هەمـوو بـوارەکانی کارکـردن و کاری مرۆڤایەتیـدا.

## یاسای خێزان

شـۆڕش گسـکی لـە هەمـوو ئـەو یاسـا کۆنانـە دا کـە دژی ڕەگـەزی ژن بـوون، یاسـایەک جێـی گرتـەوە کـە تیایـدا ژنـان و پیـاوان مافـی یەکسـانیان هەبـوو لـە هاوسـەرگیری و جیابوونـەوەدا. هەروەهـا دڵنیایی لـە پاراسـتنی منـاڵ و نەفەقەپێدانـی و مافـی یەکسـان لـە موڵکدارییەتـی دا بەخـشی. هەڵوەشـاندنەوەی جیاوازیـی نێـوان ئـەوەی کـە پێـی دەڵێـن منداڵـی شـەرعی و منداڵـی ناشـەرعی، دەوڵـەت هەڵگـری بەرپرسـیارییەتیی یاسـای چاودێریـی منـاڵ دەگرێتەئەسـتۆ لەگـەڵ دڵنیابـوون لـە مافـی یاسـایی لەژێـر چاودێریـی دایـک و بـاوک تاکـو تەمەنـی ١٨ سـاڵی.

یاسـا مافـی منـاڵ لەباربردنـی دا بـە ژنـان. یەکـەم وڵات بـوو لەدنیـادا لـە بەخشـینی مـاف بـە تـاک لـە هەڵبژاردنـی سـێکس، ئیلغاکردنـەوەی یاسـای دژی هۆمۆسـێکس و هاوڕەگەزبـازی و جـۆری تـر لـە چالاکیـی سێکسـی بـە ڕازیبوونـی هـەردوولا.

بـە نزیکبوونـەوە لـە حکومەتـی سۆسیالیسـتی، لـە ١٩٢٣ نامیلکەیەکـی ڕەسـمی بڵاوبـوەوە، تێیـدا نوسرابـوو:

«یاسـای سـۆڤییەتی ئـەوە ڕادەگەیەنێـت کـە دەوڵـەت و کۆمەڵگـە بـە هیـچ جۆرێـک خـۆ هەڵناقورتێنن لـە کێشـەی سێکسـی، تاکـو ئـەو جێیـەی کـە کـەس بریندارنەبێـت و لـە بەرژەوەندیـی کەسـدا نەبێـت». لەشفرۆشـی بـە نایاسـایی دانەنـرا، سـەرەڕای ئـەوەی کـە بەتونـدی خەلکیـان هـان نـەدەدا، ئـەو ژنانـەی کـە بازرگانییـان پێـوە دەکـرا دەهێـنران بـۆ کاری بەرهەمهێـن.

لـە سـاڵی ١٩٢١دا لیژنـەی حکومـی دژی لەشفرۆشـی بـوو. حکومـەت بەنیـاز نەبـوو بەهیـچ جۆرێـک خـۆی لـە پەیوەندییـە سێکسـییەکاندا هەڵبقورتێنێـت، هەمـوو ناچارکردنێـک دەبێتـە هـۆی شـێواندنی چارەنوسـی سێکسـیی هاونیشـتمانیی خاوەنئابوریـی سـەربەخۆ. بەلشـەفیکەکانی سـەرەتا، لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە خێزانـی باوکسـالاری نەمێنێـت، یەکـەم یاسـای خێـزان ڕەنگدانـەوەی ئـەوە بـوو. ئیلتیزامـی دەوڵـەت بـە هەڵوەشـاندنەوەی خێزانـی باوکسـالاری تاسـانێکی کتوپـڕ بـوو.

بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی عـادەت و تەقالیـدی کـۆن و گۆڕینـی بـە نرخـی یەکسـان، یاسـا پشـتگیریی لێکـرد.

توندوتیژیـی ناوخێـزان دەبێتەهـۆی گرتنەبـەری تاوانـی گـەورە و ڕەتکردنـەوەی کۆمەڵایەتـی. بـەراورد بـە باروگوزەرانـی وڵاتـە سـەرمایەدارییەکان. توندوتیژیـی هاوپیشـەکان بـاو و مەترسـیدارە. باروگـوزەران

لـە ڕووسـیای سۆسیالیسـتی‌دا بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی باشـترە. بـەڵام لـە سـیاقی تاقیکرنـەوەی یاسـای ئازاد و یاسـای جیابوونـەوە و زوو هەڵوەشـاندنەوە و هاوسـەرگیری تۆمارکـرا. وادیـارە کـە پیـاو بەتـەواوی سـودمەندبوو. هەروەهـا چەوسـانەوەی ژنـان لـەڕووی سێکسـەوە لـە پەیوەندییـە کورتەکانـدا و دوای ئـەوە جێهێشـتنی،

زۆر جار جێهێشتنی بە منداڵی شیرخۆرەوە بووە بە دیاردەیەکی باو.

بـە شـیوەیەکی گونجاو یاسا ڕێکخرایـەوە، تۆمارکـردن ئیجبـاری بـوو. دڵنیایـی لـە دانـی نەفەقـە کـرا، یاسـای جیابوونـەوە کـە پێشـتر پیـاو سـودمەندبوو لێـی، دوایـی زەحمەتـتر بـوو بـۆ پیـاوان. ئـەم گۆڕانـە بەشـێوەیەکی فـراوان ڕەنگیدایـەوە لـە دیبەیتـی گشـتی دەربـارەی خێـزان و پەیوەندییـە کەسـیەکاندا بڵاوبـوەوە. هەروەهـا بـووە هـۆی دەرکەوتنـی نەرمـی، تێگەیشـتنی باوکایەتـی لـە وەهمـی ئـەوەی گوایـە گۆڕانـی بـاری مـادی ئۆتۆماتیکـی دەبێتـە هـۆی هەرەسـهێنانی ئایدیۆلۆژیـای بـەرزی پیـاوان.

لـەو سـاڵانەی دواییـدا بـە ڕابەرایەتیـی هـاوڕێ سـتالین، ژنـان پێشـکەوتنێکی ئابوریـی مەزنیـان بەدەسـتهێنا، بـەڵام هەوڵـەکان جیـاواز بـوون لـە شـەڕی نیشـتمانی بـۆ بەرگـری لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت دژی فاشیسـتەکان.

دیسـانەوە ژنـان پێشـەنگ بـوون لـە جەنگـی پاڵەوانێتـی کـە هانـدەر و ئیلهامبەخشـەکەی لـە کاری بێوێنـەدا سـتالین بـوو. بـەلام لـەو کاتـەدا و بەتایبـەت دوای جەنگـی جیهانیـی دووەم، ڕۆڵـی خێـزان لـە دووبارە بنیاتنانـەوەی وڵاتێکـی وێرانـی دوای جەنـگ، شـێوەیەکی وەرگـرت کـە جەختـی لەسـەر ڕۆڵـی دایـک دەکـردەوە، ئەرکـی بـوو نەوەیەکـی نـوێ بەرهەمبێنێـت. هەروەهـا ڕۆڵـی تـری ترادسـیۆن کـە بەتونـدی بەرەنـگاری کرایـەوە لەلایـەن پارتـی بەلشـەفیکیی سـەرەتاییەوە. مافـی لەباربردنـی کۆرپەلـە لـە ١٩٥٥ گەڕایـەوە. ڕۆڵـی دایـک لـە بـوارە ناوخۆییەکانـدا جەختـی لەسـەرکرایەوە.

لـە سـاڵی ١٩٤٤دا فرمانـی خێـزان ڕێکخرایـەوە، هەنـدێ لایەنـی گرنـگ کـە لەسـاڵەکانی یەکەمـدا بـە ڕێـگای جیـاوازدا هەبـوون لـەدوای جەنـگ و شکسـتەکانی. لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆربـەی ڕەخنەگـران ناتوانـن نکۆڵـی لـە پـرۆژەی سۆسیالیسـتی بکـەن لـە ئەزمونـی سۆسیالیسـتی کـە حـەوت دەیـە بـەردەوام بـوو، دەریخسـت کـە دەکـرا سـتراکتۆری خێـزان و پەیوەندییـە تاکەکەسـیەکانی نێـوان ژن و پیـاو گۆڕانکاریـی تێدابکرێـت و هەوڵبدریـت بـۆ بەدیهێنانـی یەکـەم دەوڵەتـی کرێـکاری.

## ڕۆڵی هاوبەشی ژنانی پێشەنگی کۆمۆنیست لە ڕزگاریی کۆمەڵایەتی‌دا

پارتـی کۆمۆنیسـت بەشـێکی جیـای کـردەوە بـۆ مەشـقی ژنـان لەسـەر سیاسـەتی پراکتیکـی، ئـەو بەشـە ناونـرا سـهینەدێڵZhenotdel کـە بـە هاندانـی ڕاسـتەوخۆی لینیـن دامـەزرا. کاری یەکجـار مەزنـی ئەنجامـدا. مەشـقکردنی ژنـان لـە کارەکـەدا لـە کاتـی شـۆڕش دا، ئەندامانـی پارتـی ژنـان تەنهـا ١٠ لـە سـەدابوون. لـە نێوەنـدی سـهینەدێڵ گەیشـتە ملیۆنـان ژن، ڕۆژنامـەی تایبـەت ڕێکخـرا بـۆ ژنانـی کۆمۆنیسـت و ژنانـی کرێـکار لـە پێنـاوی مەشـقی ئایدیۆلۆژییـدا. ئەنجامەکانـی تابڵێـی یارمەتیـدەرو پاڵنەربـوون بـۆ زیاتـر نوێنەرایەتیـی ژن لـە هەمـوو ئاسـتە هەڵبژێردراوەکانـدا. تاکـو نزیکـەی ٤٠ لەسـەدا لـە دەیـەی یەکەمـدا. ئـەوە جارێکـی تـر دەسـتکەوتیکی مێژوویـی بێوێنـە بـوو تاکـو ئەمـڕۆ لـە وڵاتـە سـەرمایەدارییەکاندا. لـە ١٩٣٠ سـهینەدێڵ هەڵوەشـێنرایەوە گوایـە ئەرکەکانـی کامـڵ بـووە و پڕبووەتـەوە. پێشـتر وا دەردەکـەوت کـە بڕیارەکانـی لـە پێشـە و زۆرکاری کـردووە.

ڕیکـۆردی مێژوویـی بـۆ پێشـکەوتنی ژنـان ئەگـەری هەبـوو بـە هـۆی دیـدگای بەلشـەفیکەکان و ژنـان و پیـاوان و ئـەو ڕۆڵـەی ژنانـی شۆڕشـگێری کۆمۆنیسـت دەیگێڕێـت. بەهـۆی پاڵپشـتیی لینینـەوە، ژنانـی

پێشـەنگ دەیانتوانـی بەوپـەڕی بـڕواوە  ببزوێـن و تەحـەدای پیاوسـالاری بكـەن لەنـاو خێزانـدا. نـاوی ئـەو ژنـە ڕابـەرە كۆمۆنیسـتە پاڵەوانانـەی كـە شـەو و ڕۆژ كاریاندەكـرد و خەونیـان بـە دنیایەكـی نوێـوە دەبینـی  ئـەم ژنانـە بـوون:

ئەلێكسـاندرا كۆڵنتـای، ئنسـا ئەرمانـد،  نـادوژدا كرۆپسكایا(هاوسـەری لینیـن)، كـەی سـاملینۆڤا، ماریـا ئۆڵیانۆڤا(دایكـی لینیـن). سـۆفیا سـمیدۆڤیچ، لیبودمیـلا سـتاڵ، زلاتـە لیلیانـە، ڕۆزەڵیـا زملاچیـكا، ئینۆڤـا ساسـۆڤا، ڤێـرا گۆڵۆلڤیـا، پۆڵینـا ڤـی، ئەلكسـاندرا ئاڵتوكینـا، ڤێـرا لبدیڤـا، زۆری تـر. ئەوانە لەنـاو حكومەتدا پێشـەنگ بـوون، لەنـاو سـوپای سـووردا، لـە بـواری فێركردنـدا، لـە بـواری یاسـادا، لـە بەشـی پزیشـكیدا، لەنـاو لیژنـە جیاوازەكانـدا، لـە شـوراكاندا، لـە بـواری هاتوچـۆی ئۆتۆمبیلـدا بـۆ گۆڕانـی كۆمەڵایەتـی و هاتوچـۆ. مێـژووی تاكەكەسـییان نـاسراو و نەنـاسراو بـوو. سـەرەڕای هەبوونـی دوا ئەرشـیفیان لـە خەبـات لـە دامەزراندنـی یەكـەم وڵاتـی سۆسیالیسـتی دا.

لـەم سـەد سـاڵەی شـۆڕشـی ئۆكتۆبـەردا، لـە ڕابـردووی ڕژێمـی سۆسیالیسـتی بـە ڕووسیاشـەوە، كـە لەلایـەن سـەرمایەدارییەوە دەسـتی بەسـەردا گیـرا،  دیراسـەیەكە لـە ناكۆكـی و گەڕانـەوەی هەمـوو نایەكسـانییە كۆنـەكان.

تازەتریـن سـەرژمێری ئـەوە نیشـاندەدات كـە ژنـان لـە خراپتریـن بـاردان لـە هەمـوو دنیـادا، بـە ڕووسیاشـەوە.

زۆر سـەركەوتن و سـەرنەكەوتن هەبـوو، دەسـتكەوتی گـەورە هەبـوو هەروەهـا شكسـت، لـە پێنـاو ڕزگاركردنـی ژنانـدا لـە نێوەنـدی ٧٥ سـاڵی ژیانـی یەكێتیـی سـۆڤیەتدا؛ بـەڵام لـەو سـاڵانەدا جێگیربـوو، هەنـگاوی گـەورەش نـرا بـەرەو بەدیهێنانـی هیـوای ئازادیـی كۆمەڵایەتـی بـۆ ژن كـە لـە چوارچێـوەی سۆسـیالیزمدا نەبێـت بـەدی نایـەت.

**سەرچاوە:**

pd/october-revolution-and-womens-_١١٠٦/٢٠١٦/http://peoplesdemocracy.in
emancipation

# ژنانی تەنیشتی لینین

**ئامادەکردنی: ئاری مەحمود**

**بەبێ بەرپابوونی شۆڕش ژن ئازاد نابێت و بە بێ بوونی ژن شۆڕش سەرناگرێت.**

کێ بـوون ئـەو ژنانـەی کـە بەشـداری شـۆڕشی گـەورەی ڕووسـیایان کـرد؟ ئایـا تاکـە تاکـەی پەراوێزخراو بـوون یاخـود دەیـان و سـەدان هـەزاران بـوون هـاوڕێ لەگـەڵ جوتیـاران و کرێکارانـدا لـە پشـتەوەی ئـاڵای سـوور درووشـمی کۆمارەکانـەوە بـەرەو داهاتوویەکـی نـوێ حوکمـی دینیـی قەیسـەریان تێپەڕانـد!
ئەگـەر چاوێـک بـەو مێـژووەدا بخشـێنین دەیـان و سـەدان لـەو ژنـە پاڵەوانانە بـەدی دەکەیـن کە وەک سـەربازی ون بەشـداربوون لـە شـۆڕشی ئۆکتۆبـەردا، ژنـانی نـاو شـار و گونـدەکانی وڵات کـە جەنـگ وێـرانی کردبـوون و برسـێتی باڵـی بەسـەردا کێشـابوون، ئـەو ژنانـەی کـە تەنوورەیـان لەبـەردا بـوو وملپێچیـان بـە ملـەوە دەکـرد و چاکەتێکـی زسـتانەیان لەبـەردا بـوو کـە هەمـووی پینـە پینـە و دڕاو بـوون، گەنـج و پیـر و لاو و ژنـە جووتیـار و کرێـکار و ژنی سـەربازەکان و خەڵکـی هـەژاری شـارەکان هەمـوو تێکـڕا پێکـەوە هەڵگـری ئـاڵای سـووری شـۆڕش بـوون، بـەڵام ئـەوەی جێـی تێڕامانـە ئەوەیـە کـە ژنـانی فەرمانبـەر و پیشـەوەر بەشـدارییەکی کەمیـان هەبـوو، ئـەوە نەبـێ هەندێـک لـەو ژنـە ڕۆشـنبیرانە ئـاڵای سـەرکەوتنی شـۆڕشی ئۆکتۆبەریـان هەڵگرتبـوو ئەوانیـش بەشـێک لـە مامۆسـتا و پزیشـک و خوێنـدکاری ناوەنـدی و زانکـۆکان بـوون.
ئـەوان زۆر ئازایانـە و چاونەترسـانە بـەرەو بـەرەکانی جەنـگ دەڕۆیشـتن، بـۆ هەرکوێیـەک کـە شـۆڕش پێویسـتی پێیـان هەبووایـە دەڕۆیشـتن. خـودەی سـەربازییان لەسـەر دەکـرد و دەبـوون بـە جەنگاوەرێکی سـوپای سـوور. ئەوانـەشی کـە پـەڕۆی سـووریان بـە باڵیانـەوە دەکـرد نیشـانە بـوو بـۆ پێشکەشـکارانی فریاگوزارییـە سـەرەتاییەکانی بـەرەی سـوپای سـوور لـە ڕووبـەڕوو بوونـەوەی کیرینسـکی لـە گاتشـینا. هەروەهـا لـە بـەشی پەیوەندییەکانیـش کاریـان دەکـرد، زۆر بـە هیـواوە کاریـان دەکـرد و باوەڕیـان وابـوو کـە شـتێکی هەرەگرنـگ ڕوو دەدات، ئـەوان هەمـوو وەک دیشـلێکی بچوکـی مەکینـەی شـۆڕش بـوون.
لـە گوندەکانـدا ئـەو ژنانـەی کە(هاوسـەرەکانیان نێردرابـوون بـۆ بـەرەکانی جەنـگ) ئـەو زەوییانـەی کـە بـۆ سـەدان سـاڵ لێیـان دابڕێنرابـوون لەدەسـت چینـی ئەرسـتۆکراتەکانیان سـەندەوە. مرۆڤ کاتێـک

ڕوداوەکانی ئۆکتۆبەر دێنێتەوە یادی تەنها لە یەک ڕووەوە نایبینێت، بەڵکو کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو لایەکەوە خەریکی کۆبوونەوە و کۆڕ و خۆپیشاندان بوون، خەڵکی هێندە زۆر بوون کە وەک دەریا شەپۆلیان دەدا.

سەرەڕای ئەوەی کە تا ئەو کاتەش ژنان بە دڵنیاییەوە نەیاندەزانی چییان دەوێت و لە پێناوی چیدا دەجەنگن، بەڵام تاکە شتێک بیزانن ئەوە بوو کە چیتر نایانەوێت خاوەن زەوی و دەوڵەمەندەکان لە ناویاندا بن، ژنان پێکهێنەری سەرەکیی ئەو پێکدادانە جەماوەرییە گەورەیە بوون.

ڕۆژێک دێت مێژوو نوسان دێن و کاری ئەو ژنە پاڵەوانە نادیارانە دەنوسنەوە کە بەگوللەی سوپای سپی کوژراون، ئەوانەی کە هەڵگری ئاڵای سوری سۆڤێت بوون و لە پێناو شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەر و ژیانێکی نوێ بۆ جەماوەری کرێکاراندا گیانیان بەختکرد.

## چەند نمونەیەکی دیاری ئەو ژنانە

### یەکەم/ نادوژدا کرۆپسکایا:

هەرکەسێک بیەوێت ئاگاداری ڕێچکەی ژیانی نادوژدا کرۆپسکایای ژنەهاوڕێی فلادیمێر لینین بێت بێگومان تووشی سەرسوڕمان دەبێت و شۆک دەبێت لەهەمبەر ئەم ژنە ناوازە و دەگمەنە، ئەکرێت بوترێت کە ئەگەر کرۆپسکایا نەبووایە ئەوا لینینیش نەدەبوو بەڵکو ئەگەر کرۆپسکایا نەبووایە ئەوا بەشێکی زۆری ئەو پێشمەرجانەش نەدەبوون کە هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری گەورە بوون.

ئەوەی کە نوسراوە و وتراوە و بەڵگە و ئەرشیفن لەسەر کرۆپسکایا وات لێدەکات کە بەڕێزێکی زۆرەوە لەبەرامبەری ڕابووەستیت و ترسی ئەوەت دەبێت کە ئەگەر بتەوێت شتێک بنوسیت لەبارەی کەسایەتیی کرۆپسکایاوە نەتوانیت هەقی خۆی پێبدەیت. کرۆپسکایا هەموو شتێک و هەرشتێک بوو کە پەیوەندیی بە لینین و شۆڕش و چارەنووسی ڕووسیاوە هەبوو.

سکرتێری لینین و جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئیسکرا بوو، بەرپرسیارێتیی ناردنی ڕۆژنامەی ئیسکرای بۆ ناو ڕووسیا و سەرپەرشتیاری پێشوازیی ئەو هاوڕێ و لایەنانەی دەکرد کە دەهاتن بۆ لای لینین، سەرپەرشتیی تەواوی هۆیەکانی پەیوەندیکردنی دەکرد، تەواوی نامەکان ئەو دەینوسی و کۆدی بۆ دادەنان و هەر خۆی کۆدی نامەکانی تری دەشکاند.

سەرەڕای ئەوەش کرۆپسکایا هاوکاری لینین بوو لە مەنهەجیەتی خوێندنەوە جیاوازەکان و نوسینەکانیدا، لەوەش زیاتر کرۆپسکایا مەنهەجییەتی خۆی بۆ لینین گواستەوە.

کرۆپسکایا هەرگیز نەیدەویست دەربکەوێت، بە نهێنی لە هەموو سەر سووچی کۆڵانێک ڕادەوەستا و گوێی هەڵدەخست بۆ هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە دەکران و ئاگاداری هەموو شتێک بوو، دواتر بە ڕاپۆرتێک دەیدا بە لینین پاش ئەوەی ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر دەدان و تێبینییە بەسوودەکانی خۆی پێشکەش بەلینین دەکرد.

کرۆپسکایا لەو ڕۆژانەدا هیچ بەشدارییەکی نەبوو لەو کۆبوونەوانەی کە لەبارەی بابەتە بە بایەخەکانەوە دەکران، وەک ئەوەی ئایا شوراکان دەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست یاخود نا؟ بەڵام ئەو وەک باڵی ڕاستی لینین بوو، بەبێ هیلاکبوون کاری دەکرد، هەندێ جاریش ئەگەرچی

دەگمەنیش بوو بەڵام کۆمێنتی خۆی دەدا لە کۆبوونەوەکانی حیزبدا، کرۆپسکایا هەر بەو شێوەیە مایەوە تەنانەت لە هەلومەرجە زۆر سەختەکانیشدا، ئەو کاتانەی کە بەشێک لە هاوڕێیان تووشی گومان و بێئیمانی بوون بە سەرکەوتن، بەڵام ئەو باوەڕی پتەوتر بوو بە ڕەوایەتیی شۆڕش و سەرکەوتن. نادوژدا کەسایەتییەکی بەپەرۆش بوو و لەنێو لەخۆبوردوویدا شارابووەوە، کاریگەربی زۆری لەسەر ئەوانە هەبوو کە لەگەڵ سەرکردەی گەورەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا مانەوە.

کرۆپسکایا لە تەنها بوارێکدا ئەرکی نەگرتبووە ئەستۆ بەڵکو ژنێک بوو لە مەیدانی فێرکردن و پەروەردەدا مامۆستایەکی شارەزابوو، ئەو پێش ئەوەی لینین و حیزبی بەلشەفییەکان وەک ئەوەی هەن لەدایک بن بەلشەفی و لینینی بوو بەواتای وشە، یەکێک بوو لەو ژنانەی کە سەرەتاکانی گەنجێتیی خۆی و دەیەی ١٨٩٠ تەرخان بکات بۆ پەروەردەی مارکسیزم و تەواو ڕۆچووبوو لە ڕەوتە جەماوەرییەکەی مارکسیزم و بەتەواوەتی خەریک بوو بە پەروەردەو فێرکردنی کرێکاران بە چەمکە مارکسییەکان.

پەروەردە بۆ کرۆپسکایا تەنها بریتی نەبوو لە پێگەیاندنی خود و ئەخلاقیات و خوێندن و خوێندەواربوون بەڵکو بۆ ئەو پەروەردە بریتی بوو لە پەروەردە و ئەخلاقیاتی کۆمۆنیستی و ئاشنابوون بە چەمکە مارکسییەکان.

ئەو تەواوی ژیانی و تەنانەت پێش ئەوەی لینین بناسێت و چ دوای ناسینی لینین تەرخانکردبوو بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و تا دواجار لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش دەبێت بە وەزیری پەروەردەی یەکێتیی سۆڤیەت.

کرۆپسکایا هێندە ڕۆڵی هەبووە لە پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، تا ڕێکخراوی یونیسکۆ ساڵانە خەڵاتێکی جیهانی بەناوی ( کرۆپسکایا) دەبەخشێت بەو کەس و دامەزراوە پەروەردەییانەی کە ساڵانە ڕۆڵ دەبینن لە کەمکردنەوەی دیاردەی نەخوێندەوارییی.

## دووەم: یلینا دیمیترۆڤنا ستاسۆڤنا:

ژنە شۆڕشگێڕێکی تر لەوانەی هاوڕێی خەبات و تێکۆشانی لینین بوو لە ساتە سەختەکاندا یلینا دیمیترۆڤنا ستاتۆڤنا بوو کە سکرتێری لیژنەی ناوەندی حیزب بوو، خاوەنی کەسایەتییەکی دەگمەن و توانایەکی زۆری کارکردن بوو، توانایەکی باشی هەبوو لە هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو. ئەو هەمیشە دەفتەرێکی پێبوو بۆ نوسینەوەی تێبینییەکان و بەردەوام کرێکاران و پەیامنێرەکانی جەنگ و سەربازەکان و ئەندامانی حیزب و ئەنجومەنە کرێکارییەکانی لەدەور کۆدەبوونەوە لەچاوەڕوانی فەرمانێکی ئەمدا بوون یاخود وەڵامێکی خێرای پرسێکی دیاریکراو.

ستاسۆڤنا بەرپرسیارێتی زۆر کاری گرنگی گرتبووە ئەستۆ، ئەگەر هاوڕێیەک هاوکاری پێویست بووبێت ئەم ئامادەبووە بۆ پێشکەشکردنی ئەوەی کە لە توانایدا بووە.

ستاسۆڤنا لە پێناو کێشەی بەرز و پیرۆزی سۆشیالیستیدا تووشی نەهامەتی زۆر بوو بەهۆی دەسگیرکردن و دوورخستنەوەی لە زیندانەکانی ڕووسیای قەیسەری، کاتێکیش لە زیندان دێتە دەرەوە بە تەندروستییەکی خراپ و بەلاوازی دەبینرێت، بەڵام ئاڵای دۆزێکی هەڵگرتووە کە ڕاگرەکەی وەک پۆڵا پتەوە، سەرەڕای لاوازبوون و باری ناهەمواری تەندرووستی خۆی ستاسۆڤا زۆر نەرم و نیان دەردەکەوت و کاریگەری خۆی دادەنا لەسەر کۆژانی هاوڕێکانی، هەموو ئەو شتانەی کە باس کران لە ژنێکی دڵگەرمەوە نەبێت لە هیچ کەسێکی تر ناوەشێتەوە.

# شۆڕشی ئۆکتۆبەر & سەرنجێک لەسەر ڕۆشنبیر

هاوڕێ عەبدوڵا، شالاو یاسین

**دەربارەی شۆڕشەکە:**

شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩١٧ـی ڕووسـیا لـەدوای شکسـتی کۆمۆنـەی پاریسـەوە یەکەمیـن شۆڕشـی سۆسیالیسـتی بـوو لـە مێـژوودا. ئـەم شۆڕشـە لەلایـەن حیزبـی بەلشـەفیکەوە بـە سـەرکردایەتیی لینیـن بەرپاکـرا. شۆڕشـی ڕووسـیا لەنـاو گێـژاوی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا ڕوویـدا. ئـەم جەنگـە لـە سـاڵی ١٩١٤دا هەڵگیرسـا و تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩١٨ـی خایانـد. جەنگـی یەکەمـی جیهانـی لەنێـوان دوو بلۆکـدا بـوو لـە هێـزە گـەورە ئیمپریالیسـتییەکان. بلۆکێکیـان بریتیبـوو لـە بەریتانیـا، فەڕەنسـا و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان. ڕوسـیای قەیسـەر یـان تزاریـش ئەندامـی ئـەم هاوپەیمانێتییـە بـوو. بلۆکەکـەی تـر بریتیبـوو لـە ئەڵمانیـا و هاوپەیمانەکانـی. ئـەوان بـۆ بەدەسـتهێنانی باڵادەسـتیی جیهانـی لەگـەڵ یەکـدا دەجەنـگان. بەدیاریکراوییـش لەسـەر کۆنترۆڵکردنـی موسـتەعمەرات بـوو لـە ئەفریقـا، ئاسـیا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. کاتێـک ڕووسـیا چووەنـاو جەنگەکـەوە، هەمـوو حیزبـە گرنگەکانـی ئـەم وڵاتـە و وڵاتـە ئەوروپییەکانـی تریـش لەژێـر نـاوی نیشـتیمانپەروەرییدا پشـتیوانییان لـە جەنـگ کـرد. هـەر هەموویـان، جگـە لـە حیزبـی بەلشـەفیک بـە سـەرکردایەتیی لینیـن. ئـەم حیزبـە هەڵوێسـتێکی بـان-ناسیۆنالیسـتی و ئەنتەرناسیۆنالیسـتیی گرتەبـەر و هەوڵیـدا خەڵـک لـەوە تێگەیەنێـت کـە جەنگێکـی لـەم جـۆرە دژ بـە بەرژەوەندییەکانـی کۆمەڵانـی خەڵکـی ستەمدیدەیە، لـە وڵاتـە ئیمپریالیسـتییەکاندا خەڵکـی بانگهێشـتکرد بـۆ شـۆڕش و جەنـگ دژی دەوڵەتانـی سـەر بـە خۆیـان. جووتیـاران زۆرینـەی کۆمەڵـگای ڕووسـییان پێکدەهێنـا. ئـەوان خاوەنـی پارچـەی بچووکـی زەوی بـوون و زۆرێکیشـیان بەنـاوی پشـکبەرەوە لەسـەر زەوی کاریانـدەکـرد. وڵاتەکـە هێجـگار دواکەوتبـوو و خەڵکەکـە گیـرۆدەی نەریـت بـوون. ژنانیـش گیـرۆدەی بارودۆخێکـی تۆقێنـەری ستەمکارانە بـوون. شـارەکان شـوێنی خانـووە پـڕ لـە

نیشتەجێکان و خەڵکی بیمار و نەخۆش بوو. ڕووسیا ئیمپراتۆریەتێک بوو، میلەتی باڵادەستی ڕووس ناوچە جیاجیاکانی ئاسیای خستبووە ژێر دەسەڵات و داگیرکاریی خۆیەوە. نەتەوە غەیرەڕووسەکان لەسەدا چلوپێنجی خەڵکەکەیان پێکدەهێنا، بەڵام کەلتوری ئەم کەمینانە بەتوندی سەرکوتدەکرا و فێربوونی زمانی کەمینەکان لە قوتابخانەکاندا قەدەغە بوو. ڕووسیایان بە زیندانی میلەتەکان ناودەبرد. ئەو ڕژێمە باڵادەستەی ڕووسیا، ڕژێمێکی ستەمکار و سەرکوتکەر بوو، سەڵتەنەتی قەیسەر لەسەر بنەمای پۆلیسی نهێنی، زیندان، و ڕاوەدوونان و چاودێریکردنی خەڵک دامەزرابوو. جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی مردنی ملیۆن و نیوێک لە خەڵکی ڕووسیا، و برینداربوونی سێ ملیۆن کەس. وێڕای ئەوەی خەڵکی تووشی قاتوقڕی بوونەوە. لە ڕووسیا قەیرانی نەمانی شەرعیەت و کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانە هاتەئاراوە. کرێکاران کەوتنە شۆڕش و مانگرتن. ژنان هاتنە سەرجادە. زۆرێک لە سەربازەکان سەرپێچییانکرد و لە بەرەی جەنگ هەڵهاتن. لە مانگی شوباتی ١٩١٧دا کۆمەڵانی خەڵکی ڕووسیا دژ بە دەسەڵاتی قەیسەر هەڵسان و دەسەڵاتی قەیسەریان لەناوبرد. حکومەتێکی کاتی پێکهێنرا، و کرینیسکی دەیبردەڕێوە و کۆمەڵێک لایەنی جیاجیای تیادا بەشدار بوو. بەڵام ئەو حکومەتە کاتییە نوێیەی کە هاتە سەر کار هیچ گۆڕانکارییەکی لە بارودۆخی بنچینەیی کۆمەڵانی خەڵکدا نەکرد. لەجیاتیی ئەوەش بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ ئیمپریالیستەکانی وەک بەریتانیا و فەرەنسادا ڕێککەوت کە ڕووسیا لە جەنگدا بهێڵێتەوە. لە هەلومەرجی نالەباری ڕووسیا و لەناو ئەو هەموو چەوساندنەوەیەدا، زەروورەتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ڕووسیا هاتەکایەوە. لە مانگی ئۆکتۆبەردا حکومەتە کاتییەکە هەرەسیهێنا و شۆڕشی بەلشەفیکەکان بە سەرکردایەتیی لینین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، و دەسەڵاتیان گرتەدەست.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕووسیا، بەلشەفیکەکان چەندین گۆڕانکاریی گرنگیان ئەنجامدا: کارگە و کارخانەکان لەلایەن شوراکانەوە کۆنترۆڵکران و بەڕێوەدەبران. زەوی ئاغاکان و کۆڵاکەکان بەسەر جووتیارانی هەژاردا دابەشکران. دەوڵەتە نوێیە سۆسیالیستییەکە بەڕەسمی دانی بە مافی چارەی خۆنووسیندا نا. دەسبەجێ و یەک لایەنە شەڕی ئیمپریالیستی ڕاگرت. دەستوری سۆڤیەت شێوازێکی ڕەسمی بەخشییە یەکێتیی فرەنەتەوەیی کۆمارەکان و ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان. یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی ١٢ کۆماری نەتەوەیی گەورە و ٢٥ ناوچەی ئۆتۆنۆمی و زۆر ناوچە و یەکەی بچووکتری دەگرتەوە. حکومەتە ناوەندییە نوێیەکە، مافی خۆبەڕێوەبەریی بەڕەسمی ناساند، ئەویش بە مانای دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەر و ئۆتۆنۆمی بوو لە کۆمارەکان و ناوچەکاندا. لە فەرمانی ساڵی ١٩١٧دا، مافی خوێندن بە زمانی دایک لە هەموو قوتابخانە و زانکۆکاندا بەخشرایە تێکڕای کەمە نەتەوەییەکان. کێشەی ستەمکردن لە ژنان کۆتایی پێهێنراو، و ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی بۆ ژنان دابینکرد، لەوانە: مافی جیابوونەوە، و مافی لەباربردنی کۆرپەلە و مافی هاوڕەگەزبازی... لە ماوەی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا هەریەکە لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە سۆسیالیستی کران، و پێشکەوتنی گەورەیان بەخۆوە بینی. بەگشتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر گۆڕانکاریی گەورەی ئەنجامدا، و دەسکەوتی زۆری هەبوو، بەڵام ئەم شۆڕشەیش بەدەر نەبوو لە هەڵە و کەموکوڕی، بەڵام دەبێت ئەو مێژووەیش لە سیاقی خۆیدا بخوێنینەوە. مێژووی یەکێتیی سۆڤیەت کاتێک وڵاتێکی سۆسیالیستی بوو، یان مێژووی شەڕکردن بوو لە جەنگەکاندا، یاخود ئامادەبوون بۆ جەنگ یان سارێژکردنی برینەکانی پاش جەنگ. جگە لە شەڕی ناوخۆی ڕووسیا، و شەڕی هێزە دژەشۆڕشەکان، ساڵی ١٩٤١ ئەڵمانیای نازی، پەلاماری یەکێتیی سۆڤیەتیدا. ئەوان مۆدێرنترین سوپای دونیا و بەشی هەرەزۆری ئیمکانیەتی سەربازیی خۆیان دابارانده سەر یەکێتیی سۆڤیەتدا. سۆڤیەت بەوپەڕی قارەمانییەوە شەڕیکرد. ٢٦ ملیۆن هاوڵاتیی یەکێتیی سۆڤیەت لە جەنگدا گیانیان لە

دەستدا کە هاوتای یەک لەسەر هەشتی کۆی دانیشتوانی وڵات بوو. بەڵام سۆڤیەت توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی تۆقێنەری هیتلەر بێنێت. دوای مردنی ستالین لەساڵی ١٩٥٣دا، هێزە نوێیەکانی بۆرژوازی لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەستانەوە و لە ساڵی ١٩٥٦دا نیکیتا خرۆشۆف پێگەیەکی باڵای لە حیزب و دەوڵەت و دەسەڵاتدا گرتەدەست و باڵادەستی چینی نوێی سەرمایەداری جێگیرکرد، و بەشێوەیەکی ڕێکخراو ڕێبەرایەتیی بنیاتنانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی کرد بۆ ئەوەی بیگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی سەرمایەداری. ئەمە کۆتایی یەکەمین دەوڵەتی پرۆلیتاری بوو لە مێژوودا. شۆڕشی سۆسیالیستی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧ تا ١٩٥٦ سەرەڕای هەڵە و کەموکوڕییەکانی، بەدەر لە کۆمۆنەی پاریس یەکەمین هەنگاو بوو بەرەو شەقامی ڕزگاری، و بەرەو دونیایەکی خاڵی لە ستەم و چەوساندنەوەی چینایەتی.

خەڵکی ڕووسیا سیستەمێکیان بەزاند کە یەک لەسەر شەشی خاکی هەموو جیهانی دەگرتە خۆی. ڕژێمە کۆنەکە لەلایەن سیستەمی دیموکراتیکی شوراکانەوە ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵی بەسەردا هێنرا. ئەم ڕووداوە مێژووییە دەسپێکێک بوو بۆ شۆڕشەکانی دیکەی دونیا، هاوپشت بەوە، بوو بە ئیلهامێک کە هیوا و ئومێد و خەونی بە ملیۆنان خەڵکی نێو تارمایی جەنگی جیهانی یەکەم بەخشی. هاوکات، ڕووسیای پێش شۆڕش بۆ چەندین سەدە لەلایەن دەوڵەتی دیسپۆتیزمی قەیسەرەوە حوکمدەکرا. چینی کرێکار کەمینەیەکی بچوک بوو- کەمتر لە چوار - ملیۆن کەس لە کۆی ١٥٠-ملیۆن. ٧٠٪ لە سەدی خەڵک نەیدەتوانی بخوێنن یان بنوسن. ڕووسیای کاپیتالیست لەوپەڕی لاوازی و کەنەفتیی خۆیدا دەژیا؛ لە سەر گۆچانی سەرمایەی بیانی دەڕۆیشت بەڕێوە، وڵاتانی ئەوروپا ٩٠٪ چەشنە جۆر بە جۆرەکانی کانزای ڕووسییان کۆنترۆڵکردبوو، ٥٠٪ لە سەدی پیشەسازیی کیمیایی، زیاتر لە ٤٠٪ ئەندازیاری، ٤٢٪ پشکی بانکەکان.. شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەوڵیدا هەموو ئەمانە بگۆڕێت و دۆخیکی نوێ سەرپێ بخات، ڕێگای بەرەوپێشچوونی پیشانی کرێکاران دا و ئەو دەروازە سۆسیالیستییەی لە ڕێگەی شۆڕشەکەوە بەدیهات ئاوەڵاکرد بە ڕوویاندا. سەرباری ئەو ئارێشە و بەربەستە مەزنانە، هێزەکانی بەرهەمهێنان و ئابوریی بەرنامە-بۆدانراو بنەمایەکی مۆدێرنی وەرگرت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئایا شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبەر چیی بەدەستهێنا؟ شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ خاوەندارێتیی تایبەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی هەڵوەشاندەوە(بۆ یەکەمجار لە مێژوودا). وەک لینین خۆی دەڵێت: شۆڕشی ئۆکتۆبەر دیزاینی بنەمایەکی کەلتوری نوێی کرد، هەموو کەسێکی خستە ژێر باری سەرنج و تێڕامانەوە، لەو ئانوساتە مێژوویەدا دەمودەست گرنگییەکی نێودەوڵەتی وەرگرت. ئابورییەکی تۆکمەی نەتەوەیی بونیادنرا ئەمەش نەک هەر بە تیۆری بەڵکو لە سەر ئاستی پرکتکیشدا. زیاتر لە یەک لە سەر شەشی سەر ڕووی زەوی، لە ئەزمونیکی زۆر گەورەدا، سەلماندیان کە ئیمکانی ئەوە هەیە کۆمەڵگاکان دەتوانن بە بێ سەرمایەداری و خاوەن زەوییەکان و فایز-خۆرەکان بەڕێوە بچێت. ژنان بە تەواوی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆیان, کە پێش شۆڕش وەک پاشکۆ و بونەوەری پلە دوو تەماشادەکران، نەک هەر ئەوە بەڵکو بە ئاشکرا و بە یاسا توندوتیژی دژ بە ژنان ڕێگەپێدراو بوو، لە هەندێک ڕوبەری دیکەی وڵاتدا پەچە بە زۆر دەسەپێنرا بە سەر ژناندا و خوێندن و نوسین و فێربوون بە توندی یاساغکراو بوو، بەڵام لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ژنان بە تەواوی گەشتن بە مافەکانی خۆیان، لە گەڵ پیاوان یەکسان بوون.

**« فەیلەسوفان بەشێوازی جۆراوجۆر جیهانیان تەفسیرکردووە، بەڵام مەسەلەکە گۆڕینی جیهانە»**
**تێزی یانزەی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ.**

لەگەڵ مارکسدا فەلسەفە دەرگیری دابڕانێکی ڕیشەیی دەبێت لەگەڵ مێژووی خۆیدا. لەگەڵ مارکسدا فەلسەفە تەنیا دووبارە و سێبارە ئیشی تەفسیرکردنەوەی جیهان نییە، بەڵکو بەفیعلیش دەبێت هەوڵ بۆ گۆڕینی جیهانی کۆن بدات. جگە لەوەی مارکس ڕەخنە لە ناپراکتیکبوونی فەلسەفەی پێش خۆی دەگرێت، لە هەمانکاتدا ڕەخنەی تەفسیرە فەلسەفەییە جۆربەجۆرەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی دەکات. جەوهەری ڕەخنەی مارکس لە فەلسەفەی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی، ڕەخنە بووە لەوەی فەلسەفە نەیتوانیوە بەڕادیکاڵی و زانستییانە بیر لە گۆڕینی جیهانی کۆن و کۆمەڵگای چینایەتی بکاتەوە. لەدوای مارکسەوە، لەناو نەریتی مارکسیزمدا تیۆر و پراکتیک دەبنە دووانەیەکی لێکدانەبڕاو. لینین بڕوای وابوو بۆ ئەوەی پارتێکی شۆڕشگێڕ درووستبێت، پێویستە تیۆرێکی شۆڕشگێڕییش هەبێت. لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧دا بەفیعلی تیۆر و پراکتیک ئاوێتەی یەکتردەبن، و حیزبی بەلشەفیک بە سەرکردایەتیی لینین لە ڕێگەی تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزمەوە، بە گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخ و سیاقی لۆکاڵیی ڕووسیادا، شۆڕش بەرپادەکەن، و سەرکەوتنیش بەدەستدێنن. چەپ و بزووتنەوە کۆمۆنیستییە کۆنەکانی کوردستانی باشووریش، لەناو غیابێکی تیۆریی قووڵدا ژیاون، و نەیانتوانیوە تیۆریزەی واقیعی لۆکاڵی خۆیان بکەن، و مارکسیزم لەگەڵ سیاقی کۆمەڵگای کوردییدا بگونجێنن. هەربۆیە ئەوەی پێشکەشیانکردووە، مارکسیزمێکی ئەبستراکت و بۆش بووە، و نەتوانراوە پارتێکی شۆڕشگێڕی پێدرووستبکرێت، و شۆڕشی پێبکرێت. «مێژووی کۆی کۆمەڵگاکان تا ئێستا، مێژووی ململانێی چینایەتی بووە» ئەم ڕستەیەی مارکس، زۆرینەی لیبراڵ و هاوبیرەکانی پەستکردووە. مارکس ململانێی چینایەتی بە بزوێنەری مێژوو دادەنێت. کۆی مرۆڤ و دیاردە و ڕووداوەکان بەسەر چینەکاندا دابەشدەبن، و دەکەونە ناو ململانێی چینایەتییەوە. تیۆر و فیکر و ئەدەبیاتە جۆربەجۆرەکانیتریش وەک بەشێک لە پێکهاتی کۆمەڵگا، دابەشدەبنە سەر چینەکان و لەناو ململانێی چینایەتی دان. کەواتە چ مرۆڤ و چ ئایدیای مرۆڤیش لەدەرەوەی چینەکان و ململانێی چینایەتییەوە نین. ڕۆشنبیران و بیریاران و فەیلەسوفانیش بەحوکمی ئەوەی بوونەوەری کۆمەڵایەتین و بەشێکن لە کۆمەڵگا، لەبەرئەوە بەشێکن لە پێکهاتی چینایەتیی کۆمەڵگا، و سەر بە چینێک لە چینەکانی کۆمەڵگان. ڕۆشنبیران بوونەوەرگەلێکی دەرەمێژوو، و دەرەشوێنکات نین، بەشێکن لە ململانێی چینایەتیی کۆمەڵگا. تیۆر و فیکریش کایەیەکی بێلایەن نییە و لەناو ململاێی چینایەتی دایە، و لە خزمەتی چینێک لە چینەکانی کۆمەڵگا دایە. لێرەوە دەبێت ڕۆشنبیران بخرێنەوە ناو ململانێی چینایەتییەوە، و فیکر و ئایدیایان ڕوونبکرێتەوە سەر بە چ چینێکەوە، و بەرگریی لە کام چین دەکات. هەر ڕۆشنبیرێک چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەرگریی لە جیهانی کۆن و سیستەمی باڵادەست و دۆخی چەوسێنەرانە کرد، واتای ئەوەیە ئەو ڕۆشنبیرە، ڕۆشنبیرێکی کۆنەپارێزە، و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی چینی چەوسێنەر دەکات، و دەچێتەوە خزمەتی ئەو چینەوە، و دۆخی باڵادەستیش وەک خۆی دەهێڵێتەوە. هەر ڕۆشنبیرێکیش ڕەخنەی جیهانی کۆن و دۆخی باڵادەستی کرد، و دژی جیاوازیی چینایەتی و ناعەدالەتی بوو، هەروەها بەدیلی بۆ سیستەمی باڵادەست خستەڕوو، ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتووخوازە. تەمەنی تیۆر و فیکر لە ڕۆشنبیریی کوردیدا، لە دوو سێ

دەیەیەک تێپەڕ ناکات. پێش ئەم مێژووە، کەناڵی زاڵی ڕۆشنبیریی کوردی، ئەدەب و بەتایبەتیش شیعر بووە. دەنگی زاڵی ناو شیعریش، تەسەوف و عیرفان بووە. لە سەدەی بیست بەدواوە بەشێک لە شاعیران هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەدەن، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە ناتوانن ببنە تیۆرێک بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا و گۆڕینی کۆمەڵگا. لە ئێستای نوخبەی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەکرێت چەندین دابەشکاری بکرێت، چ لەڕووی پێگەی چینایەتییەوە، و چ لەڕووی ئاراستە و ئاستی فیکرییەوە. بەڵام خاڵی هاوبەش لەناو زۆرینەی نوخبەی ڕۆشنبیریی کوردیدا ئەوەیە، دژەشۆڕشن، و تیۆر و پراکتیک لەیەکدادەبڕن، و زۆرینەی ڕۆشنبیرانی کورد خۆیان لەدەرەوەی ململانێکانی کۆمەڵگاوە دەبینن. بڕوایان وایە ئیشی ڕۆشنبیر ئاراستەکردنی خەڵک نییە، ئاراستەکردنی فیکرە. ئەوە ئیشی سیاسییەکانە خەڵک ئاراستە بکەن. وەک ئەوەی فیکر کایەیەکی بێلایەنی دەرەمێژوو بێت. ڕۆشنبیرانی کورد ململانێ و ئەنتاگۆنیزمی چینایەتیی کۆمەڵگای کوردی کاڵدەکەنەوە، و وای نیشاندەدەن لە خزمەت و بەرژەوەندیی هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا دەنوسن و قسەدەکەن. ئەو ڕۆشنبیرەی پێی وابێت بێلایەنە لە بەرامبەر ململانێی چینایەتی، و ناچێتە بەرەی هیچ چینێکەوە دژ بە چینێکی تر، ڕاستەوخۆ خزمەت بە دۆخی باڵادەست، و چینی خاوەن‌دەسەڵات و چەوسێنەر دەکات. ئەوەی لە دونیای ئێمەدا غایبە، و پێویستە هەبێت، ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕە. ڕۆشنبیرێک لەبەرەی چەوساوە بێت دژ بە بەرەی چەوسێنەر. ڕۆشنبیرێک بیر لە دروستبوونی بەدیل بکاتەوە، و خەڵک ئاراستەبکات. ڕۆشنبیرێک تەنیا بڕوای بە هەڵگرتنی قەڵەم نەبێت، بڕوای بە ڕاپەڕین و شۆڕشیش هەبێت. ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ، کەسێکە ئەو بیروباوەڕە ڕادیکاڵەی هەیەتی لە واقیعدا ئیشی بۆ دەکات، و دەیەوێت بەدییبێنێت. وەک مارکس دەڵێت: لە کۆمەڵگادا ئایدیای باڵادەست، ئایدیای چینی باڵادەستە. لە کۆمەڵگادا ژێرخان و سەرخان سەر بە چینی باڵادەستن. گەر وابێت چارە چییە؟ بێگومان بەرەنگاری بەرامبەر بە ئایدیای باڵادەست. بەرەنگارییش تەنیا بە واتای بوونی تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە نایەت دژ بە سیستەم، بەڵکو پارتێکی شۆڕشگێڕیشی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو تیۆرە شۆڕشگێڕانەیە پراکتیزە بکاتە سەر واقیع. دەبێت لە هەموو پنتەکانی سەرخانی کۆمەڵگاوە، پنتی بەرەنگاری دروستبکرێت: لە سیاسەت و فیکر و ئەدەب و هونەرەوە بیگرە، تا بە بڵاوکراوە و بوارە کەلتورییەکانیتر دەگات.

بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیری ئەمڕۆ دژە واقیعن، واقیع بە هەموو دەرکەوتەکانییەوە ڕەتدەکەنەوە، لە هەڵوەستەکردن لە سەر دیاردە و پێدراوە دیارەکانی واقیع، بەرەو بە گوتاری نادیار و ئیشکردن لەسەر وەهمە نادیارەکان دەکەن. سەروەختێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوودەدات تاک لە بینەرێکی پاسیڤەوە دەگۆڕێتە سەر بکەرێکی ئەکتیڤ، مرۆڤ لە بوونێکی فەنتازی و عەقڵییەتێکی میتافیزیکییەوە دەگۆڕێتە سەر عەقڵییەتێکی واقیعی. بەڵام مێژووی ئێمە مێژوویەکە هەمیشە ئەدەب جوڵاندوویەتی، هەتا هەموو ئایدۆلۆژییەکانی دیکە هیچکات لە ڕۆحی ئەدەب بە دوور نەبوون، ناسیۆنالیزم و دین.. هەمیشە پەیوەندییەکی پتەویان بە ئەدەبەوە هەبووە، کەواتە خەیاڵ کە بەشێکی سەرەکیی نێو ئەدەبیاتی ئێمەیە فاکتەرێک بووە بۆ بونیادنانی ئەو دونیا سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە مێژووی ئێمەی تا ئێرە هێناوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەو دیدە دوژمنکارەیە کە داوادەکات سیاسەت بکوژێتەوە و لە بری ئەوە شیعر ببێتە کەرەستەی جەنگین، شیعر ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، ئەم لۆژیکە خەریکە دەبێت بە نەریتێکی چەسپیوو، چونکە لەو پنتەدا ڕاناوەستێت، بەڵکو دەیەوێت یادەوەریی سیاسی و مێژوویی ببێت بە یادەوەریەکی ئەدەبی، و ڕۆحی سیاسی کزولاوز بێت, لە بری سیستەم نارێکی درووستبێت. ئەدەب نواندنەوەی واقیعە بە فۆرم و شێوەی دیکەی پێچاوپێچ، نەک دژەواقیع، بەڵام ئەمڕۆ ئەدەب بە تایبەتی شیعر بووە بە کەرەستەی

هەڵهاتـن و خۆ-دزینـەوە لـە واقیـع و لـە مێـژوو و لـە بەرپرسـیارێتی، ئـەم نەریتـی خۆ-قوتارکردنـە بـووە بـە کلێشـەیەکی دووبـارە و ڕۆژانەیـی، گـەر وێنەیـەک لـە یەکێـک لـە تیکسـتەکانی نوسـەرێك وەرگریـن :» سیاسـەت تـا ئەندازەیەکـی زۆر لـە ڕۆمانسـییەت خاڵیکراوەتـەوە»[٣]. ئـەم دیـدە خـەون بـە فەزایەکـی کۆمەڵایەتییـەوە دەبینێـت کـە تـەواو وەک فـەزای شـیعری وا بێـت، شـیعر ببێـت بـەو سـەر زەمینـە دیکتاتـۆرەی کـە هـەم مێـژووو هـەم سیاسـەت و یـادەوەری و سیسـتەمیش تیکبشـکێنێت و لـە جێگەیـان ڕەگەزیـک دانێـت کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە ژیانـی ڕاسـتەقینەوە نەبێـت. ڕۆشـنبیر گـەر ئـەرکی خـۆی ونبـکات، ئـەوا ئیشـەکانی وەردەگەڕێـت بۆبەکاڵابـوون و خوێنـەری بەرخـۆر درووسـتدەکات.

سـاڵی حەفتـاکان ترۆپکـی یاخیبـوون بـوو، یاخیبونێـک بارکراو بـە ئایدۆلۆژیـا و یاخیبوونە سیاسـییەکان, شـیعری نـوێ لـەو ترۆپکـە یاخییـە و لـەو فەزایـە فۆرمەڵـە بـوو، ئـەدەب ئـەو کات هەڵگـری ئیلتیـزام بـوو، ئیلتیـزام بـەو مانایـە نـا کـە ئەدەبێکـی تاکڕەهەنـد تەنهـا وەزیفـەی جووینـەوەی یـەک فـۆرم و یـەک پنتـی دیاریکـراو و سـنوردار بێـت، بەڵکـو ئەدەبـی ئـەو کات تـا ئەدازەیـەک پابەنـد بـوو بـە فـەزا سیاسـی و کۆمەڵایەییەکـەی خۆیـەوە، نـەك وەك ئەمـڕۆ کـە لـە جیهانـدا بیـت و تـا دوورترینشـوێن بڕۆیـت بـەڵام نامـۆ بیـت بەواقیعـە کۆنکرێتیەکـەی خـۆت.

**سەرچاوەکان**

(١)

https://www.bolshevik.info/russia-rev-to-counterrev-part-one.htm

(٢)

http://www.bolshevik.info/what-the-russian-revolution-achieved-and-why-it-degenerated.htm

(٣)گۆڤاری سەردەم ژ (٣), بەختیار عەلی، قانع و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆراڵی ناسیۆنالیستی

# عەشقی لینین بۆ ئەدەب، شکڵ و شێوەی بە شۆڕشی ڕووسی بەخشی

تارق عەلی
و. وەلید عومەر

**ئـەدەب لەنـاو ئـەو کەلتـورە سیاسـییەدا کـە فلادیمێـر لینینـی تیـا گـەورە بـوو، ڕۆڵێـکی گـەورە و بەرچـاوی هەبـوو. لـە ڕژێمـی قەیسـەردا، بڵاوکردنـەوە دەقـە سیاسـییەکان قـورس بـوو بـەڵام مامەڵەیـەکی ئاسـانتر و لێبوردانەتـر لەگـەڵ شـیعر و ڕۆمانـدا دەکـرا. سیاسـەت لـەم ڕێگەیـەوە دزەی کردبـووە نـاو ئەدەبیـاتی ڕووسـیاوە، تـا ئـەو جێیـەی کـە بـاوکی یەکێتیـی سـۆڤیەت(لینین) پێـی خـۆش بـوو دوژمنـەکانی بـە کارەکتـەری نـاو ڕۆمانـەکان بەراوردبـکات. تـارق عـەلی، لـە کەسـایەتییە پێشـەنگەکانی چـەپ لـەم نوسـینەی خـوارەوەدا، کـە بەشـێکە لـە کتێبێـک بەنـاوی دووڕیانـەکانی لینین(*The Dilemmas of Lenin*)ـەوە، بـاسی عەشـقی لینیـن دەکات بـۆ ئـەدەبی ڕووسی و ڕۆڵـی لـە شـۆڕشی ئۆکتۆبـەردا.**

ئـەدەب، شـێوەی بـەو کەلتـورە سیاسـییە بەخـشی کـە فلادیمێـر ئیلیـچ لینینـی تیـا گـەورە بـوو. لـە ڕژێمـی قەیسـەردا، بڵاوکردنـەوەی دەقـە سیاسـییە ئاشـکراکان، کارێـکی قـورس بـوو. ئـەو وتارنوسانەی کـە بێ‌پەرواتـر بـوون لـە دالـدە و شـێتخانە توندەکـران تاکـو «چـاك ببنـەوە»: بـە دەربڕینێـکی تـر، تـا ئـەو کاتـەی بەئاشـکرا دەسـت لـە بیروباوەڕکانیـان هەڵگـرن. لـە هەمـان کاتـدا، لەگـەڵ شـیعر و ڕۆمانـدا، کەمێـك بـە نـەرم و نیانییـەوە مامەڵەدەکـرا. بـەڵام نـەك هەمووشـیان.

دیـارە سانسـۆرچیی سـەرەکی، قەیسـەر(تزار) خـۆی بـوو. سـەبارەت بـە پووشـکین، نیکـۆلای یەکـەم کـە بـە «بـاوکی خەڵـك» ناسرابـوو، پێداگریـی لەسـەر ئـەوە دەکـرد زۆرێـك لـە شـیعرەکانی ئـەو بخوێنێتـەوە بـەر لـەوەی بڕواتـە چاپخانـە. سـەرەنجام، هەندێـك لـە شـیعرەکانی پووشـکین قەدەغەدەکـران و

بڵاوکردنــەوەی هەندێکیشــیان دوادەخــرا؛ وێرانکەرترینیشــیان لەلایــەن خــودی شــاعیرە ترســاوەکەوە، لــە تــرسی پەلامــاردانی ماڵەکەیــدا، لەناودەبــران. ئێمــە هەرگیــز نازانیــن لــە پارچەشــیعرە ســوتێنراوەکانی یوگێنــی ئانگیــن [1]دا چ شــتانێك هاتبــوون.

ســەرەڕای ئەمانــەش، سیاســەت لــە ڕێگــەی تــر و بــە گوزارشــتی جۆراوجــۆر دزەی کردبــووە نــاو ئــەدەبی ڕووســیاوە، بەجۆرێــك کــە نەدەکــرا لــە هیــچ وڵاتێــکی ئەورووپیــدا هاوشــێوە و هاوتەریبەکــەی بدۆزیتــەوە. تــا ئــەو جێیــەی کــە پەیوەندیــی بــە ئــەدەب و ڕەخنــەی ئەدەبیــی سیاســەتاوییەوە هەبــوو، ڕۆشــنبیرانی ڕووسی هێنــدە مــافی هەڵبژاردنیــان هەبــوو کــە نەیانــدەزانی کامــە هەڵبژێــرن. ئــەوان کێشــمەکێشی تونــد و قیناویــی نێــوان ڤیســاریۆن بلینســکی[2] ڕەخنەگــری بەتوانــا، و نیکــۆلای گۆگــۆل شــانۆنامەنوس و ڕۆماننوســیان قووتــدەدا کــە ســاتیرە بڕندەکــەی واتــە ڕۆحــە مــردووەکان[3] لــە ســاڵی ١٨٤٢ وڵاتی هێنابــووە هەڵەکەســەما و بــە دەنگــی بــەرز بــۆ کەســە نەخوێنــەوارەکان دەخوێنرایــەوە. گەرچی سەرکەوتنەکە، ڕووزەردی و پاشەکشەی گۆگۆڵی لێکەوتەوە.

لــە یەکێــك لــە بەرهەمــەکانی دواتریــدا تۆبەیکــرد و دەربــارەی ڕەعیەتــە بۆگەنــەکان شــتی نــوسی و داکۆکیــی لــە نەخوێنــەواری کــرد. لــە پێشــەکیی چاپــی دووەمــی ڕۆحــە مــردووەکاندا نوسیــی: «شــتگەلێکی زۆر لــەم کتێبــەدا بــە هەڵــە نــوسراون، واتــە نــەك بــەو جــۆرەی کــە شــتەکان لــە ســەرزەمینی ڕووســیا ڕوودەدەن. خوێنــەری ئازیــز، داواتــان لێدەکــەم ڕاســتم بکەنــەوە. ئــەم شــتە بــە لالــووت وەرمەگــرن. داواتــان لێدەکــەم ئــەوە بکــەن».

بلینسـکی، کـە تـووڕە بـوو لـەم مەسـەلەیە، لـە سـاڵی ١٨٤٧دا بەئاشـکرا پەیوەندیـی لەگـەڵ پچـڕی. «نامـە بـۆ گۆگۆل»ــەکەی بلینسـکی کـە لـە هەمـوو لایـەك دەستاودەسـتی دەکـرد، بووەهـۆی ئـەوەی کـە وەرگرەکـەی، شـەوێکی درێـژ و بێـدار بگوزەرێنێـت.

مــن تۆزێــك ئاشــناییم لەبــارەی عامــەی ڕووســەکانەوە هەیــە. کتێبەکەتــان لــەڕووی دانــانی کاریگەریــی خراپــەوە لەســەر دەوڵــەت و دەزگای سانســۆر، منــی ڕاچڵەکانــد نــەك خەڵــك. ئــەو کاتــەی لــە ســانپێترزبۆرگ دەنگــۆی ئــەوە بڵاوبــووەوە کــە دەوڵــەت ویســتوویەتی کتێبەکــەی ئێــوە [هەندێــك پارچــەی هەڵبژێــردراو دەربــارەی نامەنوســین بــۆ هاوڕێیــان] بــە هــەزاران نوســخە چاپبــکات و بــە نرخێــکی زۆر نــزم بیفرۆشــێت، هاوڕێکانــم ورەیــان دابــەزی؛ بــەڵام لــە هەمــان کات و شــوێندا پێــم وتــن ســەرباری هەمــوو شــتێك ئــەم کتێبــە ســەرکەوتوو نابێــت و زوو لەبیردەکرێــت. ڕاســتت بوێــت ئێســتا لەبــەر ئــەو وتارانــە بەبیردەهێنرێتــەوە کــە لەبارەیــەوە نــوسراون نــەك کتێبەکــە خــۆی. بەڵــێ، ڕووســەکان، غەریزەیــەکی قووڵیــان بــۆ حەقیقــەت هەیــە گەرچــی هێشــتا پێنەگەیشــتووە.

ســاڵانی دواتــر، ڕەخنەگــران زۆر شــەڕانی و بێڕەحمتــر بــوون، بەتونــدی ئــەو نوســەرانەیان دادەپڵــۆسی کــە بەرهەمەکانیــان بــە دیــدی ئــەوان و بەپێــی پێویســت هێزپێــدەر نەبــوو.

بۆیــە ئــەو کەشــە ڕۆشــنبیرییەی کــە لینینــی تیــا گــەورە بــوو، بــەم جــۆرە بــوو. بــاوکی، موحافیزکارێــکی بەفەرهەنــگ بــوو. پشــکنەری قوتابخانــەکانی ناوچەکــەی خــۆی بــوو، و وەك پەروەردەکارێــك زۆر جێیڕێــز بــوو. پاشنیــوەڕوانی یەکشــەممە لــە ماڵــەوە، بەرهەمــەکانی شکســپیر و گۆتــە و پووشــکین بەتەنیشــت نوســەرانی تــرەوە بــە دەنگــی بــەرز دەخوێنرایــەوە. بــە لای خانــەوادەی ئۆلیانۆفەوە(واتــە

---

١- Eugene Onegin

٢- Vissarion Belinsky

٣- Dead Souls

«لینین» ناوێکی خوازراو بوو بۆ فریودانی پۆلیسی نهێنیی قەیسەر هەڵبژێردرابوو) هەڵهاتن لە کەلتوری باڵا شتێکی مەحاڵ بوو.

لینین، لە قۆناغی ئامادەیی، عاشقی لاتینی بوو. بەڕێوەبەرەکەی، هیوایەکی زۆری بەوە بوو لینین ببێتە فیلۆلۆگ(وشەناس) و لێکۆڵەری زمانی لاتینی. مێژوو شتێکی تری دەویست. بەڵام شەوق و خولیای لینین بۆ لاتینی و بەرهەمە کلاسیکەکان هەرگیز لەناونەچوو. دەقە ڕەسەنەکانی ڤێرجیل، ئۆڤید، هۆراس و جیوڤینال و خوتبەکانی سیناتۆری ڕۆمای خوێندەوە. لە ماوەی ئەو دوو دەیەیەی کە لە تاراوگەبوو، گۆتەی هەڵلوشی و چەندین جار فاوەستی خوێندەوە و دووبارەخوێندنەوەی بۆ دەکرد.

لینین، سودێکی زۆری لە مەعریفەکەی خۆی وەرگرت لەبارەی بەرهەمە کلاسیکەکانەوە بۆ ماوەیەك پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧. لە ئەپریلی ئەو ساڵەدا، لە ئۆرتۆدۆکسەکانی سۆسیالدیموکراتی ڕووسی دابڕا و لە کۆمەڵێك تیزی ڕادیکاڵدا داوای شۆڕشێکی سۆسیالیستیی دەکرد بۆ ڕووسیا. ژمارەیەك لە هاوڕێ نزیکەکانی، کەوتنە سەرزەنشتی. لە وەڵامێکی زبر و توندا، لینین ڕستەکەی مفیستۆفلیسی لە شاکارەکەی گۆتە هێنایەوە: «هاوڕێم، تیۆر خۆڵەمێشییە، بەڵام سەوز درەختی جاویدانی ژیانە».

لینین لە زۆربەی کەسەکان باشتر دەیزانی ئەدەبی ڕووسیا هەمیشە ئاوێتەیە بە سیاسەت. تەنانەت «ناسیاسیترین» نوسەرانیش بۆ شاردنەوەی ئەو سوکایەتییەی کە بە کاروباری وڵاتیان دەکرد، ئیشێکی قورسیان هەبوو. نمونەیەکی زەق بۆ ئەوە، ڕۆمانی ئۆبلۆمۆف(oblomov) بوو کە ئیڤان گۆنچاڕۆف نوسیبووی. لینین عاشقی ئەم کتێبە بوو. ئەم ڕۆمانە، وێنەی بێجووڵەیی و تەمەڵی و پووچیی خانەدانە خاوەنزەوییەکان دەکێشێت. سەرکەوتنی ئەم کتێبە، بەهۆی هێنانەناوەوەی سەر-وشەیەکی تازەوە بۆ بازنەی وشەکانی زمانی ڕووسی، ڕێزی لێگیرا: ئابلۆمۆفیزم، کە بووە جنێوێك بۆ چینێك کە یارمەتیی حوکمی ڕەها و ستەمکار دەدات تاکو بۆماوەیەکی دوورودرێژ بمێنێتەوە. لینین دواتر باسی ئەوەی کرد کە ئەم نەخۆشییە تەنیا لە چینە باڵاکاندا کورتنەدەبووەوە و بەشێکی گەورەی بۆرۆکراسیەتی قەیسەری ئالودەکردبوو و دزەی کردبووە خوارەوەی کۆمەڵگاش. تەنانەت کادرەکانی حیزبی بەلشەفیکیش لەوە بەدەر نەبوون. ئەمە نمونەیەك بوو کە تیایدا، ئەو ئاوێنەیەی بەدەستی گۆنچارۆفەوە بوو، لەڕاستیدا کۆی کۆمەڵگای پیشاندەدایەوە. لینین لە مشتومڕەکانیدا، زۆرجار بە لێکچواندنی نەیارەکانی، تەقریبەن هەمووکات بەهۆی کەسایەتییە نەرێنی و جاروبار لاوەکییەکانیشەوە پەلاماری دەدان کە لە ئەدەبی داستانیی ڕووسیاوە وەرگیرابوون.

ئەوەی نوسەرانی وڵات لەسەری کۆك نەبوون(و دیارە لەمەشدا تەنیا نەبوون)، ئامرازێکی ناچاری بوو بۆ سەرنگونکردنی ڕژێم. پووشکین پشتیوانی ڕاپەڕینی دیسەمبەرییەکان [٤] بوو لە ساڵی ١٨٢٥ کە بەهۆی هاتنەسەرکاری نیکۆلای یەکەمەوە، کەوتبوونە دژایەتی. گۆگۆل، بەر لە پاشەکشێ خێراکەی، کەوتە داشۆڕینی ئەو ستەمانەی کە لە ڕەعیەتەکان(سێرف) دەکرا. تۆرگینێف، ڕەخنەگر بوو لە قەیسەریەت، بەڵام بەتوندی بێزار بوو لەو نیهیلیستانەی کە

---

٤- Decembrist uprising

وەعزی تیرۆریان بە گوێی خەڵکدا دەدا. سەردەمی کورتی **جەزابیەتی** تیرۆریزمی ئەنارشیستی بۆ دۆستۆیفسکی، لەپاش کوشتنێکی تۆقێنەر لە سانپترزبۆرگ وەرگەڕا بۆ دژە گەشەنەکردووەکەی خۆی. هێرشی تۆلستۆی بۆ سەر ستەم و ڕەهاگەرایی ڕووسی، لینینی خۆشحاڵکرد، بەڵام مەسیحیەتە عیرفانی و ئارامیخوازەکەی جەنابی کۆنت، سەرنجی ڕانەکێشا. لینین پرسیی: ئەوە چۆنە کە نوسەرێکی بەتوانا لە یەك کاتدا دەتوانێت هەم شۆڕشگێڕ بێت و هەم کۆنەپەرستیش؟ لینین لە نێو دەرزەن وتاردا، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی سەبارەت بە ناکۆکییە قووڵەکانی ناو بەرهەمەکانی تۆلستۆی خستەڕوو. تۆلستۆییەکەی لینین، دەیتوانی دیاگنۆس و دەستنیشانکردنێکی ڕوونی هەبێت- ڕۆمانەکانی، چەوساندنەوەی ئابوری و تووڕەیی دەستەجەمعیی جووتیارانی دەستنیشانکردووە؛ بەڵام نەیتوانیوە فۆرمولەیەك وەك چارەسەر بخاتەڕوو. تۆلستۆی لەجیاتیی خەیاڵکردن بە ئایندەیەکی شیاوی شۆڕشگێڕانەوە، لە گەڕان بەدوای دڵدانەوەدا، پەنای بۆ وێنەیەکی یۆتۆپی دەبرد لە ڕابردوویەکی سادەتر و مەسیحییانەدا. لینین لە «لیۆ تۆلستۆی وەك ئاوێنەی شۆڕشی ڕووسیا»دا دەنوسێت: «ناکۆکییەکانی ناو بیروباوەڕ و دۆکترینی تۆلستۆی شتێکی ڕێکەوت نین، بەڵکو گوزارشتن لە هەلومەرجی ناکۆکی ژیانی ڕووسی لە سێیەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا». بۆیە ناکۆکییەکانی تۆلستۆی وەك ڕێنیشاندەرێکی بەسود خزمەتی بە شیکردنەوەی سیاسیی لینین دەکرد. هاوکات لینین بێزار بوو لە «ئازارپەرستی[٥]»یەکەی دۆستۆیفسکی، گەرچی توانای نوسینی وی شتێك بوو نەدەشاردرایەوە.

بەهەرحاڵ ڕوانگەکانی لینین دەربارەی ئەدەب نەبوون بە سیاسەتی دەوڵەت. تەنیا کەمتر لەساڵێك لەپاش شۆڕش، لە ڕۆژی دووی ئابی ١٩١٨دا، ڕۆژنامەی ئیزڤیستا لیستێك لەناوی ئەو کەسانەی بڵاوکردەوە کە خوێنەران پێشنیاریانکردبوو مۆنۆمێنتیان بۆ دروستبکرێت. دۆستۆیفسکی لەپاش تۆلستۆی، دووەم کەس بوو. لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا، لەلایەن نوێنەری شورای مۆسکۆوە، هاوشان لەگەڵ ڕێزێك لەلایەن شاعیری سیمبولیستەوە ڤیاچسلاڤ ئیڤانۆڤەوە پەردەی لەسەر لابرا.

ئەو نوسەرەی کە پێدەچێت بەهێزترین کاریگەریی لەسەر لینین-و لەڕاستیدا نەوەیەکی تەواویش لە هێزە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکان- هەبووبێت، نیکۆلای چێرنیشفیسکی [٦] بوو. چێرنیشفیسکی، کوڕی قەشەیەك بوو، و فەیلەسوفێکی ماتریاڵیست و سۆسیالیستیش بوو. ڕۆمانە یۆتۆپییەکەی ئەو، بەناوی دەبێت چی بکرێت؟، لە قەڵای پیتەر و پاول لە سانپیترزبۆرگ نوسرابوو، واتە لەو جێیەدا کە بەهۆی بیروباوەڕەکانیەوە تێیدا زیندانی بوو. دەبێت چی بکرێت؟، بوو بە کتێبی پیرۆزی نەوەیەك. ئەو ڕاستییەی کە کتێبەکە لە ناو زیندانەوە بە دزییەوە دەبرایە دەرەوە، خەرمانە و پیرۆزییەکی پێ بەخشیبوو. ئەمە ئەو کتێبە بوو کە زۆر پێش کەشفەکەی مارکس، لینینی ڕادیکاڵکردەوە(کە چێرنشفیسکی لەگەڵ مارکسدا نامەی گۆڕیبووەوە). لینین وەك دانەوەی پاداشتێك بەم پۆپۆلیستە ڕادیکاڵە، یەکەمین بەرهەمی گرنگی سیاسیی خۆی ناونا دەبێت چی بکرێت؟ کە لە ساڵی ١٩٠٢دا نوسیی و بڵاویکردەوە.

سەرکەوتنی گەورەی ڕۆمانەکەی چێرنشفیسکی، ڕۆمانووسە جێکەوتووەکانی وەڕسکرد؛ بەتایبەت

---

٥- “cult of suffering”

٦- Nikolay Chernyshevsky

تۆرگینێف کە بەشێوەیەکی دڕندانە هێرشیکردە سەری. ئەم ڕقهەڵڕشتنە، ڕووبەڕووی قامچییە سوتێنەرەکانی ڕەخنەگرانی ڕادیکاڵ بووەوە، کەسانی وەك دۆبرۆلیوبوف(کە خوێندکارەکان نازناوی «دیدرۆی ئێمە«یان پێدابوو) و پیساریف. تۆرگینێف لە تووڕەییدا خەریكبوو شەقی دەبرد. کاتێك لە ڕووداوێکی گشتییدا بەر چیرنشفیسکی کەوت، هاواریکرد: «تۆ مارێکیت و دۆبرۆلیوبوفیش مارێکی زەنگۆڵەدارە».

ئەم ڕۆمانە چیە کە ئەم هەموو مشتومڕەی هەڵگرتووە؟ لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، سێجار هەوڵمدا پەڕەبەپەڕە ئەم ڕۆمانە بخوێنمەوەو هەرسێ جارەکە شکستم هێنا. ئەمە بەرهەمێکی کلاسیکی ئەدەبی ڕووسی نیە. کتێبێك بوو بۆ سەردەمی خۆی و ڕۆڵێکی گرنگی لە قۆناغی پۆستتیرۆریستیی ڕۆشنبیریی ڕووسیادا گێڕا. بێگومان لە هەموو بەرەکانەوە بەرهەمێکی ڕادیکاڵە، بەتایبەت یەکسانیی ژێندەریی نێوان ژن و پیاو، هەروەها دەربارەی چۆنیەتیی خەباتکردن، چۆنیەتیی ناسینی دوژمن و ژیانکردن بەپێی هەندێك ڕێسای دیاریکراو.

فلادیمێر ناباکۆف، ڕقی لە چرنیشفسکی دەبووەوە؛ بەڵام پشتگوێخستنی ئەوی بە مەحاڵ دەبینی. لە دوایین ڕۆمانی ڕووسیی خۆیدا، واتە دیاری، ٥٠ پەڕەی تەرخانکردووە بۆ سووککردن و گاڵتەپێکردنی نوسەر و چواردەورەکەی، بەڵام دان بەوەشدا دەنێت کە « گومانی تیا نیە بڕێك غرور و لوتبەرزیی چینایەتی لە تێڕوانینی نوسەرانی خانەدانی هاوسەردەمدا هەیە دەرهەق بە چرنیشفسکیی سادە و عامی»؛ لە کۆڕوکۆمەڵە تایبەتەکانیشدا تۆلستۆی و تۆرگینێفی بە «جێنتڵمانێك ناودەبرد کە بۆنی میزیان لێدێت...و بە هەموو جۆرێك گاڵتەی پێدەکردن».

گاڵتەکردن بەوان تا ڕادەیەك زادەی ئیرەیی بوو، لەو ڕووەوە کە لەخۆباییبوونەکەی ئەوان لەناو گەنجاندا شتێکی باو و ویستراو بوو. سەبارەت بە تۆرگینێفیش زادەی دوژمنایەتییەکی سیاسیی قووڵ و سەخت بوو لای نوسەرێك کە خوازیاری شۆڕش بوو و دەیویست خاوەندارێتیی زەوی هەڵوەشێنێتەوە و زەوی لەنێوان جووتیاراندا دابەشبکات.

لینین بەدەست ئەو بەلشەفیکە گەنجانەوە توڕەببوو کە لە ساڵانی نێوان شۆڕشی ١٩٠٥ تا ١٩١٧دا لە تاراوگە سەردانیاندەکرد. ئەویش کاتێك کە سەبارەت بە کتێبەکەی چرنیشفسکی سەریان دەخستە سەری و پێیاندەوت کتێبەکە شیاوی خوێندنەوە نیە؛ لینین خێرا دەچووە قورگیاندا و دەیوت ئێوە لەوە گەنجترن درك بە قووڵی و تێڕوانینەکەی بکەن. دەبێت چاوەڕێ بن تا دەگەنە چلساڵی. ئەوسا تێدەگەن فەلسەفەی چرنیشفسکی لەسەر کۆمەڵێك فاکتی سادە ڕاوەستاوە: [بۆنمونە] ئێمە لە ڕەگەزی مەیموونەکانەوە هاتووین نەك ئادەم و حەوا؛ ژیان پرۆسەیەکی ژینەکیی کورتخایەنە، بۆیە پێویستدەکات ئیمکانی بەختەوەری بۆ هەموو کەسێك بوونی هەبێت. ئەم شتە لە دنیایەکدا نالوێت کە لەژێر باڵادەستیی چاوچنۆکی، ڕق، جەنگ، خۆپەرستی و چینایەتیدایە. هەر لەبەر ئەمە شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شتێکی زەرووری و ناچاری بوو. گەرچی، ئەو گەنجە بەلشەفیکانەی کە بە شاخەکانی سویسرادا سەردەکەوتن، لە دەمەدەمی چلساڵیدا بوون، شۆڕش پێشوەخت ڕوویدابوو. لەم ساتەدا، چرنیشفسکی بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەو مێژوونوسانەوە دەخوێنرایەوە کە لە پەرەسەندنی فیکری لینین دەکۆڵانەوە. پێشکەوتنخوازانی شارەزای ناو حیزب، بەشادییەوە ڕوویان لە مایکۆفسکی کرد نەك لینین.

ئەو کلاسیکگەرابیەی کە وا بەقووڵی ڕیشەی لە لینیندا داکوتابوو، وەك قەڵایەك کاریکرد بۆ دوورهێشتنەوەی لە گەشەسەندنە تازە ورووژێنەرەکان لە هونەر و ئەدەبی پێششۆڕش و پاشیشی(یان هاوەدەمی شۆڕش). بە لای لینینەوە، سازان لەگەڵ مۆدێرنیزمدا لە ڕووسیا یان هەر جێیەکی تر شتێکی قورس بوو. بەرهەمە پێشەنگ و ئاڤانگاردە هونەرییەکانی-مایکۆفسکی و

بیناگـەرەکان- لەگـەڵ زەوق و سـەلیقەی ئـەودا نەدەهاتنـەوە.
شـاعیران و هونەرمەنـدان لەبەتاڵوحەتـاڵ پێیانـدەوت ئـەوان عاشـقی پووشـکین و لیرمۆنتۆفـن، بـەڵام شۆڕشگێڕیشـن و تەحـەدای فۆرمـە کۆنـە هونەرییـەکان دەکـەن و شـتێکی تـەواو جیـاواز و نـوێ بەرهەمدێنـن کـە لەگـەڵ بەلشـەفیزم و سـەردەمی شۆڕشـدا پـتر دەگونجێـت. ئـەم قسـانە هـەروا بەسـادەیی بـە مێشـکی لینینـدا نەدەچـوو. ئـەوان دەتوانـن هەرچییـان ویسـت بینوسـن یـان وێنـەی بکێشـن، بـەڵام بۆچـی ناچـار ببێـت چێژیـان لـێ ببینێـت؟! زۆرێـك لـە هـاوکار و هاوپیشـەکانی لینـین هاوسـۆزییەکی زیاتریـان بەرامبـەر بـە بزاوتـە تـازەکان پیشـاندەدا. بوخاریـن، لۆناچارسـکی، کرۆپسـکایا، کۆڵنتـای و تاڕادەیەکیـش ترۆتسـکی لـەوە تێگەیشـتن کـە چـۆن پریشـکە شۆڕشـگێڕییەکان، دیمـەن و ئاسـۆی نوێیـان، کردۆتـەوە. لەنـاو پێشـەنگ و ئاڤانگاردەکانیشـدا گـرژی، دوودڵـی و ناکـۆکی هەبـوو، و پشتیوانەکانیشـیان لـە دەوڵەتـدا بریتیبـوو لـە ئاناتـۆلی لۆناچارسـکی ئەندامـی کۆمیتـەی خەڵـکی بـۆ پـەروەردە، واتـە ئـەو جێیـەی کـە هاوسـەرەکەی لینـین، نـادوژدا کرۆپسـکایاش کاری تیـا دەکـرد. کەمیـی کاغـەز لـە میانـەی شـەڕی ناوخـۆدا، بووەهـۆی کۆمەڵێـك مشـتومڕی تونـد. ئاخـۆ دەبـوو دەفتەرۆکـەی پڕوپاگەندەکانیـان چـاپ بکرایـە یـان شـیعرە تـازەکانی مایکۆفسـکی؟ لینـین پێـی لەسـەر بـڕاردەی یەکـەم دادەگـرت. لۆناچارسـکی قەناعـەتی وابـوو شـیعری مایکۆفسـکی زۆر کاریگەرتـر دەبێـت و لـەم حاڵەتەشـدا بردیـەوە.
لینـین، دژی هـەر ئایدیایەکیـش بـوو دەربـارەی «ئـەدەب و هونـەری پرۆلیتـاری» و جەختـی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە کـە ناکرێـت بەهـۆی کۆمەڵێـك هاوکێشـەی میکانیـکی و مـردووەوە لوتکـەکانی کەلتـوری بـۆرژوازی(و پێشـینانە کۆنـەکانی) تێپەڕێنیـت، ئەویـش لـە وڵاتێکـدا کـە ئاسـتی فەرهەنـگ و کەلتورەکـەی بـە مانـای فـراوانی وشـەکە زۆر لـە خوارەوەیـە. ناوقەدبـڕەکان لـەم بـوارەدا ڕۆڵێـکی ئەوتۆیـان نیـە، واتـە ئـەو خاڵـەی کـە «ڕیالیزمـە سۆسیالیسـتی»یە ترۆهاتەکـە سـاڵانی شـوومی پـاش مەرگـی لینـین بـە شـێوەیەکی بنبـڕ سـەلماندی. خەلاقیـەت و داهێنـان سـڕببوو. بـازدان لـە مەملەکـەتی زەروورەتـەوە بـۆ مەملەکـەتی ئـازادی، واتـە ئـەو جێیـەی کـە ژیـانی هەمـوان بەهـۆی عەقڵـەوە درووسـتدەبێت، هەرگیـز لـە سـۆڤیەت یـان جێیـەکی تـردا ڕووینـەدا.

**سەرچاوەکان:**

http://tarjomaan.com/vdce.z٨vbjh٨no٩bij.html
https://www.theguardian.com/books/٢٠١٧/mar/٢٥/lenin-love-literature-russian-revolution-soviet-union-goethe

# شۆڕشی ئۆکتۆبەر: وێنەکانی و شۆکەکانی .. بە کامێراکەی ئێزنیشتاین

بڕوا عەلادین

فیلمەکەی ئێزنیشتاین ئەگەرچی ئارشیفییە و یەکێک لە ئامانجەکانی گێڕانەوەی مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، لێ کورتکردنەوەی بۆ پلۆتێکی دیاریکراو (سەرەتا/ناوەڕاست.کۆتایی) زۆر مەحاڵە، چونکە ڕووپێوکردنێکی وردی زنجیرەیەک بەرخۆدان و پێکدادان و قاچاغبوون و بوون بەبەرەی جوداجودایە کە بە ڕووخاندنی ئەلیکساندەری سێهەم دەستپێدەکات و بە دەسەڵاتگرتنە دەستی لینین، کۆتاییدێت. بە کورتی، بینینی دیمەن و گرتەکان لای ئێزنیشتاین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا لە چەند دیمەنێکی یەکالاکەرەوەدا نمایشدەکرێت: تایبەتمەندێتییەکانی ئەم کارە بە وێنەکانی سەرەتایەوە دیارە کە زوومەکان لەسەر تفەنگەکانن، لەسەر قۆناغی تفەنگەکان و ڕمەکانیانن. وەک ئاماژەیەک بۆ هەژان و کوڵانی ململانێیەکی کۆن، هەزاران تفەنگ دەبینین بەو قەمانەوە کە بە لولەکانیانەوە بەندە لە خاک چەقێندراون، ئاماژەیەکی زۆر سایکۆلۆژی کە ئامادەمان دەکات بۆ بڵیسەسەندنی پزیسکی بەرخودانێکی توند کە بە ڕووخاندنی پەیکەرەکەی ئەلیکساندەری سێهەم دەستپێدەکات و پەرەدەستێنێت. گرتەکان لە شۆڕشەکە خۆی خێراترن، لافیتەکان سپەیس و ئاسمانی ڕووسیایان داپۆشیوە، گوتاربێژەکان لەسەر مینبەرەکان کڵاشە دەکەن، خەڵکی هەژار و نەدار ئامادەباش بۆ راپەرین ڕیزیان بەستووە و گوێ کاریزماکانی وەک لینین و ترۆتسکی دەگرن. جەختێکی زۆر لەسەر هەژموونی حەشامات و پڕکردنەوەی سپەیسە جوگرافییەکان (بە ئاسمانیشەوە) بە قەرەباڵغی جەماوەر و لافیتەکان دەبینین. یەکەم ژن دەبینین سوار سەری پەیکەرەکە دەبێت تا شلۆقی بکات، تا بە هاوەڵی هاوڕێکانی هەوڵبدات بیڕووخێنێت. سەرکەوتنی ئەو بەرخودانە ئەو کاتە دڵنیادەکرێتەوە کە سەربازەکان دەبینین نانی دەمی خۆیان دەدەن بەیەکتری، دەست لەملانی یەک پێدەکەنن، پێکە ڤۆدگا بۆ یەکتری فڕ دەکەن، گەمە بە و خودە و کڵاوە سەربازییانە دەکەن کە لە لەشکرەکەی قەیسەر جێماون وەک ئاماژەیەک کە ئەم سوپایەی ئێمە هیرارکی و ژێر و ژووری تیانیە و هەمووماں خەباتگێڕین. وەک دابڕان لەو ڕووداوە، یەکەم مانشێتی دامەزراندنی حکومەتی کاتی دەبینین، هاوکاتیش تەقوتۆقی سەرهەڵدانەوەی جەنگ دەبیسترێت. مرۆڤەکان دەڕژێنەوە ناو خەندەق و ژێرزەمینەکان، نرخی نان گران دەبێت، برسێتی و زوقم و بەفر

باڵدەکێشـن بەسـەر کـۆی دیمەنەکانـدا.  سـێ ی ئەپریلـی ١٩١٧ دیـە، ئەلیانـۆڤ (لینیـن) لـە فینلانـدەوە دەگەڕێتـەوە، بەلشـەفیکەکان لـە مەنشـەفیکەکان جیادەبنـەوە، لینیـن لـە ڕۆژنامـەی بلێسـە (ISKRA) ەوە سـەرنجەکانی خـۆی دەربـارەی ڕاپەڕیـن دەنووسـێت، دێتـە سـەر مینبـەر، کڵاوەکـەی بـە دەسـتیەوە گرتـووە و قسـە بـۆ خەڵـک دەکات، بـاس لـە قەیرانەکانـی مۆنارکیزم(پاشـایەتی) و گرانـی و برسـێتی دەکات، ترۆتسـکی دێتـە سـەر سـکرین، پشـتگیری لـە لینیـن دەکات لـە کۆنفرانسـی حیزبـدا، خەڵکـی گاڵتەیـان بـە ڕێگەچارەی ئاشـتیانەی مەنشـەڤیکەکان دێـت، لـە سـمۆلنی بـە سەرپەرشـتی خـودی لینیـن، پـلان بـۆ لێـدان لـە مۆنارکیـزم دادەنرێـت، کۆشـک دەگیرێـت، کۆتایـی بـە مۆنارکیـزم دێـت، کۆشـکەکە تالاندەکرێـت، منالێـک لەسـەر کورسـی و عەرشـی پادشـایەتی کـە سـیمبولە بـۆ سۆسـیالیزم و هاتنەئـارای نـەوەی نـوێ، خـەوی لێکەوتـووە و بـە دواگرتـە کـە پێشـوازیکردنە بـە چەپڵـە لـە لینیـن وەک ڕابـەڕی شۆڕشـەکە، فیلمەکـە کۆتاییدێـت. وەک لەسەرەتایشـەوە باسـمانکرد، ئامانـج لـەم نوسـینە بـۆ ڕانانـی فیلمەکـە نیـە وەک خـۆی، هێنـدەی بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی ڕەخنەگرانـی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەرە تـا لـە گێڕانـەوەی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەردا فەرامۆشـی نەکـەن و هەمیشـە وەک سـەرمایەیەکی کەلتـوری و کارێکـی دانسـقەی سـینەمایی ئەرشـیفکاری شۆڕشـەکە ببینرێـت، وەک کارێکـی ئەفرێنەرانـەی بوێـر کـە زۆربـەی گرتـە پەڕیـوە چەپیوەکانـی ئـەو شۆڕشـەمان بیردەخاتـەوە و بەدیاریانـەوە دەمانوەسـتێنێت: دەمانخاتـە بـەردەم ئـەو گومانـەی کـە بپرسـین: داخـۆ هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـێکی تـری لـەو چەشـنە، لـە سـەدەی بیسـتویەکدا، مەحـاڵ و ئەسـتەم بێـت؟

هەمـوو ئەوانـەی سـاڵانە یـادی شۆڕشـی ئۆکتۆبەریـان کردۆتـەوە (بـە چەپـەکان خۆیشـیانەوە)، چاویـان زیاتـر لەسـەر ڕووداوە مێژووییەکـە بـووە وەک جۆرێـک لـە کەرتبوونـی سیاسـی و دابەشـبوونی خـودی چەمکـی سیاسـەت بـۆ دووبـەرەی دژ بەیـەک لـە سەرتاسـەری جیهانـدا: بەرەیـەک سۆسیالیسـتی و بەرەیـەک بـۆرژوازی. شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر پـتر وەک قەوارەیـەک دژ بـە دژەقەوارەیەکـی پێشـوەخت وێناکـراوە، وەک دامەزراندنـی ئیمپراتۆریایەکـی کرێـکاری دژ بـە قەیسـەر و مۆنارکـی و بـۆرژواکان کـە لەسـەرەتاوە تـا کۆتاییەکـەی دیـارن و بەتەنهـا زنجیرەیـەک ڕووداو و هـەل و هەڵکەوتـەی مێژووییـن.
بێگومـان ئەمـە ئاسـانترین بینینـە بـۆ شۆڕشـێک کـە تـا ئێسـتایش سـۆز و نۆسـتالیژیا بـۆی، نـەک لێـی کەمنەبۆتـەوە، بەڵکـو گروتیـن بـۆ گێڕاندنـەوە و دووبارەکردنـەوەی لـە هەڵکشـاندایە. لـێ ئـەوەی کـە مایـەی سـەرنج و تێڕامانـی منـە لـە ئێسـتادا (بەتایبەتـی کـە یـادی سەدسـاڵەی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر بـە سـەرکردایەتیی لینیـن و بەلشـەفیکەکان، دەکرێتـەوە)، چاونوقانـدن و خۆکەڕکردنـی بەردەوامـی ڕەخنەگرانـی ئێمـە بـووە لـە گرنگتریـن دۆکیومێنتـی سـینەمای سـۆڤێتی خـۆی دەربـارەی شۆڕشـەکە کـە فیلمـە بەناوبانگەکـەی (سـێرگی ئێزنیشتاین)ــە بـە ناونیشـانی (ئۆکتۆبـەر: ئـەو دە ڕۆژەی کـە جیهانـی هەژانـد).
ئەڵبەتـە هۆکارەکانـی خۆگێلکـردن لـەم بەرهەمـە دانسـقە هونەریـە زۆرن، کورتکردنـەوەی سۆسـیالیزم بـۆ یـەک ڕووداو کـە بـە ڕابەرایەتیـی لینیـن هەڵگیرسـا و دەرەنجـام وەک بلۆکـی سـۆڤێت ڕووخـا، گیردانی ئایدیۆلۆژیـای لینینیـزم لـە چەنـد ئەدەبیاتێکـی حیزبییـدا کـە بـەس بـۆ ڕێکخسـتنی شـانەی چەکـدار بەکەڵـک دێـن نـەوەک تێـز و تیـۆری شۆڕشـێکی فیکـری بـن، قێزکردنـەوە لـە مارکسـیزم وەک کاردانـەوە بـۆ سـەر هـزری ئاینـی، دێواندنـی مارکسـیزم وەک هەڕەشـەیەک بـۆ سـەر ئەگـەری بوونـی دەوڵەمەنـد و بـازرگان بـە ئیدیـاڵ لـە فانتـازی تاکەکەسـەکاندا، تـاوان و دڕندەییەکانـی سـتالین و کردنیـان بـە تاکـە پەنجـەرە بـۆ هەڵسـەنگاندنی دەرەنجامەکانـی شۆڕشـەکە، ئەمـە جگـە لـە قەبەبوونـی گوتـاری کوردایەتی و نووسـتنی کۆمۆنیسـتە کـوردەکان لـە سـایەیاندا وەک مرۆڤـی بێـکار و... هتـد، لـێ گرنگترینیـان بـەلای

منـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ نەزانـی و ناشـارەزایی تـەواوی ئێمـە لـە سـینەمای سـۆڤێتی و بەتایبەتییـش ئێزنیشـتاین. ئێزنیشـتاین بـۆ زۆر بینـەر و دەرهێنـەر یـا ڕەخنەگـری هونـەری ئێمـە وا دەردەکەوێـت دەرهێنەرێکـی زۆر سـاکار بێـت، زۆر ڕووکەشـی و ڕەمـزی بێـت، بـەوەی کـە جیهانێکـی ڕەنگاوڕەنـگ و پـڕ لـە ڕۆمانتیـزم و گرتـەی سێکسـی و گۆرانـی هینـدی یـا ڕاوڕاوێنـی پۆلیسـی نەبێـت، هەربۆیـە ڕەنگـە شایسـتە بـە ئاوڕلێدانـەوە و ئـەو بایەخـە زۆرە نەبێـت، لەکاتێکـدا بـەڕای مـن تێنەگەیشـتن لـە ئاڵـۆزی و وردەکاریەکانـی کۆکەرەسـتەی سـینەمایی ئـەو، هەروەهـا تاوانبارکردنـی بـە یەکێـک لـە مێژوونووسـە دڵپاکەکانـی کۆمۆنیـزم (وەک ئـەوەی خـودی کۆمۆنیـزم گونـاه و هەڵـە بێـت) وای کـردووە کـە خەڵکـی خـۆی لـێ بـە دوور بگرێـت.

باشـترین فیلمەکانـی ئێزنیشـتاین (جگـە لـە ئیڤانـی ترسـناک) چونکـە ڕەشوسـپین، بێدەنگـن، تەمەنیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـێ چارەکـە سـەدە لەمەوپێـش، بـەراورد بـە هەژموونـی فیلمـی بریقـەداری هۆلیـودی و بولیـودی و سـینەمای تورکـی و عەرەبـی، وا وێنادەکرێـن کـە کلاسـیکی بـن و تەپوتۆزیـان لـێ نیشـتبێت، بـەڵام تێـزەی ئێزنیشـتاینی بـۆ سـینەما، بەتایبەتـی دوای فیلمەکانـی: (مانگرتـن)، (زرێپۆشـی پۆتمکیـن) و فیلمـە دۆکیومێنتاریـە بەناوبانگەکـەی لەسـەر شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، هەمیشـە ئەوەمان بـۆ دووپاتدەکەنەوە کـە لەبـەردەم یەکێـک لـە داهێنـەرە ئەفسـووناویەکانی مێـژووی سـینەماداین و سەرکێشیەکانیشـی بـەو بەرهەمـە مێژوویەیـەوە دیـارن کـە نـاوی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری ١٩١٧ ەیـە و لەپـاڵ ئارشـیفکردنی سـەرهەڵدان و هاتنـی بەلشـەڤیکەکاندا بـۆ دەسـەڵات، شـتێکی زیاتـری پێیـە وەک هونـەری سـینەمای سـۆڤێتی کـە دەخوازێـت پێمانـی بڵێـت.

بەرلـەوەی بچینـە سـەر وردەکاریـە هونـەری و ئەفرێنەرەکانـی فیلمەکـەی ئێزنیشـتاین دەربـارەی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، پێویسـتە کەمێـک لەسـەر چەمـک و تێگەیشـتنەکانی ئـەو بـۆ سـینەما و فیلـم بووەسـتین تـا لـە ڕێیـەوە لـە کارەکـەی تێبگەیـن کـە لـە داگرتنـەوەی مـرۆڤ بـە تۆپەڵێـک گرتـەی یەکلـەدوای یـەک و هـوروژم و هێرشـی کۆمەڵێـک دیمـەن لـە فۆرمـی بۆمبارانکردنـی بینـەردا، خـۆی دەنوێنێـت.

سـینەمای ئێزنیشـتاینی بـۆ مـن دوورتـر لـە دەرهێنـان و پێکەوەلکاندنـی گرتـەکان و بەرهەمهێنانـی دیمـەن لـە بـەر ڕۆشـنایی یـەک بونیـادی ڕاسـتەهێڵی حیکایەتـدا، دەڕوات. ئێزنیشـتاین بەرلـەوەی دەرهێنـەری فیلـم بێـت، ئەنترۆپۆلۆژیسـتێکی لۆکاڵییـە بـەو مانایـەی کـە مالینۆڤسـکی بەکاریدەهێنێـت. لای مالینۆڤسـکی ئەنترۆپۆلۆژیسـت هیـچ نیـە جگـە لـە چاودێریکارێکـی بەشـدار کـە کار بـە میتـۆدی تێبینـی بەشـدارکەرانە (Participant observation) ی ئـەو بابەتانـە دەکات کـە لێیـان دەتوێژێتـەوە و دەخوازێـت ڕای خـۆی لەسـەریان بـدات. ئەفسـوونی ئـەم میتـۆدە کـە بـە بۆچوونـی مـن لـە کارەکانـی ئێزنیشـتایندا زۆر نائاگایانـە کاری پێکـراوە، لـەو تایبەتمەندێتییـەی داهێنـان و توێژینەوەدایـە کـە هـەم لەنـاو ڕووداوەکاندایـت و هـەم لـە دەرەوەیشـیانیت، هـەم بەشـێکیت لـە دیمەنـەکان، هـەم چاودێریـش بەسـەریانەوە: واتـە بـەردەوام لەنـاو/دەرەوە ی ئـەو جیهانەدایـت کـە دەخوازیـت وێنـای بکەیـت، ئارشـیڤی بکەیـت، سـەرنجەکانی خۆتـی لەسـەر بڵێیـت و بـەو چاوەیـش بیانبینیـت کـە هـی خۆتـن نـەک لـە دەزگایـەک یـان ئایدیۆلۆژیەکـت قەرزکردبێـت (بێهودەیـش نیـە ڕەخنەیەکـی زۆری ئەنجومەنـی شۆڕشـی ڕووسـی لـە ئێزنیشـتاین ئەوەیـە کـە فیلمەکـەی لـە ئاسـت چاوەڕوانییەکانـی ئەوانـدا نەبـووە وەک مۆتیڤێـک بـۆ مۆبەلایـز و وروژاندنـی خەڵـک).

تایبەتمەندێتیـی سـینەمای ئێزنیشـتاینی کـە بەشـێکی زۆری کارکردنـە لەسـەر مۆنتـاژی زەینیانـە بـە مەبەسـتی پڕوپاگەندەکـردن (وەک ئـەوەی بەلشـەڤیکەکان لێیـان دەویسـت)، جەختێکـی تەواویـش دەکاتـە سـەر هەڵبژاردنـی کاریگەرتریـن گرتـە لـە کـۆی ڕووداوێـک یـان وێنـە و دیمەنێکـدا تـا بتوانێـت

زیاترین کاریگەریی سایکۆلۆژی لەسەر بینەر/وەرگرەکەی بەجیبهێڵێت. بەڕای زۆربەی ڕەخنەگرانی سینەما، لە فیلمەکەیدا دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئێزنیشتاین بەچەشنێک ئالودە بە گرتەت دەکات، گرتەکانت وەک ئاگر تێبەردەدات، جۆرێکی سۆزداریی ئەوتۆ مۆنتاژیان دەکات و پڕوپاگەندەیان پێ دەکات کە ناتوانیت بە بینینیان، نەبیتە بەلشەڤیست، یاخود ڕاستتر بڵێین، ئێزنیشتاین بە بایەخدانی بە گرتە و داگرتنەوەی بینەر بە ڕێژنەی گرتە، کار لەسەر مێنتاڵتی و هزر دەکات و دەخوازێت دووچاری شۆکی بکات و ناچار بەبەرهەمهێنانی گرتەی تری بکات. سینەمای ئێزنیشتاینی کاردانەوەیەکی توندە بۆ لەناوبردنی سینەمای بۆرژوازی و خوڵقاندنی سینەمایەکی پرۆلیتاری کە ڕەنگە وەرگێڕانەکەی بە زاراوەی هونەری بریتی بێت لە: کۆتاییهینان بە هەژموونی تاکئەستێرەیی و تاکپاڵەوانی و گۆڕینی بە مۆدێلی پاڵەوانی دەستەگەل و جەماوەری. جەختکردنەوەی ئێزنیشتاین لەسەر کاریگەریدرووستکردن و بایەخدان بە ورووژاندنی هزر و مێنتاڵتی لەو دیدە تایبەتمەندەی ئەو بۆ سترەکتوری کاری سینەمایی جیاناکرێتەوە کە تاڕادەیەک شیتەڵکردن و ئەتۆمیزەکردنەوەی سترەکتوری فیلمە بۆ خانەی ئەتۆمیی بچووک بچووک. بونیادی سەرەکیی بەرهەمی سینەمایی لای ئێزنیشتاین جۆرێک لە هیرارکیزمی خۆی هەیە کە دەکرێت بۆ پێنج ڕەگەزی سەرەکی دابەشیان بکەین: گرتە، وێنە، دیمەن، جەزرەبەڕووداو (شۆک) و دواجاریش فیلم (بیگومان لێرەدا گرنگیدانی ئەومان بە چەمکەکانی وەک شوێن، سپەیس، چواردەور، کاتی لاوەکی و کاتی سەرەکی و ...هتد، فەرامۆشنەکردووە).

لای ئەو، گرتە چکۆلەترین ڕەگەزی وێنەی سینەماییە کە بە کەڵەکەبوونیان وێنە بەرهەمدەهێنن، کەڵەکەبوونی وێنەکانیش دەبنە مایەی سەرهەڵدانی دیمەن، دیمەنەکانیش کە بەسەریەکدا دەچرژێن، شۆک و ڕووداوی جەزرەبەئاسامان لا دەخوڵقێنن، کۆی هەموو ئەمانەیش بەسەریەکەوە دەبنە خەسڵەتە سەرەکی و گرنگەکانی ئەو یەکە تەواو و یەکگرتووەی دەکرێت بە فیلمێکی سەرکەوتوو، ناوی ببەین.

لە دیدی ئەودا، دیمەن بەتەنها پاشخانی زمان نیە، بەڵکو تەریب بە زمان و ئاماژەکان دێت و لە فۆرمی ئاوێتەبوونی هەندێک گرتەدا بەردەوام دەبێت. بەڵام خودی چەمکی گرتە لای ئێزنیشتاین هەستیارە، چونکە پێی وایە بەریەککەوتنی گرتەی یەکەم بە گرتەی دووەم (سەرباری ناکۆکی و تەباییەکانیان) دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی گرتەی سێهەمی نادیار کە دەرەنجامی زەینی هەردوو یەکەم و دووەمیانە و بوونیانە بە مانا لەلای بینەر. بەکورتی، ئەو ڕای وایە کە دوو گرتە بەریەکدەکەون، سێهەمیان زەینییە و بینەر خۆی درووستیدەکات، ئا لێرەیشەوەیە کە جەختێکی زۆر لە کارکردنی شۆکئامێزانەی گرتەی یەکەم و دووەم لە دیمەنەکانیدا دەبینین.

ئەم باسکردنە کورتە لە تایبەتمەندێتیی کاری سینەمایی ئێزنیشتاینی بەو ئامانجە بوو تا بتوانین قسە لە فیلمە نیمچە ئارشیڤی/دۆکیومێنتاریەکەی دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکەین، چونکە بۆ ماوەی کاتژمێریک و چل و سێ خولەک ئێمە لەلایەن گرتەوە بۆمباران دەکرێین. فیلمەکە بێدەنگە، زۆر خێرا و شەپۆلاوییە، پاشتر (گریگۆری ئەلیکساندرۆڤ) کەمەکێک دەنگ و (دیمتری شۆستۆکڤیچ) یش موزیکی دەخەنە سەر، گەر ئەو چەند دێڕە کورتانە نەبێت کە جارجار وێستگە زەمەنی و ڕووداوە یەکالاکەرەوەکان لە یەکتری جیادەکەنەوە، ناتوانین وەک داستانێکی مێژوویی ببینین، بەڵکە پتر وەک تۆمارکردنێکی زیاد لە پێویستی کۆمەڵەڕووداوێک دێن کە گەر کەسێک شارەزای چیرۆکی شۆڕشەکە نەبێت کە بە ڕاپەڕینێکی بچوک دەستپێدەکات و بە سەرکەوتنی بەلشەڤیکەکان کۆتایی دێت، مرۆڤ وێڵ و سەرلتێکچوو بەدیاریەوە دەکەوێت.

ڕاستە لاوازیی تەکنیکی سینەمای ئەو دەمە و ئاسان کۆنترۆڵنەکردنی بڕینی وێنەکان و

پێکەوەلکاندنی گرتەکان لە کارەکەی ئێزنیشتایندا کاریگەرییەکی نیگەتیڤیان کردۆتە سەر ئەوەی کە هەموو بینەرانی ئاسایی تاقەتیان نەبێت وەک فیلمێکی ڕژد و ئەفرێنەر لێی بڕوانن، بەتایبەتی کە هەندێکجار هەستدەکەیت سەیری فیلمەکانی چاپلن دەکەیت (بێ وروژاندنی زەردەخەنە): وێنە و گرتەکان لێت هەڵدێن، تاکەکەسەکان لە هەڵمەتبردنیاندا بۆ سەر پەیکەری قەیسەر و کۆشکەکان، لە شارە مێروولە و پۆلە هەنگ دەچن، دیمەنەکان برووسکەئاسان، جەختکردنە سەر سیماکان لە تیشک خێراترن و بەس سکانێکی دەستوبرد دەکەن. بەڵام بە ڕای من ئێزنیشتاین مەبەستیشیەتی تایبەتمەندێتیی سایکۆلۆژیی ئەو جۆش و خرۆش و هەڵچوونە سۆزدارییەی پێ بخوێنێتەوە کە لە دۆخی بەرخودان و هەڵکوتانە سەر ڕژێمێکدا خۆبەخۆ پەیدادەبن و واقیعین. پەلەپەل و خێرایی گرتەکانی فیلمەکە کەموکوڕییەکی تەکنیکی سینەمایی نین، چونکە لە کۆی کارەکەدا زۆرترین بڕین، گرتە، گۆڕینی گۆشەنیگا و زووم، هەروەها ڕووبەر و بەرزی و نزمی جیاواز دەبینین، هەندێک دیمەن ستوونیین، تیایاندایە لەسەر لان، هەیانە لەژێرەوە بۆ سەرەوەن... هتد. ئەمە جگە لەوەی کە وەک لە سەرەتاوە باسمکرد، تێزی سەرەکیی ئێزنیشتاینی بۆ کاری سینەمایی کەمتر پابەندبوونە بە کرۆنۆلۆژیا و زنجیرەبەندیی ڕووداوەکانەوە (بۆ نموونە گرتە هەیە کە لەسەرەتادا دەیبینین، لە نیوەی فیلمەکەیشدا دووبارەدەبێتەوە)، بەڵکو خولیای بەرهەمهێنانی زیاترین شۆک و ئایدیایە لە هزر و زەینی بینەردا تا بتوانێت خۆی مانای تری لێوە هەڵبهێنجێنێت. بێهودەیش نیە کە زۆرجار دەوترێت: سینەمای ئەو زەینییە و کاری لەسەر وەرزشکردنە بە مێنتاڵتی و هزری بینەر.

**دەتوانیت لەم لینکەی خوارەوەدا، فیلمەکە بە ژێرنووسی کوردییەوە ببینیت:**

https://www.youtube.com/watch?v=LU-RkZk١qaA&feature=youtu.be

# یادگارییەکان لەگەڵ لینین

کلارا زێتکین
و. شێروان ئیبراهیم

سەروەختێک من و دوو ژنی دیکە لە بارەی هونەر و پرسەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە گفتوگۆمان دەکرد، لینین گەیشتە لامان. لەوکاتەدا من ڕێز و سەرسامی خۆم دەردەبڕی بۆ کار و هەوڵە کەلتورییەکانی بەلشەفیکەکان کە دانسقە و نمونەیی بوون، کە ئەمەش بووە هۆی گەشەسەندنی توانا داهێنەرەکانی ناو وڵات بۆ داهێنانی ڕێبازی نوێ لە هونەر و پەروەردەدا. بەڵام هەستی خۆم لە بارەی ئەو نادڵنیایی و ناڕوونییەوە نەشاردەوە کە لە کاتی تاقیکردنەوەی ئەو هەنگاوانەدا دەردەکەون، چونکە هاوشانی ئارەزوویەکی بەتین بۆ ناوەڕۆک و فۆرم و ڕێگەی نوێ بۆ ژیانێکی کەلتوری، هەندێک جار لاساییکردنەوەی مۆدە و شێوازی ڕۆژئاوایی بەدیدەکرێت. لەوکاتەدا لینین بە گڕوتینەوە هاتە ناو گفتوگۆکەوە و گوتی:

«بەئاگاهاتن و جووڵانی توانا نوێیەکان و هەوڵەکانیان بۆ داهێنانی هونەر و کەلتورێکی نوێ لە ڕووسیای سۆڤییەتدا زۆر گرنگە. ڕێژەی گەشە زریانئاساکەی بەسوودە و لەبەرچاوە. پێویستە لەسەرمان قەرەبووی ئەوە بکەینەوە کە ماوەی چەندین سەدەیە لە دەستمان چووە. ئێمە پێویستمان بەم جۆش و گەڕانە بێسەرەوتەیە بۆ ڕێگەچارە و درووشمی نوێ، درووشمێک کە ئەمڕۆ بانگەوازدەکات بۆ «ڕزگارکردن»ـی ئاراستەیەکی دیاریکراو لە هونەر و فیکر، بەڵام سبەی هاواردەکەن «لە سێدارەی بدەن»! ئەمەش بەڕوونی دەبینرێت.

شۆڕش هەموو توانا کۆتکراوەکان ئازاددەکات و لە قوڵاییەکانەوە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ سەرەوە و دەریاندەخات. با نمونەیەک بهێنینەوە، بیر لەوە بکەنەوە مۆدە و شێوازی کۆشکی قەیسەری و حەز و مەیلە ناقۆڵاکانی ئەرستۆکرات و بۆرژواکان تاچەند کاریگەریی هەبوو لەسەر هونەر و شێوەکاری و بیناسازییمان. لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر خاوەندارێتیی تایبەت بونیادنرابێت، هونەرمەند بەرهەمەکانی بۆ بازاڕ بەرهەمدەهێنێت و پێویستی بە کڕیارە. شۆڕشەکەمان هونەرمەندانی لەم بارودۆخە ناخۆش و نالەبارە ڕزگارکرد و دەوڵەتی سۆڤیەتی کرد بە پارێزگار و پشتیوانیان. لە ئێستادا هەموو هونەرمەند و خوازیارێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە و بەگوێرەی ئایدیاڵی خۆی داهێنان بکات.

بەڵام ئێمە کۆمۆنیستین و ئەمەش ئاشکرایە، بۆیە نابێت دەستەوەستان بین و لێگەڕێین ئارەزووی پشێوی‌خوازەکان سەربگرێت. پێویستە هۆشیارانە ئەم گەشەکردنە ئاراستەبکەین و ئەنجامەکانی

دیاری بکەین، بەڵام ئێمە هێشتا دوورین لەمەوە و زۆرمان ماوە. پێموایە ئێمەش دکتۆری باشمان هەیە کە لە ئاستی دکتۆر کارڵشتاد دان. هەروەها ئێمە تا ئاستێکی زۆر «ئایکۆنۆکلاستین» ، ئێمە پێویستە دەست بە شتە جوانەکانەوە بگرین و وەکو نمونە بیانهێنینەوە و بەردەوام بین لەسەریان، تەنانەت ئەگەر «کۆن»یش بن. بۆچی دەبێت پشت لە جوانییەکی ڕاستەقینە بکەین و ئەوە فەرامۆشبکەین کە دەکرێت وەکو خاڵی دەستپێک وەریبگرین بۆ گەشەکردنی زیاتر، تەنها لەبەر ئەوەی «کۆن»ـە؟ بۆچی دەبێت بۆ هەموو «نوێ»یەک وەکو خودا کڕنووش ببەین، تەنها لەبەرئەوەی «نوێ»یە؟ ئەمە زۆر بێ مانایە. لێرەدا بڕێکی زۆر لە ڕیا و ڕێزی ناهۆشیارانە بەدی دەکرێت بۆ ئەو مۆدە لە هونەر کە لە ڕۆژئاوادا زاڵە. ئێمە شۆڕشگێڕی باشین، بەڵام پێموایە دەبێت بیسەلمێنین کە ئێمەش «لە ئاستی کەلتوری هاوچەرخداین» تەنانەت من بوێریی ئەوەم هەیە خۆم وەکو «بەربەرییەک» پێناسبکەم: من ناتوانم بەرهەمەکانی دەربڕینگەرایی Expressionism و ئایندەگەرایی Futurism و کوبیزم و هاوشێوەکانیان بە بەرهەمێکی هونەریی بلیمەتانە دابنێم. لێیان تێناگەم و چێژیان لێ نابینم».

منیش خۆم ڕانەگرت و دانم بەوەدانا کە هەرگیز ناتوانم لەوە تێبگەم بۆچی دەبێت شێوەی هونەری لووت سێگۆشەیی بێت تاوەکو گوزارشت بێت لە ڕۆحێکی پەرۆش و بۆچی خواستی شۆڕشگێڕی دەبێت جەستەی مرۆڤ بگۆڕێت بۆ توورەکەیەکی بێشێوە کە لەسەر دوو دارشەق دانراوە و هەر دارشەقێکیان دوو چنگاڵ و هەر چنگاڵێکیش پێنج ددانی هەیە.

لینین لە دڵەوە پێکەنی و گوتی «بەڵام ڕای ئێمە لەسەر هونەر گرنگ نییە. هەروەها گرنگ نییە هونەر چی دەبەخشێت بە سەدان یان هەزاران کەس لە کۆی ملیۆنان دانیشتووی وڵات. هونەر موڵکی گەلە. پێویستە ڕەگی خۆی بەرەو قوڵایی جەماوەری کرێکار بنێرێت. پێویستە ئەوان لێی تێبگەن و بە دڵیان بێت و سۆز و بیر و ئیرادەی ئەم جەماوەرە یەکبخات و پەرەی پێبدات. دەبێت هونەرمەندیان تێدا درووستبکات و پێشیانبخات. ئایا دەکرێت ئێمە کێک و شیرینی بدەین بە کەمینەیەک لە کاتێکدا جەماوەری کرێکاران و جووتیاران پێویستیان بە نانێکی سادەیە؟ من لێرەدا مەبەستم مانا مەجازییەکەیە: نابێت هەرگیز کرێکار و جووتیارانمان لەبیر بچێت. لەپێناو ئەواندا دەبێت خۆمان فێری ژمێریاری و بەڕێوەبردن بکەین، ئەمە بۆ بواری هونەر و کەلتوریش هەمان شتە.

بۆئەوەی هونەر لە جەماوەر نزیکببێتەوە و جەماوەریش بتوانێت لە هونەرەوە نزیک بێت، پێویستە سەرەتا ئاستی پەروەردە و ڕۆشنبیریی گشتی بەرزبکەینەوە. دۆخی ئێمە لەم بوارەدا چۆنە؟ تۆ سەرسامیی خۆت دەربڕی بۆ هەوڵە کەلتورییە گەورەکەمان لەوکاتەوەی گەیشتووین بە دەسەڵات. بە دڵنیاییەوە بەبێ خۆهەڵکێشان دەتوانین بڵێین کاری باشمان کردووە. ئێمە «سەرمان نەپەڕاندووە»، وەکو مەنشەفیکەکانی وڵاتان و کاوتسکی تۆمەتبارمان دەکەن، ئێمە سەرەکانمان ڕووناک کردەوە، کۆمەڵێک سەری زۆر، بەڵام «زۆر»ێک بەراورد بە ڕابردوو و تاوانی چین و تاقمی دەسەڵاتداری ڕابردوو. ئەو جۆش و پەرۆشییەی لە ناخی کرێکار و جووتیاراندا چاندوومانە زۆرە. نەوەک تەنها لە مۆسکۆ و پترۆگراد و سەنتەرە پیشەسازییەکان، بەڵکو لەدەرەوەی ئەمانە و لە گوندەکانیش. بەهەرحاڵ ئێمە میلەتێکی هەژارین، زۆریش هەژارین. بەدڵنیاییەوە لە شەڕێکی قورسداین دژ بە نەخوێندەواری. ئێمە کتێبخانە و «خانۆچکەی خوێندنەوە» لە شارۆچکە و گوندەکاندا درووستدەکەین و، شانۆ و کۆنسێرتی گۆرانی و مۆسیقا ڕێکدەخەین، هەروەها «پێشانگای گەڕۆک» و «تابلۆی پەروەردەیی» دەنێرین بۆ تەواوی وڵات، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە، ئەمە تا چەند پێویستیی ئەو چەندین ملیۆن خەڵکە پڕدەکاتەوە کە بێبەشن لە سەرەتاترین زانیاری!

لەکاتێکدا ئەمڕۆ لە مۆسکۆدا دەیان هەزار کەس و ڕەنگە سەبەی دەیان هەزاری دیکە چێژ لە بینینی شانۆگەرییەک ببینن، لە بەرامبەردا ملیۆنان کەس دەیانەوێت چۆنێتیی نوسینی ناوی خۆیان و ژماردن فێر بن، پێویستیان بە سادەترین زانیارییە سەبارەت بە ژیانی خۆیان، زانیارییەکانی هاوشێوەی زەوی خڕە نەوەک تەخت و گەردوون بەپێی یاسا سرووشتییەکان بەڕێوەدەچێت نەوەک «باوکی ئاسمانی» و جنۆکە و جادووگەران بەڕێوەی ببەن.»

گوتم « هاوڕێ لینین، گلەیی لە نەخوێندەواری مەکە، لە ڕوویەکەوە یارمەتیدەر بووە بۆ سەرخستنی شۆڕش، چونکە مێشکی کرێکار و جووتیارانی پاراست لەوەی بە ئایدیا و دیدگا بۆرژوازییەکان گەندەڵ بن و دەستەمۆ بن. درووشم و پڕۆپاگەندەکانتان تۆوی خۆیان لە خاکێکی بەیاردا فڕێدەدەن، بۆیە چاندن و دروێنەکردنی ئاسانترە و پێویستتان بە هەڵکێشانی دارستانێک نیە.»

لە وەڵامدا لینین گوتی «ڕاستە، بەڵام بۆ سنوور و قۆناغێکی دیاریکراوی خەباتەکەمان. ڕاستە نەخوێندەواری دەگونجا لەگەڵ خەباتەکەماندا بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و ڕووخاندنی دەزگاکانی دەوڵەتی پێشوو، بەڵام ئایا ئێمە دەڕووخێنین تەنها لە پێناوی ڕووخاندندا؟ ئێمە دەڕووخێنین بۆ بونیادنانی شتێکی باشتر.

کەوایە چاوەڕوانییەکانمان بۆ داهاتوو چیە؟ ئێمە دەزگای گرنگمان بونیادناوە و هەنگاوی باشمان ناوە بە ئامانجی ئەوەی کرێکار و جووتیارە گەنجەکان بتوانن فێری کەلتور بن و خۆیان ڕۆشنبیربکەن. لێرەدا دووبارە پرسیارە ئازاربەخشەکە سەرهەڵدەداتەوە: ئەمە چیە بەراورد بەم ڕێژە زۆرەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان؟ لەوەش مەترسیدارتر کەمیی ژمارەی باخچەی ساوایان و لانەی منداڵان و قوتابخانە سەرەتاییەکانە، ملیۆنان منداڵ بەبێ پەروەردە و فێرکردن و گەورە دەبن و وەکو باوک و باپیرانیان ژیانێکی دوور لە کەلتور و هۆشیاری بەسەر دەبەن، بڕوانە بەم هۆیەوە چەند بەهرە لەناودەچن و چەند خولیا تێکدەشکێن! ئەمە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە نەوەی نوێ و هاوشێوەی تاڵانکردنی سەروەتی دەوڵەتی سۆڤییەتە کە بەرەو کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی هەنگاو دەنێت. ئەمە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر داهاتوومان.»

دەنگی لینین هێمن بوو، بەڵام تووڕەییەکی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو. بیرمکردەوە ئەم پرسە دەبێت چەندێک کاری لێکردبێت، تاوەکو بەم جۆرە وتارێک بۆ هەرسێکمان بدات. یەکێک لە ئێمە باسی چەند دیاردەیەکی باوی کرد لە بواری هونەر و کەلتوردا و هۆکاری درووستبوونیانی بەستەوە بە «هەلومەرجی زەمەنەکەوە «.

لە وەڵامدا لینین گوتی: « دەزانم هەندێک کەس پێیان وایە دەکرێت لەڕێگەی « نان و سێرک»ـەوە بارگرانی و مەترسییەکانی دۆخی هەنووکەیی کەمبکرێتەوە. بەدڵنیاییەوە دابینکردنی نان دەتوانێت کەمیبکاتەوە، بەڵام بۆ سێرک، دەبێت ئەوەیان بیرنەچێت کە سێرک هونەرێکی ڕاستەقینە و مەزن نیە و تەنها نمایشێکی جوانە بۆ کەیفخۆشی، . نابێت ئەوە لەبیربکەین کە کرێکار و جووتیارانمان هاوشێوەی گەنگە پرۆلیتاریای ڕۆما نین، ئەوان لەسەر دەوڵەت ناژین، بەڵکو خۆیان دەوڵەت دەژێنن لە ڕێگەی کار و ماندوو بوونی خۆیانەوە. ئەوان شۆڕشیان «درووستکرد» و بەرگرییان لێکرد، لەو پێناوەشدا ڕووبارێک خوێنیان بەخشی و قوربانی زۆریاندا. کرێکار و جووتیارانمان شایەنی شتی گەورەترن لە سێرک، مافی خۆیانە چێژ لە هونەرێکی ڕاستەقینە و مەزن ببینن، پێش هەموو شتێک، پێویستە بەرەو بە پەروەردە و فێرکردنی گشتیی بەرفراوان بدەین، ئەمەش ڕێخۆشکەرە- بەمەرجێک نان مسۆگەرکرابێت- بۆ گەشەکردنی هونەرێکی نوێ و مەزن، هونەرێکی کۆمۆنیستی، کە فۆرمێکی گونجاو وەردەگرێت بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەی. لێرەدا «ڕۆشنبیرەکان»مان

دەبێـت ئەرکـە گرنگەکانیـان لەبەرچاوبگـرن و لێیـان تێبگـەن و بەجێیـان بگەیەنـن، بەمـە پاداشـتی شۆڕشـی پرۆلیتـاری دەدەنـەوە لەبەرامبـەر ئـەوەی شـۆڕش دەرگاکانـی بـۆ واڵا کـردن و ڕزگاریکـردن لـەو بارودۆخـە ناخۆشـەی پێشـتر تێیـدا بـوون، کـە (مانیفێسـتی کۆمۆنیسـت) بەجوانـی باسـیکردووە.»

ئـەو شـەوە تـا درەنگانێـک گفتوگۆمـان کـرد و لەسـەر بابەتـی تریـش وەسـتاین بـەڵام هیـچ لـەو بابەتانـە بـۆ مـن هێنـدەی تێبینیەکانـی لینیـن سـەبارەت بـە هونـەر و کەلتـور و پـەروەردە و فێرکـردن گرنـگ نەبـوون.

ئاشـکرایە لینیـن بـە دیدێکـی مارکسییانە دەیڕوانییـە جەمـاوەر، بۆیـە گرنگیـی زۆری بـە گەشـەپێدانی ڕۆشـنبیری گشـتیی جەمـاوەر دەدا، ئـەم گەشەکردنەشـی بـە دەسـتکەوتێکی گرنگـی شـۆڕش و پێشـەکییەکی بـاش بـۆ گەیشـتن بـە کۆمۆنیـزم دەزانـی.

جارێکیـان پێیوتـم: «ئۆکتۆبـەری سـوور ڕێگەیەکـی باشـی کـردەوە بـۆ شۆڕشـێکی کەلتوریـی فرەڕەهەنـد، ئەمـەش لەسـەر بنەمـای شۆڕشـێکی ئابـوری کـە بـەردەوام لەگەڵیـدا لـە کارلێـک دا بـوو. وێنـای ئـەوە بکـە ملیۆنـان ژن و پیـاو بـە جیاوازیـی نەتـەوە و ڕەچەڵـەک و ئاسـتی ڕۆشـنبیرییانەوە، هەموویـان پێکـەوە هەنگاویـان نـا بـەرەو ژیانێکـی نـوێ. ئەرکـی دەسـەڵاتی شورایی(سـۆڤیەتی) قورسـە، چونکـە دەبێـت باجـی ئـەو هەمـوو سـەدەیە لـە دواکەوتوویـی کەلتـوری بداتـەوە، لـە پـاڵ ئەمەشـدا دەزگا و دامـەزراوە شـوراییەکان کاردەکـەن بـۆ پێشخسـتنی کەلتوریـی ڕێکخـراو و یەکێتییەکانـی زانایـان و هونەرمەنـدان و مامۆسـتایان. هەروەهـا سـەندیکاکانمان لـە دەزگا و هەرەوەزگەکانمانـدا لـە گونـدەکان کارێکـی گـەورەی کەلتـوری ئەنجامـدەدەن. کار و ئەرکەکانـی پارتەکەمـان هەمـوو جێگـە و پنتێـک دەگرێتـەوە و بەرهـەم و دەسـکەوتی باشـمان هەبـووە بـەراورد بـە ڕابـردوو، بـەڵام لەچـاو ئـەوەی پێویسـتە بکرێـت کەمـە. شۆڕشـە کەلتوریەکەشـمان تـازە دەسـتی پێکـردووە و سـەرەتایەتی.»

بەڕێکـەوت لینیـن چـووە سـەر باسـی نمایشـێکی سـەمای بالـێ لـە هۆڵـی بەلشـەڤی تیاتـر و بـە بزەییەکـەوە گوتـی:

« بەڵـێ، سـەمای بالـێ و شـانۆ و پێشـانگا و شـێوەکاریی نـوێ، ئەمانـە هەمـووی بەڵگـەن بـۆ کەسـانێک کـە لـە دەرەوەن کـە ئێمـەی بەلشـەفیک بەربـەری و ترسـناک نیـن، وەک ئـەوان گومانیـان دەکـرد. نکوڵـی لـەوە ناکـەم ئـەم دیاردانـە و هاوشـێوەکانیان دیـاردەی کەلتوریـی گرنگـن و ڕێزیـان لێدەگـرم، بـەڵام بـەلای منـەوە دروسـتکردنی دوو قوتابخانـەی سـەرەتایی لـە گوندێکـی دوورەدەسـتدا بـۆ مـن لـە جوانتریـن تابلـۆی نـاو پێشـانگایەک جوانـترە. بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی کۆمـەڵ پەروەردەیەکـی پتـەو و دروسـت بەدیدەهێنێـت کـە توانـای گـەورە دەخوڵقێنێـت بـۆ خزمەتـی گەشـەکردنی هونـەر و زانسـت و تاکتیـک. خواسـتی بونیادنانـی کەلتـور و بڵاوکردنـەوەی لای ئێمـە زۆر بەهێـزە، پێویسـتە دان بـەوەدا بنێیـن هـەوڵ و ئەزموونـی زۆر دەبینرێـت لـەم لایەنـەوە، بـەڵام هاوشـانی هەوڵـە جدییـەکان هەوڵـی هەرزەکارانـەش بەدیدەکرێـت کـە توانـا و سـەروەتەکان بەفیـڕۆدەدەن. بـەڵام ژیانێکـی داهێنەرانـە وا دیـارە پێویسـتی بـە پەرەسـەندنی کۆمەڵگایـە هاوشـێوەی ئـەو پەرەسـەندنەی لەسرووشـتدا هەیـە، لەمـڕۆدا و لەکاتـی هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی پرۆلیتاریـاوە، گرنگتریـن شـت بـۆ شۆڕشـی کەلتـووری لەبەردەسـتە، ئەویـش بەئاگاهاتنـەوەی جەمـاوەر و گەڕانێتـی بـەدوای ڕۆشـنبیرییدا. لەمـەوە کەسـانی تـازە دەردەکـەون کـە ئـەم سیسـتەمە کۆمەڵایەتییـە دروسـتیکردوون و دواتـر ئـەم سیسـتەمە دروسـتدەکەن و بنیاتـی دەنێـن.

**سەرچاوە:**

حوار المتمدن .. ذكريات مع لينين – كلارا زيتيكن

# دەربارەی ئەخلاقیاتی کۆمۆنیستی و ئاینی

لینین
و. هێمن خالید

بـەر لـە هەمووشـتێک دەبێـت لێـرەدا سـەبارەت بەپرسـی ئیتیکـی کۆمۆنیسـتیانە بدوێـم و گرنگیـی پێبـدەم. بۆئـەوەی ببیـت بـە کۆمۆنیسـت، دەبێـت خـۆت پەروەردەبکەیـت و ڕاهێنـان بکەیـت. ئەمـە ئەرکـی کۆمەڵـە و کۆنفیدراسـیۆنی گەنجانـە کـە بەشـێوازێک چالاکییـە پراکتیکیەکانـی ئۆرگانیـزە بـکات تـا لەڕێـگای فێرکـردن و ڕێکخسـتن و یەکگرتـن و بەرەنگارییـەوە هـەم ئەندامەکانـی و هـەم ئەوانـەی دەیانەوێـت ڕێبەرایەتـی بکـەن، پێویسـتە خۆیـان پەروەردەبکـەن. ئـەم کۆمەڵەیـە دەبێـت کۆمۆنیسـتەکان پەروەردەبـکات. کـۆی ئامانجـی پـەروەردە و ڕاهێنـان و فێرکردنـی گەنجـان لەمـڕۆدا دەبێـت پێگەیاندنیان بێـت بـە ئیتیکـی کۆمۆنیسـتیانە.

بـەڵام ئایـا شـتێک هەیـە بەناوی ئیتیـک و مۆراڵـی کۆمۆنیسـتانە؟ بەدڵنیایـەوە هەیە. زۆرجـار دەوترێت کـە ئێمـە خاوەنـی هیـچ ئیتیـک و ئەخلاقیاتێـک نیـن. بـەردەوام بـۆرژوازی، ئێمـەی کۆمۆنیسـت بـەوە تۆمەتبـاردەکات کـە ڕەتکـەرەوەی هەمـوو مـۆراڵ و ئەخلاقیاتێکیـن. ئەمـەش ڕێگایەکـی بەلاڕێدابـردن و شـێواندنی بابەتەکەیـە بەمەبەسـتی خۆڵکردنـە چـاوی چینـی کرێـکار و جووتیـاران.

بـە چ مانایـەک ئێمـە ئیتیـک و مـۆراڵ ڕەتدەکەینـەوە؟ بـەو مانایـەی کـە بـۆرژوازی پێناسـەی دەکات و ئیتیکیـان لەسـەر بنەمـای فەرمانەکانـی خـودا (دە فەرمانەکـەی ئینجیـل یاخـود دۆکتریـن و بـاوەڕی ئاینی) بنیاتنـاوە. لـەو خاڵـەدا ئێمـە بەدڵنیاییـەوە دەڵێیـن بڕوامـان بـە خـودا نیـە، هەروەهـا ئـەوەش بـاش دەزانیـن کـە پیاوانـی ئاینـی و بـۆرژوازی و خاوەنزەوییـەکان وەک چەوسـێنەر، خـودا وەک وەسـیلەیەک بـۆ زیادکردنـی دەسـتکەوت و قازانجەکانیـان بەکاردێنـن یاخـود ئـەوان لەجیاتـی داڕشـتنی ئیتیـک و مـۆراڵ لەسـەر بنەمـای دۆکتریـن و فەلسـەفەی ئەخـلاق و فەرمانەکانـی خـودا، لەسـەر بنەمـای ئیدیـۆم و دەسـتەواژەی ئایدیاڵیسـتانە یاخـود نیمچەئایدیاڵیسـتانە کـە هەمیشـە شـتێکی هاوشـێوەی فەرمانەکانـی خودایـە، دادەڕێـژن.

ئێمـە هـەر مـۆراڵ و ئیتیکێـک لەسـەر بنەمـای ئەندێشـە و هـزری دەرە-ئینسـان و دەرە-چیـن

دامەزرابێت، ڕەتدەکەینەوە. دەڵێین، ئەمە فریودان و هەڵخەڵەتاندن و گەوجاندنی کرێکار و جووتیارانە لە بەرژەوەندی و قازانجی سەرمایەدار و خاوەنزەوییەکانە. ئێمە دەڵێین مۆراڵ و ئیتیکمان بەتەواوەتی پاشکۆی بەرژەوەندیی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریایە. مۆراڵمان لە بەرژەوەندیی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریاوە سەرچاوەدەگرێت. کۆمەڵگای کۆن لەسەر چەوساندنەوەی تەواوی کرێکاران و جووتیاران لەلایەن سەرمایەدار و خاوەنزەوییەکانەوە دامەزرابوو، ئێمە دەبوو ئەمە تێکبشکێنین و بیانڕووخێنین، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەمە دەبوو یەکگرتن و یەکڕیزی بخولقێنین، ئەمە ئەو شتەیە کە خودا ناتوانێت بیخولقێنێت. ئەم یەکگرتنە تەنها دەکرا لەلایەن پرۆلیتاریای پەروەردەکراوەوە بەدەستبخرێت و لە خەوی لەمێژینەی بەئاگا بێتەوە. ئەمەش تەنها ئەوکاتەی ئەو چینە فۆرمولە بوو، بزوتنەوەی جەماوەری سەریهەڵدا و گەیشتین بەو ڕۆژەی ئێستا هەمانە_ سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە لاوازترین وڵاتدا کە بۆماوەی سێ ساڵ بەرامبەر هێرشەکانی کۆی بۆرژوازیی جیهانی بەرگریکردووە. دەتوانین ئەمە ببینین کە چۆن شۆڕشی پرۆلیتاری لە سەرتاسەری جیهاندا بەرەوپێش دەچێت و گەشەدەکات. بۆیە لەڕێگای ئەزموونەوە دەکرێت لەئێستادا بڵێین ئەمە تەنها پرۆلیتاریایە توانیویەتی هێزێکی بەرجەستە و پتەو درووستبکات کە جووتیارانی پەرشوبڵاو بەدوای خۆیدا ڕاکێشێت و بەرەنگاریی پەلاماری چەوسێنەران ببێتەوە. تەنها ئەم چینە دەتوانێت یارمەتیی یەکخستنی جەماوەری کرێکار بدات و ڕیزەکانیان یەکخات و لەکۆتایشدا ببنە بەرگریکار و هاوکار و بونیادنەری کۆمەڵگای کۆمۆنیستی. لەبەرئەمەیە کە دەڵێین هیچ مۆراڵ و ئەخلاقێک نیە لەدەرەوەی کۆمەڵگای ئینسانی وەستابێت؛ ئەمە قۆڵبڕی و ساختەچێتییە. مۆراڵ و ئەخلاق بۆ ئێمە پاشکۆی بەرژەوەندیی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە.

# بەربەریزمی شارستانیەت

لینین
و. زەردەشت نورەدین

لینین لەم کورتە وتارەدا زۆر زیرەکانە، ناتەبایی نێوان شارستانیەت و سەرمایەداری دەخاتەڕوو. ئەوەی پێی دەوترێت «شارستانیەت» و لە مێژووی چینایەتیی مرۆڤدا هاتۆتەپێکهاتن، لەم ڕووەوە بەدەر نییە لە چینایەتی و هیرارکیەت. سەرەڕای ئەمانە، هێشتا کۆمەڵێک توخمی گرنگی تێدایە کە قابیلی هەڵگرتنەوەیە و دەشێت لە هەندێ شوێندا داکۆکیی لێبکرێت. لە پەیوەند بەمەوە شارستانیەت تەنیا تایبەت نیە بە ڕۆژئاوا، بەڵکو هەر لە ئاسیاوە بۆ ئەفریقا و لەوێشەوە بۆ هندییە سورەکانی ئەمریکا خاوەنی شارستانیەتی ترادیشناڵ و نەریتیین. ئەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا لە شارستانیەتەکانی تر جیادەکاتەوە؛ دەرکەوتنی مۆدێرنە و سەرهەڵدانی ڕێنێسانس و ڕۆشنگەرییە. بێگومان هەرکام لەم قۆناغانە گرنگیی خۆیان هەیە و گەردوونی بوونەتەوە. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەرکام لەم قۆناغە گرنگانە، بەبێ ڕەخنە قابیلی هەڵگرتنەوە نین. لەبەرئەوەی ئەمانیش هەڵگری کۆمەڵێک توخمی ناتەندروست و پاتۆلۆژیکن.

لینین بەرچاوڕوونییەکی یەجگار گرنگ و واقیعی دەدات لەمەڕ شارستانییەت لەناو سیستەمی سەرمایەدارییدا و ئاماژە بەوە دەدات لە مێژووی هاوچەرخدا کە مێژووی سەرمایەدارییە چیدی شارستانییەت ئاراستەکاری مێژوو و پەیوەندییەکانی ناو مێژوو نییە، بەڵکو سەرمایەداری ئەو کارە دەکات. هەر لێرەشەوە بەشێوەیەکی تەواو درووست دەستدەخاتە سەر ئەو ترسە ناوەکییەی پێشکەوتووترین و شارستانیترین وڵاتانی جیهان کە بەرامبەر یەکتری هەیانە. ترسێکی وێرانکەر و لەناوبەر. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم وتارەی پێش هەردوو جەنگە جیهانییەکە نوسیوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆ لینین، جەنگی جیهانی و بەریەککەوتنی وێرانکەرانەی شارستانیترین

**وڵاتانی جیهان شتێکی چاوەڕوانکراو بووە.**

**لە سیستەمی سەرمایەدارییدا هیچ شتێک گەرەنتی نیە؛ نە ژیانی مرۆڤ، نە ژیانی جۆرەکانی تر، نە خودی ژیان و نە چارەنوسی زەوی. هەموو خراپەیەک ئەگەری ڕوودانی هەیە و لەمەش زیاتر بەو ئاراستەدا کاردەکات کە هەموو شت وێرانبکات. وەک لەسەدەی بیستیش بینیمان لە چەند چرکەیەکدا زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس بوون بە هەڵم لە ژاپۆن... ئەم سیستەمە ئەگەری لەوە زۆر وێرانکەرتری لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەجۆرێک لە جۆرەکان دەشێت بڵێین هەڵگری ئەگەر و ئیمکانی کۆتایی زەوی و کۆتایی مرۆڤە. لەم ڕووەوە تا سیستەمی سەرمایەداری هەبێت، شۆڕشی ئۆکتۆبەر زیندووترین و مرۆڤانەترین و ژیاندۆستانەترین ئەگەر و ئیمکانی ڕزگارییە.**

**ئەگەر لەم سۆنگەیەوە لەسەر مێژووی کۆمۆنیزم لە سەدەی بیستدا قسەبکەین؛ سەرەڕای هەموو هەڵە و کەمووکورییەکانیان کە لە سیاقی خۆیاندا قابیلی تێگەشتنە، ئەوا مرۆڤانەترین و ژیاندۆستانەترین هەوڵەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بوون بۆ هێنانەدیی جیهان و مێژوویەکی تەواو جیاواز لەوەی کە هەبوو و ئێستاش هەیە. بۆیە قسەکردن لەسەر ئەو مێژووە تەنیا کاتێک لە جێی خۆیدا دەبێت کە هەڵسەنگاندنی زانستی بە مەبەستی ڕەخنەکردنی هەڵە و کەمووکورییەکانی و هەڵگرتنەوە و درێژەدان بە دەستکەوتە نەبڕاوەکانیان بێت. لەم سۆنگەشەوە دەگەین بەو دەرەنجامەی کە بڵێین ئەوە مێژووی کۆمۆنیزمە ڕزگاریی مرۆڤ، ژیان و عەرزی تێدایە نەوەک مێژووی سەرمایەداری. بۆیە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەموومان مەحکومین بەوەی دەستەوپەنجە لەگەڵ ئەو مێژووەدا نەرم بکەین و ڕەخنەی بکەین و نوێی بکەینەوە و درێژەی پێبدەین.**

**«وەرگێڕ»**

بەریتانیا و فەڕەنسا، شارستانیترین وڵاتن لە جیهاندا. لەندەن و پاریس پایتەختەکانی جیهانن، کە ٦ و ٣ ملیۆن دانیشتوویان هەیە. دووریی نێوانیان گەشتێکی ٨ و ٩ کاژێرییە. دەکرێ وێنای ئەوە بکرێت کە چ پەیوەندییەکی زەبەلاحی ئابوری لەنێوان ئەم دوو پایتەختەدا بەگەڕکەوتووە، چ حەشاماتێک لە کاڵا و مرۆڤ بە بەردەوامی لە یەکێکیانەوە بۆ ئەویتریان دەڕوات.

هەروەها دەوڵەمەندترین، شارستانیترین و ئازادترین وڵاتی دونیان، کەچی بە ترس و لەرزەوە – و ئەمە یەکەم جاریان نییە – موناقەشەی ئەو پرسە «قورسە» دەکەن کە ئایا دەشێت تونێلێک بەناوی «کەناڵی بەریتانیا» (کە بەریتانیا لە کیشوەری ئەوروپا جیادەکاتەوە) دروستبکەن یان نا.

ئەندازیارەکان لەمێژە پێیانوایە دەشێت دروستبکرێت. سەرمایەدارانی بەریتانیا و فەڕەنسا یەکدنیا پارەیان هەیە و قازانجی ئەو پارەی کە لەو پرۆژە گەورەیەدا بەگەڕی دەخەن مسۆگەرە.

کەواتە چ شتێک بەر بەم ئیشە دەگرێت؟

بەریتانیا لە هێرشی سەربازی دەترسێت! تونێلێک، ڕوونە [کە چی دەقەومێنێت]. ئەگەر هەر شتێک ڕووبدات ئەوا ئاسانکاری بۆ هێرشی سەربازیی دوژمن دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە و ئەمە یەکەمجاریش نییە کە بەرپرسانی سەربازیی بەریتانیا نەخشەی دروستکردنی تونێلەکە شەتوکوت دەکەن.

شێتی و کوێریی نەتەوە شارستانییەکان سەرسوڕهێنەرە. پێویست بە وتن ناکات کە کەرەستە تەکنۆلۆژییە مۆدێرنەکان لە چەند چرکەدا دەتوانن ڕێگە لە هاتووچۆی ناو تونێلەکە بگرن و بە تەواوی تونێلەکە وێرانبکەن.

بـەڵام نەتـەوە شارسـتانییەکان خۆیـان خزاندۆتـە نـاو پێگـەی بەربەرەکانـەوە. سـەرمایەداری دۆخێکـی خوڵقانـدووە کـە بـۆرژوازی بۆئـەوەی کرێـکاران فریوبـدات ناچـارە خەڵکـی بەریتانیـا بـە چیرۆکـی گەمژانـە لەمـەر «هێرشـی سـەربازی» بترسـێنێت. سـەرمایەداری دۆخێکـی دروسـتکردووە هەمـوو گروپـە سـەرمایەدارەکان بـە هەڵکەندنـی تونێـل کـە «بزنسـێکی باشـیان» دەسـتدەکەوێت ئامـادەن دەسـتبەرداری بـن و هـەر کارێکیـش لـە دەسـتییان بێـت دەیکـەن تـا نەخشـە و پێشـکەوتنی نەخشـەکە هەڵبوەشـێننەوە.

ترسـی بەریتانییـەکان لـە تونێـل، ترسـە لـە خـودی خۆیـان. بەربەریزمـی سـەرمایەداری لە شارسـتانییەت بەهێزترە.

لـە هەمـوو لایەکـەوە لـە هـەر هەنگاوێکـدا کێشـە دروسـتدەبێت و مـرۆڤ دەتوانێـت دەسـتبەجێ چارەسـەریان بـکات، بـەڵام سـەرمایەداری ڕێگـری دەکات. یـەک دنیـا داهـات و سـامانی کۆکردۆتـەوە و مرۆڤەکانی کـردووە بـە کۆیلـەی سـامان. ئاڵۆزتریـن پرسـە تەکنیکییەکانی چارەسـەر کـردووە و [لەهەمان کاتـدا] لـە ئەنجامـی ناهۆشـیاری و هەژاریـی ملیۆنانـە خەڵکـەوە، جێبەجێکارییـە تەکنیکییەکانـی وەسـتاندووە بەهـۆی چاوچنۆکیـی گەمژانـەی چەنـد ملیۆنەرێکـەوە.

شارسـتانیەت، ئـازادی و سـامان، لەنـاو [سیسـتەمی] سـەرمایەدارییدا، وێنـەی مرۆڤێکـی تێرنەخـۆری ورگپەرسـت لـە زەینمانـدا دروسـتدەکات کـە بـە زیندوویـی دەگەنێـت بـەڵام ناهێڵێـت ئـەوەی گەنجە بەزیندوویـی بمێنێتـەوە. بـەڵام ئـەوەی کـە گەنجـە گەشـەدەکات و دواجـار سـەرەڕای هەمـوو ئەوانـە سـەردەکەوێت.

**سەرچاوە:**

پراڤدا ترودا، ژمارەی ٦ – ٧١ سێپتەمبەری ١٩١٣- کۆبەرهەمی لینین/بەرگی ١٩

لینکی سەرچاوە بە ئینگلیزی: http://lenin.public-archive.net/en/L٢١٢١en.html

لینکی سەرچاوە بە فارسی: http://lenin.public-archive.net/fa/L٢١٢١fa.html

# بۆچی تائێستا لینین زیندووە؟

ئایان بیرتشال
و. دیار عوسمان

زۆرینەی مێژوونووسان دەڵێن لینین و لینینیزم شتگەلێکی خراپن، و دەوترێت لینین بەشێوەیەکی دیکتاتۆرانە لە حیزبەکەی خۆیدا حوکمی کردووە، و دواتریش بەهەمان شێوە حوکمی ئەو دەوڵەتەی کرد کە دوای شۆڕشی ڕووسی دامەزرا. هەروەها دەوترێت ئەو بەرپرسە لە مردنی هەزاران، و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ستەمکار، و ستالین هیچ نەبوو جگە لە کەسێک کە شوێن هەنگاوەکانی لینین کەوتووە، و ئەو جیاواز نەبوو لە کەسانێکی وەک هیتلەر و سەدام حسێن، وەک یەکێک لە حوکمڕانە وەحشییەکان(بەربەریەکان)ی سەردەمی نوێ. مارتن ئامیس کەمێک کاتی پێویست بوو تا لە نوسینەوەی هەندێک ڕۆمان تەواو بوو دەربارەی سێکس و توندوتیژی، و زانیارییەکی زۆری لەسەر مێژووی ڕووسیا خستەڕوو، و گەیشت بەو دەرەنجامەی کە لینین و ترۆتسکی تەنها پێشی ستالین نەکەوتبوون، بەڵکو دەوڵەتێکی پۆلیسیی تۆتالیتارییان دامەزراندبوو کە تەنها بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاری دەکرد.(آمیس, القبة الرهبة, لندن, ٢٠٠٢, ص٢٤٨). هەروەها چەپەکانیش ڕەخنەی لینینیان کردووە بەهۆی بەرهەڵستیکردنی بۆ بزاوتی ئەنارشیزمی سەربەخۆ لە ئۆکرانیا، و تێکدانی ئەنجومەنە کرێکارییەکان لە کارگەکان کە پاش شۆڕش درووستببوون! کەسایەتیی لینین زۆر لەوە ئاڵۆزترە. بەدڵنیاییەوە هەندێک هەڵەی ئەنجامداوە، و کەمێک ڕەقیش بووە، بەڵام لەپێناوی دۆزێکدا بووە، نەک لەپێناوی پڕکردنی گیرفانەکانی خۆی. بەردەوام و بێبێزاری لەپێناوی ئەوەی بڕوای پێی هەبووە خەباتیکردووە، و لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ڕۆڵێکی سەنتراڵی گێڕاوە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیادا. شۆڕشی ڕووسی دەرگای بەڕووی جیهانێکی نوێدا

کـردەوە، بەرلـەوەی سـتالین خاپـووری بکاتـەوە، جیهانێـک تێیـدا بەرهەمهێنـان لەپێنـاوی پێویسـتییەکانی مرۆڤـدا بـووە نـەک لەپێنـاوی قازانجـدا. جیهانێـک بڕیـارەکان تێیـدا لەڕێگـەی ئـەو کەسـانەوە دەدرا کـە کاریاندەکـرد، نـەک لەڕێگـەی ئـەو کەسـانەوە کـە موڵکدارن(خاوەنسـەرمایەن). جیهانێـک هەمـوو مرۆڤـەکان بـە هەمـوو ڕەگـەز و شوناسـەکانیانەوە تێیـدا بـە هەماهەنگـی دەژیـان، لەبـری دژایەتیکردنـی یەکـتر. جیهانێـک نـەوەی نـوێ هیـچ شـتێکی دەربـارەی هـەژاری و جەنـگ نەدەزانـی، تەنهـا لەڕێگـەی مەنهـەج و وانـەوە نەبێـت. سەریاندەسـوڕا لـە چۆنێتیـی ڕوودانـی ئـەو شـتە ناشرینانـەی ڕابـردوو. بـەڵام جیهـان لـەوە جیاوازتـرە کـە لینیـن پێـی ئاشـنابوو، بڵاوکراوەکانـی لینیـن سـەرەتا بەدەسـت نووسرابـوون، بـەڵام ئەمـڕۆ ئایدیـاکان بـە شـێلانی دوگمەیـەک بـە گوێـی زەویـدا سـەفەردەکەن. ئەگـەر دووبـارە لینیـن بگەڕێتـەوە بـۆ ژیـان زۆر خێـرا درک بەهەندێـک شـت دەکات، ئەویـش: جەنـگ ئەبەدییـە، و کەلێنـی نێـوان هـەژار و دەوڵەمەنـد هەمـوو کات لـە گەورەبووندایـە، و ئاسـتی چەوسـاندنەوە ڕوولەبەرزییـە، و دەزگا گـەورەکان وڵاتـە هـەژارەکان تاڵاندەکـەن، و سیاسـەتمەداران لەنـاو زەعـف و گەندەڵییـدان. جیهانـی نـوێ تەنهـا ئەگـەر نییـە، بەڵکـو زەروورەتیشـە بـۆ مانـەوەی مرۆڤایەتـی. بـۆ بەدیهێنانـی ئـەوەش دەبێـت ڕێکخـراو بیـن، چونکـە دوژمنەکانمـان تـا پلەیەکـی بـەرز ڕێکخـراون.. و ئێمەیـش دەبێـت بـەو شـێوەیە بیـن.

تـەوەری سـەنتراڵی ژیانـی لینیـن زەروورەتـی دروسـتکردنی ڕێکخراوێکـی شۆڕشـگێرانە بـوو، و بەنیسـبەت ئـەو فۆرمـەی کـە دەبـوو ڕێکخراوەکـە لەسـەری بێـت، ئـەوە لـە کاتێکـەوە بـۆ کاتێکـی تـر دەگـۆڕا. بوونـی شـتێکی ئەفسانەیی بەنـاوی «حیزبی لینینی»یشـەوە بەهەمان شـێوە بـووە، بەرهەمەکانی لینیـن کتێبگەلێکـی وەسـفی نەبـوون، و لینینییـە نوێیـەکان ئەوانـە نیـن هەمـوو کات وتـە لـە لینینـەوە دەهێننـەوە، بەڵکـو ڕەنگـە شـیکردنەوەی ئەزموونەکانـی یارمەتیـمان بـدات لـە تێگەیشـتنی شـێوازەکانی، و ئاسـان پەرەسـەندنی ئـەو فۆرمـە ڕێکخسـتنەی لـە خەباتەکەمانـدا پێوسـتمان دەبێـت.

چـۆن لینیـن بـوو بـە شۆڕشـگێڕ؟ فلادیمێـر ئۆلیانـۆف، کـە دواتـر بـە لینیـن دەناسرێـت، سـاڵی١٨٧٠ لەدایکبـووە، لـە باوکێـک کـە کاری پشـکنەر(مفتش)ی قوتابخانـەکان بـووە. ڕووسـیا لـەو ڕۆژگارانـەدا ئیمپراتۆریەتێکـی گـەورە بـوو و خەڵکەکـەی سـەلامەت دەژیـان و دەمـردن بـە جووتیـاری، هەروەهـا خەریکـی کاری قـورس بـوون، و بـەردەوم لـە سـووڕێکی برسـێتیدا بـوون. هەروەهـا شـتێکی کەمیـان لەسـەر ژیانـی دەرەوەی گوندەکانـی خۆیـان دەزانـی، تەنهـا ئـەوە نەبێـت ئەگـەر بـۆ مـردن بنێردرانایـە هـەر وەک سـەربازەکانی تـر. کۆیلایەتـی ڕەتنەکرابـووەوە، ئەمـە وایکردبـوو جووتیـارەکان خـاوەن زەوی بـن، تەنهـا سـاڵی١٨٦١ نەبێـت، قەیسـەر بەبـێ هیـچ دامودەزگایەکـی پەرلەمانـی حوکمـی دەکـرد. لـەو کاتانـەدا پۆپۆلیسـتەکان هێـزی چەپـی وڵاتیـان دەنوانـد، و بـە» تیرۆریسـت» نـاوزەد کرابـوون. گرووپەکانیـان لەبنەڕەتـدا لـەو خوێنـدکار و ڕۆشـنبیرانە پێکهاتبـوون کـە بڕوایـان بەزەروورەتـی ڕزگاریـی جووتیـارە چەوسـاوەکان هەبـوو. شـێوازی کارکردنیـان بریتیبـوو لـە هەوڵدانـی تەقەمەنـی و ئەنجامدانـی کـردەی تیرۆریسـتی. بوێـری و ئازایەتییەکـی گەورەیـان نیشـاندەدا، بـەلام کاریگەرییەکـی ئەوتۆیـان نەبـوو. برایەکـی لینیـن بەشـدار دەبێـت لـەم کارانـە و سـاڵی١٨٨٧ لـە سـێدارە دەدرێـت بەهۆیـەوە. ئەوە یارمەتـی لینیـن دەدات ببێـت بـە شۆرشـگێڕ، لینیـن بـۆ دۆزینـەوەی سـتراتیژێک کـە دەکرێـت لەڕێگەیەوە جیهـان بگۆڕێـت هەندێـک کاتـی پێدەچێـت، و لەکۆتاییـدا بـەرەو لای کتێبەکانـی مارکـس دەڕوات. مارکسـیش ڕەخنـەی سـەرمایەداری دەکات بەوپێیـەی کاردەکات بـۆ چەوسـاندنەوەی کرێـکار، و کرێـکار بەهایەکـی زۆر کەمـتر بەدەسـتدێنێت لـە بەهـای ئـەو کاڵایانـەی بەرهەمیدەهێنێـت. بـەڵام ئـەو کرێـکارە

چەوساوە و ئیستیغلالکراوانە گـۆڕی سیستـەم هەڵدەکەنـن بـە شـۆڕش، و کۆمەڵگایـەک دادەمەزرێنـن کـە پشـت بـە خاوەندارێتیـی گشـتی دەبەسـتێت. کرێـکاران نـەک جووتیـاران ڕۆڵێکـی سـەنتراڵیان بینـی لـە گۆڕانـە کۆمەڵایەتییـەکان، چونکـە جوورتیـاران ئەوانـەی دەسـتبەرداری خاوەندارێتیـی زەوی بـوون توانییـان زەوییـەکان لەنێـوان خۆیانـدا دابـەش بکـەن، بـەڵام کرێـکاران نەیانتوانـی کارگـەکان لەنێـوان خۆیانـدا دابەشـبکەن، بۆیـە چارەسـەری بەکۆمـەڵ لێـرەدا ئەگـەری هەیـە.

مارکس جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کرێـکار لەڕێگەی گرووپـی بچوکـی شۆڕشـگێڕە پاڵەوانەکانەوە ڕزگاریـان نابێـت. «ڕزگاریـی چینـی کرێـکاران دەبێـت لـە کـردەی کرێـکاران خۆیانـەوە بێـت». لینیـن بـڕوای وابـوو دەبێـت شۆڕشـگێڕەکان لـەو شـوێنانەوە ئامـادە بکەیـن کـە کرێکارەکانـی لێیـە. لەسـەرەتای نەوەدەکانـی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە بازنـەی بچـوک درووسـتدەبوو لـەو کرێـکارە ڕۆشـنبیرانەی خواسـتی زانینیـان تێـدا هەبـوو، بـەڵام لـە هـاوڕێ کرێکارەکانـی تریـان زۆر دوورکەوتبوونـەوە. لینیـن مشـتومڕی ئـەوەی دەکـرد لەسـەر سۆسیالیسـتەکان پێویسـتە خۆیـان بەشـداربن لـە خەباتـی ڕاسـتەقینە سـەبارەت بـە دۆزە گرنگەکانـی وەک باشـترکردنی کـرێ و باشـترکردنی مەرجەکانـی کارکـردن، بـەڵام ئـەو بەشـداریکردنانە لـەو وەختـەدا سـنوردار بـوون. چالاکییەکانـی لینیـن لـە سانپترسـبۆرگ دەسـتی پێکـرد لـە نەوەدەکانـی سـەدەی نۆزدیـەم بـە گفتوگۆکانـی دەربـارەی گرنگـی هاندانیـان لەنـاو کارگەکانـەوە. چالاکییەکانـی بریتیبـوون لـە توێژینەوەیـەك بـۆ ڕەوشـی کرێـکار لەنـاو کارگـەکان، و بڵاوکـراوەی دەردەکـرد و بەسـەریاندا بڵاویدەکـردەوە. لەسـاڵی ١٨٩٩ لینیـن کتێبـی» گەشەسـەندنی سـەرمایەداری لـە ڕووسـیا» بڵاودەکاتـەوە، و دەرەنجامـی سـێ سـاڵ لـە توێژینـەوە بـوو کـە هەڵسـابوو بـە ئەنجامدانـی لەمـاوەی زیندانیبوونـی لـە تاراوگە(منفـا)دا. کتێبەکـە وردەکاری و داتـا و فاکتـی تـەواوی لەخۆدەگـرت، بـەڵام خاڵـی بنەڕەتـی تێیـدا سادەبوو، ڕووسـیا بـەلای زۆرینـەوە وڵاتێکـی کشـتوکاڵییە، لـە سـەروبەندی پێشـکەوتنی پیشەسـازیی نوێـدا چینـی کرێکاریـش لەگەڵیـدا گەشـەیدەکرد و سـەریهەڵدەدا و پۆپۆلیسـتەکان بەهەڵـەدا چووبـوون، چونکـە داهاتـووی ڕووسـیا دەکەوێتـە دەسـتی چینـی کرێـکاران. کاریگەریـی ئـەم پێشـکەوتنانە زۆر زیاتـر دەبـوو، چونکـە پیـاوان و ئافرەتـان بەشـێوەیەکی ترسـناک بەکاردەهێـنران. پێشـکەوتنی پیشەسـازی بـەرەو دەرەوەی بازنـەی نەفامـی و داخـراوی دەیـبردن، کـە جووتیـارەکان بەدەسـتییەوە دەیانناڵانـد و خرانـە نـاو کارگـەکان و تێیـدا ئەگـەری شۆڕشـێکی گشـتگیر لـە ئارادابـوو. ناتوانرێـت ژیـان بگەڕێنرێتـەوە بـۆ سـەدەکانی پێـش پیشەسـازی. «چـۆن دەتوانێـت وێنـای ئـەو بەشبەشـکردنە سـەیرەی وردە بەرهەمهێنـەرەکان بکەیـن و چـۆن بـڕوای بـە گەشـەکردنی سـەرمایەداری هێنـا کـە بنەمـا کۆنەکانـی ئابـوری و ژیانـی تێکشـکاندبوو. لـە کارگەکانیشـدا، هـەر وەک چـۆن لینیـن مشـتومڕی دەکـرد، هۆشـیاریی سۆسیالیسـتیی کرێـکار دەسـتی کـرد بەگەشـەکردن: «هەمـوو مانگرتنێـک ئایدیـای سۆسـیالیزمی بەهێـز پێشکەشـی عەقڵـی کرێـکار دەکات». بەلشـەفی: چـی بکرێـت؟ لـە کۆنگـرەی شـاری مینسـک سـاڵی ١٨٩٨ تەنهـا نـۆ نێـرداراو لەخۆدەگرێـت، و پارتـی کرێکارانـی سۆسـال دیموکراتـی ڕووسـی دادەمەزرێنـن. لینیـن بەهـۆی چالاکییـە شۆڕشـگێڕییەکانییەوە لـە سـیبیریا ئامـادەی ئـەو کۆنگرەیـە نەبـوو. چالاکیـی سۆسیالیسـتی لەسـەردەمی قەیسـەردا نایاسـایی یـان نیمچەیاسـایی بـوو، زۆر کەمـن ئـەو شۆڕشـگێڕانەی چێژیـان لـە ئـازادی بینیـوە. زیاتـر لەسـاڵێک بەرلـەوەی دەسـتگیربکرێن و نەفـی بکرێـن بـۆ سـیبیریا، لەنێـوان سـاڵانی ١٩٠٠ و ١٩٠٥ لینیـن نەفـی کرابـوو لەنێـوان لەنـدەن و میونخ و جنێفـدا. لەسـاڵی ١٩٠٢ لینیـن کتێبـی «چـی بکرێـت» بڵاودەکاتـەوە، تێیـدا ئایدیاکانـی سـەبارەت بـە ڕێکخسـتن دەخاتـەڕوو، زۆرێـک لـە ڕەخنەگرانـی لینیـن و لایەنگرانیشـی ئـەو کتێبـە بەکاردەهێنـن وەک

مانیفێستێك بۆ ئاراستەی دیدەکانی لینین دەربارەی ڕێکخراوی شۆڕشگێری لە هەموو سەردەم و شارەکاندا کە دەبێت چۆن بن. ئەمە تەنها قسەیەکی بۆشە، چونکە لینین لە کۆنتێکستێکی دیاریکراودا دەنوسێت، و کتێبی «چی بکرێت» دۆکیۆمێنتێکی مێژوویە نەک ڕەچەتەیەکی گشتگیر. بەڵام هەروەها مشتومڕێکی گرنگ لەخۆدەگرێت پەیوەست بەم ڕۆژگارە. پێش ئەوە بەچەند ساڵێکی کەم، لینین دووپاتیکردەوە یەکێتیی کرێکاران دەبێت کرێکار ئاراستەی ئایدیای سۆسیالیستی بکات. بەڵام دواتر پێچەوانەکەی دەڵێت؛ «بزاوتی یەکێتیی کرێکاران مەبەستە ئایدیۆلۆژییەکەی پەرستنی کرێکارە لەڕێگەی بۆرژوازییەوە»!!! ئەمە گەورەکردنێک بوو لەلایەن لینینەوە، بەڵام مەبەستی بوو ئەوە ڕوونبکاتەوە بەرپرسیارێتیی یەکێتیی کرێکاران بریتییە لە باشکردنی دۆخی کرێکار لەناو سیستەمی سەرمایەداری دا نەک لەناوبردنی.

سەبارەت بە پارتەکەش ئەرکی خەباتکردنە لەپێناو سۆسیالیزمدا. خەباتی یەکێتییەکان وەسیلەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، نەک ئامانج خۆیان بن؛ چونکە ئایدیای سۆسیالیزم لەخۆیانەوە پەرەناسێنن، و بیریارە سەرەکییەکانی سۆسیالیزم لە مارکس و ئەنگلس و تا لینینیش خۆیان کرێکار نەبوون. کرێکاری کارگەکان بەردەوام ڕەنجدەدەن و کارێکی زۆر دەکەن کە هەندێک جار دەگاتە ١١ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا. زۆر دەگمەن کاتیان دەبێت بۆ خوێندنەوە و نووسین، و لەم کۆنتێکستەدا لینین دەڵێت: هۆشیاریی چینایەتیی سیاسی بۆ کرێکار لە هیچەوە بەدی نایەت. بەڵکو تەنها لەدەرەوەی ململانێی ئابوری و لەدەرەوەی بازنەی پەیوەندیی نێوان کرێکاران و فەرمانبەرەکان بەدیدێت». لینین پرسیاری دەربارەی چۆنێتیی باڵادەستبوونی ئایدیای بۆرژوازی دەکات بەسەر کۆمەڵگادا. وەڵامی ئەوە دەداتەوە و دەڵێت: بە هۆکارێکی سادە، ئایدیای بۆرژوازی لەڕاستیدا زۆر کۆنترە لە ئایدیای سۆسیالزم، هەربۆیە زۆر لە پێشترە، و هۆیەکانی ڕیکلامکردنی لەژێر دەستدایە بەئاستێک کە ناپێورێت. ئەی کەوایە لینین چی دەوت ئەگەر هۆیەکانی پەیوەندیی نوێی ببینایە؟ ئایدیای سۆسیالیزم لەخۆیەوە گەشە ناکات لای کرێکار. چونکە سیستەمی ئێستا شێوازی بەهێزی هەیە بۆخۆپاراستن، سۆسیالستەکانیش پێویستیان بەهەمان شێوازی بەهێز هەیە بۆ خەباتکردن بۆ ئەڵتەرناتیڤەکانی خۆی. لایەنی زیندووی ئەوە بریتیبوو لە دامەزراندنی ڕۆژنامەی سۆسیالیزم. چونکە کۆتا بەشی کتێبی «چی بکرێت» بانگەشەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سۆسیالیستی بوو کە هەموو ڕووسیا بگرێتەوە. بەلای لینینەوە، ڕۆژنامەوانی کارێکی بە کۆمەڵ و ڕێکخراوەییە. ڕۆژنامەیەکی هاوشێوەی ئەمە پێوستی بە تۆڕێکی کرێکارانەیە و وەک گروپێک بە دیسپلین کاربکەن، و هاوشێوەی ئەم جۆرە چالاکیانە پەیوەندییەکانمان فراوان و بەهێزتر دەکات بە کرێکارانەوە. ڕۆژنامەیەکی وەک «ئێسکرا» لینین خۆی وشەی دەستپێکی تێدا دەنووسییەوە. لەدەرەوە چاپ دەکراو و بەنهێنی ئاودیوی ڕووسیا دەکرایەوە، یان بە نهێنی لە چاپەخانەکانی ناو «ئەقیبە» چاپدەکران. لینین مشتومڕی ئەوەی دەکرد کە نابێت پارتەکە کراوە بێت بەڕووی هەموو کەس یان تەنانەت بەڕوو ئەو کەسانەی تەنها هەستێکیان بەرامبەر ئایدیاکە دەجوڵێت، بەڵکو دەبێت ڕێکخراوێکی جدی بێت، ئەو شۆڕشگێڕە لێزانانە لەخۆبگرێت کە هەموو کات ئامادەن هەموو هێزیان بۆ خەبات تەرخان بکەن و بە دیسپلین کاربکەن. ئاماژە بۆ ئەو دۆخە چەوسێنەرەی ڕووسیا دەکات و دەڵێت: «ڕێکخراوی فراوانی کرێکاران پێوستە کراوەتر بێت بەڕووی هەموو جەماوەردا». بەڵام لەڕاستیدا: «شۆڕشگێڕان کراوەتربوون بەڕووی هێزەکانی پۆلیسەوە». لە «چی بکرێت»دا لینین جەختی لە گرنگیی بوونی ڕێکخراوێکی ناوەندی دەکاتەوە: ڕێکخراوێکی

سەربەخۆی ناوەندیی شۆڕشگێڕان». ڕێکخراوی ناوەند، تەنها خۆی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە سیاسییەکانی پۆلیس بکات و کار لە ڕۆژنامە شۆڕشگێڕییە ناوەندییەکە بکات و هەمان بابەت لەسەر ئاستی نەتەوەیی بوروژێنیت. سۆسیالیزمی ڕووسی بە گفتوگۆ چالاکەکانی جیاوازتر بووە بە درێژایی مێژوو. بەڵام تەنها بڕیار وەرگرتنێک بڕیارەکە دەکات بە ئەرک و هەمووان دەبێت جێبەجێی بکەن. چونکە سیاسەتەکان لەڕێگەی پراکسیسەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەگەر پێویستیشی کرد، ڕاست دەکرێتەوە. ئەمە ئەو بنەمایانەبوون کە دواتر بە «ناوەندیی دیموکراسی» ناودەبرێت، ناڕوونیی گەورە لەم ئایدیایەدا نییە، چونکە لە هەر فۆرمێکی ڕێکخراوییدا بوونی هەیە کە خەڵکی کاری پێدەکەن بۆ بەدیهێنانی شتێک لەجیاتیی تەنها ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەبستراکت.

ساڵێک دواتر پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕووسی لەتدەبێت و لەڕاستیدا بزووتنەوەی سۆسیالیزم لەتلەتبوونی زۆری بەخۆیەوە بینی. هەندێک پێیان وایە دووبارەبوونەوەی ئەم لەتلەتبوونانە سەلمێنەری ئینتیمایانە بۆ لینینیزم. بەڵام بنەمایەکی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە لینین پارتێکی دەویست خەڵکی تێیدا کاریان بکردایە بەپێی دیسپلینی پارتەکە، نەک بەتەنها قبوڵکردنێکی ڕاشکاوانەی پارتەکە. دوایین جیابوونەوە زیاتر لە پرسیارگەلێکی ڕێکخستنی لاوەکی بوون، بەڵکو دەرخەری ناکۆکییە گرنگەکان بوو. لایەنگرانی لینین زۆرینە بوون و ناوی بەلشەفییان وەرگرت، و لایەنە دۆڕاوەکە کەمینە بوون و بە «مەنشەفی» ناوزەد دەکران. ئەمە سەرەتای لەیەکترازان بوو. لەساتەوەختی ڕووداوە گەورەکان لە ١٩٠٥ زۆرێک لە ڕێکخراوەکان هێشتا بەیەکگرتوویی مابوونەوە، و چەندین هەوڵی دووبارە یەکگرتنەوەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا درا، تا ئەوساتەی کۆتا گوزارەی یەکلاکەرەوە و فاسیلەی نێوان بەلشەفیکەکان و مەنشەفیکەکان هات لەساڵی ١٩١٢. بنەماکانی لینین بۆ کاری ڕێکخستن یارمەتیی یەکانگیریی بەلشەفیکەکانی دا لە کاتە سەخت و دژوارەکاندا، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتی خەباتەکە فۆرمێکی تەواو جیاواز بوو بە زەرووڕەت بۆ ڕێکخستن. دەوڵەت و شۆڕش، تیۆر و پراکتیک لەلای لینین بەیەکەوە پەیوەستبوون. چونکە بەردەوامبوون لەسەر تیۆر شتێکی بێ سوودە ئەگەر بەرەو پراکتیک نەتبات. هەروەها کاری زۆری حەماسییانە بێبەرهەم دەبێت ئەگەر تێگەیشتنی چۆنێتیی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی بەدوای خۆیدا نەهێنا. لە حوزەیرانی ١٩١٧ دەبوو لینین بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک خۆی لەچاوی دەسەڵاتدارانی قەیسەر ونبکات بۆ ئەوەی لە مەترسیی دەسگیرکردن بەدوور بێت. ئەو ماوەیەی پێویست بوو بۆ ئامادەکردنی یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی: «دەوڵەت و شۆڕش»؛ (ئەگەر هیچ بەرهەمێکی لینینت نەخوێندۆتەوە لەم کتێبەوە دەستپێبکە). کاتێک کتێبەکە لە چاپدرا، بووە هۆی ترسێکی گەورە بۆ زۆرێک لە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان، و لەدوای ئەوە، پەسەندکرا لەلایەن ئەنارشیستەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی دەوڵەت، لینین بەرەو قوڵایی مشتومڕ چوو سەبارەت بە ماهیەتی سۆسیالیزم. بەرهەڵستکارانی سۆسیالیزم، هەروەها زۆرێک لە لایەنگرانیشی هەستان بە پێناسەکردنی سۆسیالیزم بەوەی موڵکی دەوڵەتە، و ئەو کۆمەڵگایانەی بە سۆسیالیزم وەسفدەکران تەنها لەبەر ئەوەبوو بەشە سەرەکییەکانی ئابوریی خۆیان پاراستبوو. لینین بەتوندی تەحەدای ئەم بۆچوونەی کرد، مشتومڕی ئەوەی دەکرد کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا دابەشبووە، «دەوڵەت دەبێتە ئامرازی چەوساندنەوەی چینێکی دیاریکراو لەڕێگەی چینێکی ترەوە». چونکە جەستەیەکی تەواو لە دامودەزگا چەوسێنەرەکان لە خۆدەگرێت کە کار بۆ ڕێگرتن لە دانیشتوانی دەوڵەتەکە دەکات بەگژ خاوەنموڵکەکان بوەستنەوە» دەوڵەت لە دەزگا تایبەتەکانی ئەو پیاوە چەکبەدەستانە پێکهاتووە، کە خاوەنی بەندیخانەکانن، و... هتد. کە لەژێر فەرمانی ئەواندان. ئەم دامودەزگایانە بێلایەن نین، و یاسا مامەڵە لەگەڵ دەوڵەمەند و هەژاردا وەک یەک ناکات، و تەنها بۆ بەرگریکردن لە

دەوڵەمەنـد و بەهێـزەكان درووسـتكراوە. لینیـن شـوێن هەنـگاوی ماركـس كەوتبـوو كـە لـە مانیفێسـتی كۆمۆنیسـتدا نوسـیبووی: «دەزگای دەوڵەتـی نـوێ هیـچ نییـە جگـە لـە ئەنجومەنـی بەڕێوەبردنـی كارە هاوبەشـەكانی هەمـوو بـۆرژوازەكان».

هـەر بۆیـە لینیـن پـەی بـەوە دەبـات سۆسیالیسـتەكان ناتوانـن كۆنتڕۆڵـی دەوڵـەت بكـەن لەنـاوەوە، بـە بەكارهێنانـی هەمـان ئـەو دامودەزگایانـە، پەرلەمانـی وەلاوەنـا بـەو پێیـەی «تەویلـەی بەرازەكانـە»، بـەو پێیـەی ڕێگەمانـدەدات یـەک جـار بڕیاربدەیـن بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێك كام لـە ئەندامانـی چینـی دەسـەڵاتدار لەسـەرێتی خەڵكـی لەناوبـدات و پچەوسـێنێتەوە لەڕێگـەی پەرلەمانەوە. ئەوەی شۆڕشـگێڕان لـە ڕیفۆرمخـوازەكان جیادەكاتـەوە، وەک ئـەوەی لینیـن دەنوسـێت: «لـە واقیعـدا ئەوان[شۆڕشـگێڕان] بڕوایـان بـە زەروورەتـی لەناوبردنـی دەزگای دەوڵـەت هەیـە»، هەربۆیـە شۆڕشـگێڕی ڕادیـكاڵ پێویسـتە. بـەڵام، شـوێنگرەوەی دەوڵـەت چـی دەبێـت؟ ئەنارشیسـتەكان بڕوایـان وایـە ئـەم دەوڵەتـەی ئێسـتا دەتوانرێـت لەناوببرێـت، و كۆمەڵگایەكـی ئـازاد دابمەزرێنرێـت كـە دەوڵـەت ڕاسـتەوخۆ حوكمـی نـاكات. سـەبارەت بـە لینیـن ئـەوە ئەسـتەمە، چونكـە ئەگـەر چینـی كرێـكار دەسـتیگرت بەسـەر كۆمەڵـگادا، چینەكـەی تـر بەبێبەزەییانـە دژی دەوەسـتنەوە تـا ئیمتیازاتەكانـی خۆیـان بەدەسـت دەهێنـەوە. كرێـكاران پێویسـتیان بـە دەوڵـەت دەبێـت بـۆ بەرەنگاربوونـەوە دژ بـە شۆڕشـی بەرامبـەر. لینیـن نـاوی ئـەوە دەنێـت «دیكتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا»؛ بـەڵام سـادەتر دەبێـت ئەگـەر نـاوی بنێیـن «دەسـەڵاتی چینـی كرێـكاران». لـە كۆتاییـدا، لینیـن مشـتومڕی ئـەوەی دەكـرد كـە دەتوانرێـت كۆمەڵـگا دووبـارە ڕێكبخرێتـەوە و دووبـارە سـامانەكان دابەشـبكرێنەوە. سـتایلی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداری دەتوانیـن بـە سـتایلێكی بەرهەمهێنانـی كاریگەرتـر بگۆڕینـەوە كـە پێداویسـتییەكانی خەڵكـی پڕدەكاتـەوە، و چینایەتییـە كۆنەكـە ئـاوەژوو دەكاتـەوە، و هەمـوو خەڵـک دەبنـە كرێـكار، و هەڵدەسـتن بـە ئەنجامدانـی كارێكـی بەسـوود بـۆ كۆمەڵـگا، و دەبنـە دادوەرێكیـش و بەشـداری لـە پرۆسـەی دیموكراسـیدا دەكـەن و بڕیـار لـە چۆنێتیـی بەكارهێنانـی داهاتـی كۆمەڵـگا دەكـەن. لێـرەدا دەوڵـەت چیـتر بایەخـی نامێنێـت و ئـاوەژوو دەبێتـەوە.

لینیـن مشـتومڕەكانی بـەم وشـانە كورتدەكاتـەوە: «لەگـەڵ بەردەوامیـی مانـەوەی دەوڵـەت، هیـچ ئازادییـەک لەئـارادا نابێـت، و ئەگـەر ئـازادی بوونـی هەبێـت، دەوڵـەت بوونـی نییـە». ئامانجـی كۆتایـی لینیـن لێـرەدا هەمـان ئامانجـی ئەنارشیسـتەكانە، بـەڵام دركـی بـەوە كردبـوو ڕێـگای گەیشـتن پێـی زۆر ئاڵـۆز دەبێـت. لینیـن ئـاوڕ زۆر لـە نموونـە مێژووییـەكان دەداتـەوە، و بەتایبـەت لـە ئاماژەكردنـی بـۆ كۆمۆنـەی پاریسـی سـاڵی ١٨٧١، كاتێـک چینـی كرێـكاران دەسـتدەگرن بەسـەر شـار، و بـۆ مـاوەی ١٠ هەفتـە حوكمدەكـەن پێـش ئـەوەی توشـی ئـەو كوشـتارە بـبن لەسـەر دەسـتی هێـزی دەرەكـی. لـە كۆمۆنـەدا هەمـوو ئەندامانـی حكومەتـی كرێـكاران كرێیەكـی مامناوەنـدی كرێكارێكیـان وەردەگـرت، هەروەهـا دەتوانـرا لـە هـەر سـاتێكدا بانگهێشـت بكرانایـە لەلایـەن ئەوانـەی هەڵیانبـژاردوون- هەمـان فۆرمـی دیموكراسـییەت- لەنـاو شوراكان(سـۆڤێتەكان)دا هەبـوو. پێـش سـاڵی ١٩١٧ ئـەوە تاكـە نموونـەی كۆنتڕۆڵكردنـی كرێـكاران بـوو بـۆ كۆمەڵـگا، و سـەرەڕای كورتیـی تەمەنـی كۆمۆنـە، دەبـوو سـوود لـەو ئەزمونـە وەربگیرێـت. «دەوڵـەت و شـۆڕش» هیـچ كات تـەواو نەبـوو، چونكـە لینیـن گەڕایـەوە بـۆ كارەكـەی، و لـە كۆتاییەكەیـدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكات: "جوانـتر و بەسـوودترە لـە ئەزمونـی شۆڕشـدا بژێیـت، نـەک لەبارەیـەوە بنوسـیت». دواهەمیـن خەباتـی لینیـن لەگـەڵ هاتنـی سـاڵی ١٩٢٢دا، لینیـن زۆر نەخۆشـدەكەوێت. كـە تێیـدا بەدەسـتی ماندوبوونێكـی زۆرەوە دەیناڵانـد و ئـەو برینانـەی كـە

لـە هەوڵـی کوشـتنییەوە توشـی بـوو خسـتبوویە دۆخێکـی خراپـەوە. دڵنیابوویـەوە کـە نـاژی تـا ئاراسـتەی شـۆڕش بـکات لـە قۆناغەکانـی گەشـەی شۆڕشـدا. ئەمـەش لەژێـر سـایەی تەسـکبوونەوەی چینـی کرێـکار، و هەڵکشـانی بیرۆکراسـیەت لەنـاو و دەرەوەی پارتەکـەوە. گرتنەبـەری ڕێگاگەلێکـی نامـۆ بـە دیموکراسـییەتی چینـی کرێـکار، هەروەهـا لەگـەڵ ئەوەشـدا پەرەسـەندنێکی ترسـناکی ڕەوتـە ناسیۆنالیسـتەکان هاتەئـاراوە. لینیـن ئـەو هێـزەی تێـدا مابـوو تەرخانیکـرد بـۆ خەباتکـردن دژ بـە بیرۆکراسـیەتی گەشەسـەندوو. لـە وتـاری: «لـە باشـترەکاندا دەڵێـم مـەرج ئەوەیـە باشـترینیان بێـت». دانی پێدادەنێـم پـاش تێپەڕبوونـی پانـزە سـاڵ، دەزگای دەوڵـەت زۆر کلـۆڵ بووە و لـە دۆخێکـی نەخوازراودایە. هیـچ چارەسـەرێکی خێـرا نەبـوو، بەڵکـو ئارامگرتنـی دەوێـت لـە خەباتکـردن لەپێنـاوی دیموکراسـییەتی ڕاسـتەقینەی کرێـکاران، لەگـەڵ زیاتـر پێشکەشـکردنی کرێـکار بـۆ دەزگای دەوڵـەت: "لەپێنـاوی ئـەو ئامانجـەدا، باشـترین ئەنـدام لـە سیسـتەمی کۆمەڵایەتیمانـدا، یەکـەم: کرێـکارە پێشـەنگەکانە، و دووەم: ئەندامـە درەوشـاوەکانە، ئەوانـەی دەتوانیـن بڵێیـن پەیمانەکانیـان ناگۆڕنـەوە بـە چەک(سـەک)، و یـەک وشـەش پێچەوانـەی ویژدانیـان ناڵێـن. دەبێـت پشـت وەرنەگێـڕن لـە تەنگـژە و دانـی پێـدا نەنێـن، و لەهیـچ خەباتێـک پاشەکشـێ نەکـەن تـا دەگەنـە ئـەو ئامانجـە ڕاسـتەقینەیەی کـە لـە ناخـی خۆیـان دیاریانکردبـوو. ڕۆحـە لینینیـە جێدڵنیایـی و مشـتومڕئامێزەکەی تـەواو پێچەوانـەی ئـەو دوو خەسـڵەتە لەخۆڕازیـوون و نێرگسـییەی بـوو کـە دەوڵەتـی ڕووسـیی پـێ ناسرابـوو لەژێـر سـایەی حوکمـی سـتالین و هاوبەشـەکانی. لینیـن ناچاردەبێـت بیـر لـە کەسـی شـوێنگرەوە بـۆ حوکـم بکاتـەوە، و لیسـتێکی بچـوک دەنوسـێت قەبـارەی سـەرکردە بەلشـەفیکیەکانی تـر ڕووندەکاتـەوە، و ڕەخنـە لـە هـەر هەموویـان دەگرێـت، بەتایبـەت سـتالین کـە ڕەخنەیەکـی تونـدی دەکات، و داوای دەرکردنـی دەکات لـە سـکرتاریەتی گشـتیی پارتەکـە.

لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی١٩٣٣ەوە لینیـن بەدەسـت زنجیرەیـەک جەڵتـەی مێشـکەوە دەیناڵانـد، و بەهاتنـی سـاڵی١٩٢٣ توانـای لەدەسـتدا بـۆ بەشـداریکردن لـە گفتوگۆکانـی ئـەو پارتـەی بنیاتینابـوو. کاتێـک لەساڵی١٩٢٤ کۆچـی دوایـی کـرد لاشـەکەی مۆمیاکرا، بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان کردیـان بـە قەدیسـێک، و ئەمانـە هەمـوو ئـەو شـتانە بـوون کـە پێـش مردنـی لێـی دەترسـا. خێزانەکـەی «کرۆپسـکایا» کـە بەشـداربووە لـە هەمـوو خەباتەکانـی. دنـەی ئەمانـەی خـوارەوەی دەدا: «پەیکەرێـک بـۆ یادکردنـەوەی دانەتاشـن، چونکـە هەمـوو ئەوانـە پەیوەندییەکـی کەمـی بـە ژیانـی ئـەوەوە هەبـوو.. ئەگـەر ئێـوە دەتانەوێـت نـاوی فلادیمێـر ئیلیـش بـەرز ڕابگـرن دایەنگـە، و باخچـەی منـاڵان، و قوتابخانـە، و کتێبخانـە، و بنکـەی تەندرووسـتی، و نەخۆشـخانە، و مـاڵ بـۆ پەککەوتـەکان، .. هتـد، دروسـتبکەن».

**سەرچاوە:**

ملاحق جريدة مدى اليومية عدد ٣٨٦٥

# چۆن لەسەرەتاوە دەستپێبکەینەوە؟

سلاڤۆی ژیژەك
و. وەلید عومەر

لینـین لـە دەقـە کورتـە نایابەکەیـدا بەنـاوی «یاداشـتەکانی بڵاوکەرەوەیەك[1]«(کـە لـە شـوباتی ١٩٢٢ نوسـیی، ئەویـش پـاش ئـەوەی کـە بەلشـەفیکەکان بەپێچەوانـەی هەمـوو پێشـبینییەکان و بەشـێوەیەکی غەریـب لـە شـەڕی ناوخـۆدا سـەرکەوتبوون، ناچاربـوون بـەرەو سیاسـەتێکی ئابـوری پاشەکشـەبکەن کـە مۆڵەتێـکی زیاتـری ئازادییـان بـە ئابوریـی بـازاڕ و خاوەندارێتیـی تایبـەتی دەدا)، بـۆ شـەرحکردنی مانـای پاشەکشـە لـە پرۆسـەی شـۆڕش و پیشـاندانی ئـەوەی کـە چۆنچـۆنی ئـەم کارە بەبـێ خیانەتکـردنی هەڵپەرسـتانە لـە ئایدیـاڵ[و ئامانجـی شـۆڕش] سـەربگرێت، شـاخەوانێك بەنمونەدێنێتـەوە کـە ناچاربـووە پاشەکشـەبکات لـە ڕەوتی پەلامـاری یەکەمـی بـۆ دۆزینـەوەی لوتکەیـەکی نـوێ، [لینـین دەنوسـێت]:

**بـا وێنـای پیاوێـك بکەیـن کـە بـە شـاخ(لوتکە)یەکی بـەرز و پڕنشـێودا هەڵدەزنێـت کـە هێشـتا نەدۆزراوەتـەوە. وەرن بـا گریمانـەی ئـەوە بکەیـن کـە [ئـەم پیـاوە] بەسـەر سـەختی و مەترسـییە پێشـبینی‌نەکراوەکاندا زاڵبـووە و لـەوەدا سـەرکەوتووە دەسـتی بـە خاڵێـکی بەرزتـر لـە پێشـینانی خـۆی بـگات، بـەڵام هێشـتا نەگەیشـتووەتە لوتکەکـە. خـۆی لـە پێگەیەکـدا دەبینێتـەوە کـە نـەك هـەر درێـژەی ئـەو ڕێگەیـەی گرتویەتیەبـەر سـەخت و مەترسـیدارە، بەڵکـو گومـانی تیـا نیـە مەحاڵیشـە [2] .**

---

١- Notes of a Publicist

٢- V. I. Lenin, ‘Notes of a Publicist’, published posthumously in Pravda, 16 April 1924; Collected Works, vol. 33, Moscow 1966, pp. 204–7.

**لە بارودۆخێکی وەهادا، لینین دەنوسێت:**

**[کابرا] ناچارەبێت بگەڕێتەدواوە، بێتەخوارەوە، بەدوای ڕێگەیەکی تردا بگەڕێت، کە ڕەنگە درێژتریش بێت بەڵام ڕێگەیەکە کە ئەو توانایەی پێدەبەخشێت بگاتە سەر لوتکەکە. دابەزین لەو بەرزاییەی کە تا ئێستا هیچکەس بەر لەو دەستی پێی نەگەیشتووە، ڕەنگە بۆ گەشتیارە گریمانەییەکەمان سەختتر و مەترسیدارتر بێت لە هەڵزنین و پیاسەرکەوتن-خزانی تیا ئاسانترە، بەئاسانی ناتوانیت جێ پێیەکی ڕەقی تیا بدۆزیتەوە، چیتر ئەو شادومانییە بوونی نیە کە لە کاتی ڕۆیشتن بەرەو ئامانجێکدا ڕوودەکاتە کەسێك، و هتد. دەبێت تەنافەکە لەخۆت بپێچێت، چەندین سەعات بە چەکوشی شاخەوانییەکەی؛ شاخەکە بۆ جێی پێی خۆی یان جێیەك کە بتوانێت تەنافەکەی توندبکات؛ ببڕێت. دەبێت بە خێراییەکی لولپێچ ڕێبکات، بەرەو خوارەوە و دوور لە ئامانجەکەی بجووڵێت؛ ناشزانێت ئەم دابەزینە زۆر مەترسیدار و پڕئازارە کەی کۆتاییدێت. یان ئایا ڕێگایەکی ناوقەدبڕی سەلامەت[٣] هەیە کە بتوانیت ڕەحەتتر و چاوقایمانەتر، خێراتر، و ڕاستەوخۆتر لەوە بە لوتکەکەدا هەڵشاخێیت[؟].**

شتێکی سرووشتییە بۆ شاخەوانێك خۆی لە دۆخێکی وەهادا ببینێتەوە کە تووشی «هەندێك چرکەساتی بێهیوایی» ببێت. بە ئەگەری زۆرەوە، بەرگەگرتنی ئەم چرکەساتانە قورستر دەبێت، ئەگەر بیتوانیایە دەنگی ئەو کەسانە ببیسێت کە لە خوارەوەی شاخەکەوەن، ئەو کەسانەی کە «بە تەلیسکۆبەوە و لە مەودایەکی ئەمین و سەلامەتەوە، چاودێری دابەزینە پڕمەترسییەکەی ئەون». ئەو دەنگەی کە لە خوارەوەوە دێت، زەنگێکە کە خۆشحاڵییەکی ڕقانی و بەدخوازی پێوەیە؛ ئەوان خۆشحاڵییەکە ناشارنەوە، بە کەیف و سەفاوە لە قاقا دەدەن و هاواردەکەن: «هاکا یەك دەقەی تر کەوت، شێتی پەتەڕی!»؛ ئەوانەی کە هەوڵدەدەن خۆشحاڵییەکەی خۆیان بشارنەوە و «زیاتر وەك قازیی گالاولیۆف» بجووڵێنەوە، واتە ئەو خاوەنزەوییە دووڕووە بەدناوەی ناو ڕۆمانی خێزانی گالاولیۆف، بەرهەمی میخائیل سالتیکۆف چیدرین:

**دەستیانکردووە بە ناڵە، و بە غەمگینییەوە چاویان ڕووەو ئاسمان هەڵبڕیبوو، وەكبڵێی دەڵێن: «ئێمە غەمگینین دەرهەق بە بینینی ئەوەی کە ترسەکەمان بێتە یەقین! ئائا ئێمەیەك کە هەموو عومرمان لەپێناوی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی عاقڵانەدا بۆ تەیکردنی ئەم شاخە بردووەتەسەر، داوای ئەوەمان نەکردووە کە سەرکەوتنەکە تا کاتی کۆتاییهاتنی کارەکەمان دوابکەوێت؟ هەروەها گەر ئێمە وەها بەگەرموگوڕییەوە گرتنەبەری ڕێگەیەك کە ئەم شێتە خەریکە جێیدەهێڵێت(بڕوانن، بڕوانن، گەڕایەوە! خەریکە دادەبەزێت! بۆ هەڵێنانی هەر هەنگاوێك پێویستی بە چەندین سەعات خۆئامادەکردن هەیە! بەڵام کاتی سەرکەوتنەکەی، بەڕاشکاوی سوك و سەرزەنشتکراین؛ بەڵام دیسان داواکەمان هەر میانڕەوی و پارێز بوو!)،**

---

٣- fairly safe detour

**بـەڵام گـەر ئێمـە بەتاسـەوە ئـەم شـێتەمان سانسـۆربکردایە و لەبـارەی لاسـایی و یارمەتیدانیـەوە هۆشـداریيمان بدایەتـە ئەوانیـتر، هەمـووی تەنیـا لـە پابەندبوونـەوە بـوو بـە پلانـە گەورەکەمـان بۆ تەیکـردنی ئـەم شاخە، هەروەهـا بـۆ ئـەوەش بـوو کـە ڕێ لـەوە بگریـن ئـەم پلانـە بـە بـەر چـاوی هەموانـەوە سـووك و تـرۆ ببێـت!».**

لینـین درێــژەی پێــدەدات... خۆشــبەختانە گەشــتیارە گریمانەییەکەمــان ناتوانێــت دەنگــی ئــەو کەسـانەی کـە پێیاندەوترێـت «هـاوڕێ ڕاسـتەقینەکان» ببیسـتێت سـەبارەت بـە بیرۆکـەی سـەرکەوتن و پیاهەڵزنــین. ئەگــەر ببیســتایە، «پێدەچــوو دڵــی تێکهەڵاتایە»-ئاشکراشــە هێڵنــج و دڵتێکهەڵاتــن یارمەتیـی هیچکـەس نـادات لـە تەرکیزکـردن و هەڵێنـانی هەنـگاوی پتـەودا، بەتایبـەت لـە بەرزاییـەکی زۆرەوە-. دیـارە هـەر نمونـە و میتافۆرێـك [سەداسـەد] نابێتـە بەڵگـە: «هـەر نمونـە و میتافۆرێـك، جێیـەکی نوقسـانە». لینـین لـە درێـژەدا دۆخـی ئەکچواڵـی یەکێتیـی تـازە سـەرپێکەوتووی سـۆڤیەت شـەرحدەکات:

**پرۆلیتاریـای ڕووسـیا لـە شۆڕشـەکەیدا، کۆمەڵێـك بەرزایـی زۆری کەشـفکرد، ئەویـش نـەك بـەراورد بـە ۱۷۸۹ و ۱۷۹۳(ـی شـۆڕشی فەڕەنسا)، بەڵکـو تەنانـەت بـەراورد بـە ۱۸۷۱(ـی کۆمۆنـەی پاریس)یـش. دەبێـت بێلایەنانـە و بەشـێوەیەکی ڕوون و کۆنکرێتـی بەرپرسـیارێتیی هەمـوو ئـەو شـتانە هەڵگریـن کـە کردوومانـە و ئەوانـەشی کـە نەمانکـردووە. گـەر نمانەوێـت شـتێکی لـەم جـۆرە بکەیـن، ئـەوا دەبێـت ئاگامـان لـە خۆمـان بێـت. نابێـت تـووشی دڵتێکهەڵاتـن، وەهـم و بێهیوایـی ببـین.**

**پـاش ژمـاردنی دەسـکەوتەکانی دەوڵـەتی یەکێتیـی سـۆڤیەت تـا سـاڵی ۱۹۲۲، لینـین ئـەوە شـەرحدەکات کـە نابێـت چـی بکەیـن:**

**ئێمــە تەنانــەت بنیاتنــانی کۆڵەکــە ئابوریــەکانی سۆسیالیزمیشــمان نەگەیاندووەتــە کۆتایــی، و هێـزە نەیـار و لەگیانەڵادابـووەکانی سـەرمایەداری هێشـتاش دەتوانـن لەمـە بێبەشـمان بکـەن. دەبێـت قـەدری ئەمـە بزانـین و بەڕاشـکاوی دانی پیـا بنێـین، چونکـە هیـچ شـتێك لـە وەهـم ترسـناکتر نیە(هەروەهــا ســەرەگێژەش، بەتایبــەت لــە بەرزاییــەکی زۆرەوە). هیــچ شــتێکی ترســناکیش لــە دانپیانـان بـەم حەقیقەتـە تاڵـەدا بـوونی نیـە، هیـچ شـتێك کـە پاسـاوێکی [ماقـووڵ] بێـت بـۆ ئـەم دڵسـاردبوونەوە و بێهیوایيـە، چونکـە ئێمـە هەمیشـە بانگەشـەمان بـۆ حەقیقـەتی بنەڕەتیـی مارکسـیزم کـردووە و دووبارەمانکردووەتـەوە- ئـەوەی کـە بـۆ سـەرکەوتنی سۆسـیالیزم پێویسـتمان بـە هـەوڵ و کۆشـشی هاوبـەشی کرێکارانـە لـە کۆمەڵێـك وڵاتی پێشـکەوتوودا. ئێمـە هێشـتا بەتەنها و لـە وڵاتێـکی گەشـەنەکردوودا دەژیـن، وڵاتێـك کـە لەوانیـتر زیاتـر وێرانبـووە؛ بـەڵام سـەرکەوتنێکی گەورەشـمان بەدەسـتهێناوە.**

سـەرەڕای ئەمـەش لینـین ئـەوە باسـدەکات کـە: «ئێمـە سـوپایەکمان لـە توانـا شۆڕشـگێڕەکانی پرۆلیتاریـا ڕاگرتـووە، ئێمـە توانـای مانۆڕەکەیمـان ڕاگرتـووە، هـۆش و ئاگایـی خۆمانمـان گلێرکردووەتـەوە و دەتوانـین بـە ئاگاییـەوە حیسـابی ئـەوە بکەیـن کـەی و تاکـوێ پاشەکشـێ بکەین(تـا بتوانـین بـەرەو پێشـتر بازبدەیـن)؛ لەکـوێ و کـەی و چـۆن کارە ناتەواوەکـە تەواوبکەیـن»، ئـەو ئەنجامگیرییـەش دەکات کـە:

**ئـەو كۆمۆنیسـتانەی كـە پێیانوایـە دەتوانـن ئـەم جـۆرە كارە چارەنووسـازانە[٤]ی وەك بنیاتنـانی ئابوریـی سۆسیالیسـتی(بەتایبەت لـە وڵاتێـكی بچـوك و كشـتوكاڵی[٥]دا) ئەنجامبـدەن، ئەویـش بەبـێ هەڵەكـردن، پاشەكشـە، بەبـێ كۆمەڵێـك گۆڕانـكاری لـەوەدا كـە چ شـتێك تەواونەكـراوە یـان چ هەڵەیـەك كـراوە، ئـەوا مەحكومـن بـە شكسـت. ئـەو كۆمۆنیسـتانەی كـە تـووشی وەهـم نەهاتـوون، ئەوانـەی كـە نائومێـد نابـن، و جاردوایجـار هێـز و جیری(مرونەت)ـی خۆیـان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئەركـە سـەختەكاندا دەپارێـزن بـۆ دەسـتكردنەوە بـە «دەسـپێكێكی نـوێ»، ناشـكێن(و بـە ئەگـەری زۆرەوە لەناوناچـن).**

## باشتر شكستبخۆ

ئەمـە لینینـە لـە باشـترین فۆرمـە بێكێتییەكەیـدا، كـە پێشـبینیی چەنـد دێڕێـك لـە شـیعری وۆرسـتوارد هـۆ دەكات: «دووبـارە هەوڵبـدەوە، دووبـارە شكسـت بخـۆ. باشـتر شكسـتبخۆ[٦]». ئەنجامگیرییەكـەی ئەو-بـۆ دەسـتپێكردنی سـەرلەنوێ-، ئـەوە ڕووندەكاتـەوە كـە ئـەو بەتەنیـا بـاسی خاوكردنـەوەی خێرایـی و بەهێزكـردنی ئـەو شـتە نـاكات كـە تـا ئێسـتا بەدەسـتهاتووە، بەڵكـو مەبەسـتی لـە دابەزینـە تـا خاڵـی دەسـپێك. بـە زمانـە كێركەگاردییەكـە، پرۆسـەی شـۆڕش پرۆسـەیەكی پلەپلـە نیـە بەڵكـو پرۆسـەیەكی دووبارەبووەوەیـە، بزووتنـەوەی دووبارەكردنـەوەی دەسـپێكە، دووبـارە و چەندبـارە.

جـۆرج لـۆكاچ، شـاكارەكەی پێـش سـەردەمی ماركسـیبوونی(واتە تیـۆری ڕۆمـان)، بـەم ڕستە بەناوبانگـە كۆتایـی پێدێنێـت: «گەشـتەكە[٧] كۆتاییهاتـووە، بـەڵام سـەفەرەكە دەسـتپێكردووە». ئەمـە ئـەو شـتەیە كـە لـە سـاتی شكسـتدا ڕوودەدات: گەشـتی ئەزمـوونی بێهاوتـای شۆڕشـگێڕی بەسـەرچووە، بـەڵام سـەفەرە ڕاسـتەقینەكە، كاری دەسـپێكردنەوەی دووبـارە، تـازە دەسـتپێكردووە. گەرچـی ئـەم بـێ مەیلییـە بـۆ پاشەكشـە، هیچـكات بـە مانـای قبوڵكـردنی بێقەیـد و مەرجـی ئەوانیـتر و نەیـارە سیاسـییەكان نیـە، «ئێمـە هەڵـە بوویـن، ئێـوە ڕاسـتتان دەكـرد كـە هۆشـداریتان دەدا، بۆیـە وەرن بـا یەكبگریـن». بەپێچەوانـەوە، لینـین جەخـت لەسـەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە لـە هەنـدێ چركەسـاتی لـەم جۆرەدایـە كـە پێویسـتمان بـە دیسـپلینێكی ئاسـنینە. چەنـد مانگێـك دوای وتاردانەكـەی بـۆ كۆنگـرەی یانـزەی حیـزبی بەلشـەفیك، لـە ئەپرێـلی ١٩٢٢دا وتی:

**گـەر هەمـوو سـوپا(من هـەروا بەشـێوەیەكی گریمانەیـی دەیڵێـم) لـە پاشەكشـەدا بێـت، ئـەوا ناتوانێـت ورەیـەكی هاوشـێوەی ورەی پێشـڕەویی تیابێـت. لەهـەر هەنگاوێكـدا بـەر جۆرێـك لـە خەمـۆكی دەكەویت...ئالێرەدایـە كـە مەتـرسی لـە بۆسـەدایە، پـاش پێشـڕەوییەكی سـەركەوتووانە، پاشەكشـە زۆر سـەخت دەبێـت. چونكـە پەیوەندییـەكان بەتـەواوی فەرقـدەكات. تەنانـەت گـەر دیسـپلین و زەبـت و ڕەبتێـكی تۆكمـە لەئـارادا نەبێـت، هەركـەس بەپێـی خـۆی بـەرەو پێشـەوە شـاڵاودەبات. لەگـەڵ ئەمەشـدا، لەمیانـەی پاشەكشـەدا، دەبێـت دیسـپلینەكە دەبێـت بەئاگایانەتـر بێـت و سـەدان جـار پێوسـتریشـە، چونكـە كاتێـك كـۆی سـوپا دەكشـێتەوە، نازانێـت و ناتوانێـت**

---

٤- epoch-making

٥- peasant

٦- Samuel Beckett, ‘Worstward Ho’, Nohow On, London 1992, p. 101.

٧- voyage كە گەشتی ئاوییش دەگرێتەوە و لێرەدا لە سەفەرێكی درێژ، كورتترە- و

**بزانێـت لەکوێـدا بوەسـتێت. تەنیـا پاشەکشـەکە دەبینێـت، لەژێـر هەلومەرجێـکی لـەم جـۆرەدا تەنیـا کۆمەڵێـك دەنگـی تۆقیـو لەوکاتـەدا بەسـە بـۆ ئـەوەی ئاشـوب و پاڵەپەسـتۆ درووسـتبکات. مەترسـییەکە لێـرەدا زۆر گەورەیـە. کاتێـك سـوپایەکی ڕاسـتەقینە لـە پاشەکشـەدایە، تـۆپ- هاوێـژەکان[8] لـە حاڵـەتی ئامادەباشـییدا دەمێننـەوە، کاتێکیـش پاشەکشـەی ڕێکخـراو وەردەچەرخێـت بـۆ پاشەکشـەی ڕێکنەخـراو ئـەوا فەرمـانی تەقـە دەردەکرێـت کـە فەرمانێـکی درووستیشـە.**

ئاکامەکانی دۆخێـکی لـەم جـۆرە بـۆ لینـین زۆر ڕوون بـوو. لـە وەڵام بـە «ئامۆژگارییەکان»ـی دەرهـەق بـە سیاسـەتی ئابوریـی نوێ(نیـپ) ، لەلایـەن مەنشـەفیکەکان و شۆڕشـگێڕە سۆسیالیسـتەکانەوە کـە بـە [«لینینیـان دەوت»]: «شـۆڕش لـە سـنوری خـۆی زیاتـر ڕۆیشـتووە. ئـەو قسـەیەی ئێسـتا تـۆ دەیکەیـت ئێمـە سـاڵانێکە کردوومانـە، مۆڵـەت بـدە دووبـارە بیکەینـەوە». لینینیـش لـە کۆنگـرەی یانزەیەمـی حیزبـدا وتی:

**ئێمـەش لـە وەڵامـدا دەڵێـین: «ڕێمانبـدەن لەبـەر ئـەم قسـەیەتان بتانخەینـە بـەردەم تیپـی ئاگـر و [ڕەمیکـردن]. یـان بـەر بـە دەربڕینـی دیدگاکەتـان دەگـرن، یـان گـەر سـوورن دیـدگا سیاسـییەکەتان لـە هەلومەرجێـکی وەهـادا لەبـەر چـاوی خەڵـك دەرببـڕن، [واتـە] کاتێـك کـە دۆخەکەمـان لـەو کاتـە زۆرسـەختترە کـە گاردە سـپییەکان(١٠) ڕاسـتەوخۆ پەلاماریاندەدایـن، ئەوسـا گـەر ئێمـە وەك خراپتریـن و زیانبەخشـترین ڕەگـەزەکانی گاردی سـپی بجووڵێینـەوە، ئـەوا دەبێـت تەنیـا سەرزەنشـتی خۆتـان بکـەن (١١) ».**

---

٨- machine-guns

٩- The New Economic Policy کە کورتکراوەکەی ناسراوترە و دەبێتە NEP. لینین لە کۆنگرەی ١٠ی ساڵی ١٩٢١دا هەڵوێستێکی کتوپڕی دەربڕی لەبارەی ئابورییەوە و وتی: نابێت زۆر پەلە بکەین لە سۆسیالیزم و پێویستە هێشتا بە دارشەقی سەمایەداری بڕۆینەڕێوە و پێویستە زیاتر لە هەژاری بترسین تا سەرمایەداری؛ چونکە ئەوکات سۆڤیەت بەهۆی جەنگی ناوخۆوە تووشی هەژاری و برسێتی ببووە. لینین ڕێگەی بە جۆرێك لە سەرمایەداریی بچوك دا تاکو ئابوری بگەشێتەوە و باجی خستە سەر بەرهەمی ناوخۆی جووتیاران. گەرچی لینین سێ ساڵ پێشتر دژی کۆلاك و جووتیارە دەوڵەمەندەکان بوو، بەڵام لەم ساڵەدا ناچار بوو دەرفەتیان بداتێ کرێکار دامەزرێنن و بەم جۆرە ٦ ملیۆن کەس کەوتنەکارەوە و پێنج یەکی گەنمی ناوخۆ لەلایەن کۆلاکەکانەوە دابینکرا. زۆرێك لە کارگەکان کرێکاری زیاتریان تیا دانران و لە کۆتوبەندە یاساییەکانی دەوڵەت بەخشران، کە پێشتر لە ٢٠ کرێکار زیاتری تیانەبوو و نیمچە سۆسیالیستی بوو. هەروەها دەرفەت درایە بیانییەکان بەهاوبەشی کۆمپانیا لەگەڵ سۆڤیەتدا دامەزرێنن. کێڵگە بچوکەکان درایەوە بە خاوەنەکانیان و ئازادی درایە بازرگانی و ڕێ بە کۆمپانیا ئەمریکی و فەرەنسییەکان درا بەتێکەڵی لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت سەرمایەگوزاری بکەن. تەنانەت بەپێی پەیمانی (ڕاپالو) لەنێوان سۆڤیەت و ئەڵمانیادا زۆرێك لە پیشەسازییە قورسەکان کەوتە دەستی ئەڵمانەکان. ئەنجامی ئەم سیاسەتە ئابورییە باش شکایەوە و دەوڵەت گەڕایەوە دۆخی پێش شەڕی ناوخۆ-و

١٠- گاردە سپییەکان(١٩١٨-١٩٢١)، ئەو هێزە بوون کە لە شەڕی ناوخۆی ڕووسیادا و ماوەیەك پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستەویەخەی بەلشەفیکەکان بوونەوە و بەجۆرێك لە جۆرەکان داردەستی ئیمپریالیزم و وڵاتانی دژەکۆمۆنیست بوون بۆ تێکدانی ئەزموونی شۆڕشەکە-و

١١- Lenin, ‘Eleventh Congress of the rcp(b)’, Collected Works, vol. 33, pp. 281–3.

سـەرەڕای ئەمـەش دەبێـت جیـاکاری بکەیـن لەنێـوان «تـیرۆر و تۆقـانی سـوور»[ی لینینـی] و [تۆتالیتاریـزم]ی سـتالینیدا. شـاندۆر مارایـی(Sándor Márai) لـە یادەوەرییەکانیـدا پێناسـەیەکی بەنـرخ دەربـارەی ئـەم جیاوازییـە دەخاتـەڕوو[١٢]. تەنانـەت لـە توندوتیژتریـن سـات و سـەردەمەکانی دیکتاتۆریـەتی لینینـیدا کـە کەسـانێك دژی شـۆڕش بـوون بەشـێوەیەکی بێڕەحمانـە بێبـەش بـوون لـە مـافی دەربڕیـن(ی ئازادانـە لـە فـەزای گشـتییدا)، بـەڵام لـە مـافی بێدەنگـی[١٣] بێبـەش نەبـوون: ڕێیـان پێـدەدرا بخزێنـە نـاو تاراوگەیـەکی ناوەکییـەوە. ڕووداوێـك لـە پایـزی ١٩٢٢دا کـە بەهـۆی هانـدانی لینینـەوە بەلشـەفیکەکان دەسـتیاندایە [«بەرنامـەی[« ئابڕووبـەری کەشـتیی هەڵمیـی فەلسـەفە [کـە ژمارەیـەك کەسـایەتیی نـاودار لـە سـۆڤیەت بـە کەشـتییەکی هەڵمـی وڵاتبـەدەر کـران]، گوزارشـتە لـەم مەسـەلەیە. کاتێـك لینـین زانیـی مێژوونوسـێکی پـیری مەنشـەفیکی لـە لیسـتی ئـەو ڕۆشـنبیرانەدایە کـە دەبـوو لەناوببرانایـە، و پەنـای بردووەتـە بـەر ژیـانی شەخسـیی خـۆی و بەهـۆی نەخۆشـییەکی قورسـەوە چاوەڕێـی مەرگـی خۆیـەتی، لینـین نـەك هـەر لـە لیسـتەکە دەریکـرد بەڵکـو فەرمانیـدا پشـك و فۆرمێکی زیاتـری خۆراکیـشی بدەنـێ. کاتێـك دوژمـن لـە ململانێـی سیاسی کشـایەوە، دوژمنایەتییەکـەی لینینیـش وەسـتا.

گەرچـی بـە لای سـتالینەوە، بێدەنگییـەکی لـەم جـۆرە زۆریـشی زیـاد بـوو. نـەك هـەر دەبـوو کۆمـەڵانی خەڵـك بـۆ پشـتیوانی بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندانە گشـتییە گەورەکانـدا بکردایـە، هونەرمەنـدان و زاناکانیـش ناچاربـوون ڕەزامەندیـی خۆیانیـان ڕابگەیاندایـە بـۆ بەشـداریکردن لـە بەرنامـە گشـتییەکاندا وەك ئیمزاکـردنی بەیاننامـە ڕەسـمییەکان، یـان قسـەکردن لـە بەرژەوەندیـی سـتالین و مارکسـیزمی ڕەسـمی. گـەر لـە دیکتاتۆریـەتی لینینـیدا کەسـێك لەبـەر ئـەو شـتە بکوژرایـە کـە وتوویـەتی، ئـەوا لـە دیکتاتۆریـەتی سـتالینیدا لەبـەر ئـەو شـتە دەکـوژرا کـە نەیوتـووە. تـا ئـەو پەڕەکـەی شـوێنی ئـەم مەسـەلەیە دەکەوتـن: خۆکوشـتن، کـە تاکـە هەوڵـی نائومێدانـە بـوو بـۆ خزانـە نـاو بێدەنگییـەوە، لەلایـەن سـتالینەوە مەحکومکرابـوو وەك دوایـن و خراپتریـن کـردەوەی خائینانـە دژی حیـزب. ئـەم جیاوازییـەی نێـوان لینینیـزم و سـتالینیزم دەرخـەری تێڕوانینـە گشتییەکەشـیان بـوو بـۆ کۆمەڵـگا: بـە لای یەکەمیانەوە(واتـە لینـین)، کۆمەڵـگا مەیـدانی شـەڕی بێڕەحمانـەی دەسـەڵات بـوو، شـەڕێك کـە بەئاشـکرا جەختـی لەسـەر دەکرایـەوە، بـە لای دووەمیشـیانەوە(واتە سـتالین) شـەڕ بـە جۆرێـکی تاڕادەیـەك سـووك، وەك شـەڕ لەنـاو کۆمەڵگایـەکی تەندروسـتدا دژی ئـەو کەسـانە بەڕێوەدەچـوو کـە لێـی دەرکرابـوون- جانـەوەرە زیانبەخشـەکان، حەشـەرات و گەنـاوەر، ئـەو ناپاکانـەی کـە لـە مـرۆڤ کەمـترن.

---

١٢- Sándor Márai, Memoir of Hungary: 1944–1948, Budapest 1996.

١٣- right to silence

## جیاكردنەوەی هێزەكانی یەكێتیی سۆڤیەت

ئایا پەڕینەوە لە لینینەوە بۆ ستالین شتێكی ناچاری و زەروری بوو؟ مادام ئەم پەڕینەوە ڕوویدا، مادام ستالین سەركەوت، كەواتە ناچاری بووە[١٤]. ئەركی مێژووناسی دیالەكتیكی ئەوەیە كە [ئەم ناچارییە] لە «صەیروورە«كەیدا ببینێت و هەموو ئەو شەڕانە شیبكاتەوە كە دەشیا بە دۆخێكی تر كۆتاییان بێت، هەر ئەو كارەی كە موشە لیوین(Moshe Lewin) هەوڵیدا لە دوایین شەڕی لینین[١٥] دا بیكات. لیوین سەرەتا هەوڵیدا پێداگریی لینین لەسەر حاكمیەت و سەروەریی كۆی ئەو وڵاتانە پیشانبدات كە یەكێتیی سۆڤیەتیان پێكدەهێنا- جێی سەرسوڕمان نیە كە لە نامەیەكدا بۆ مەكتەبی سیاسی لە بەرواری ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٢٢، ستالین بەڕاشكاوی لینینی بە «لیبراڵیزمی نەتەوەیی» تۆمەتباركرد. دووەم، لیوین ئاماژە بە جەختكردنەوەی لینین دەكات لەسەر خاكەڕایی ئامانجەكان: نەك سۆسیالیزم، بەڵكو كەلتور، ئەدەبی جیهانی، كارایی و كیفایەت، تەكنۆكراتی، كۆمەڵگای هەرەوەزی، كە توانای دەبەخشییە جووتیارە سادەكان تا لە فەزای سیاسەتی نوێی ئابوریدا(واتە نیپ) ببنە «بازرگانی كەلتوری». ئەمە بەڕوونی ڕوانگەیەكی زۆرجیاوازتر بوو لە ڕوانگەی «سۆسیالیزم لە یەك وڵاتدا». خاكەڕایی(تەوازوع)، جاروبار بەشێوەیەكی كتوپڕ شتێكی ڕاشكاوە: لینین گاڵتەی بە كۆی ئەو هەوڵانە دەكرد كە بۆ «بنیاتنانی سۆسیالیزم» دەدرا، و جەختی لەسەر سرووشتی هەڕەمەكی و سەرپێی سیاسەتی هەرەوەزی(ئیشتراكی) دەكردەوە، ئەویش تا سنوری وتەكەی ناپلیۆن: «جارێ دەستی تێ وەردە، دواتر بزانین چی دەبێت».

دوایین شەڕی لینین دژی زاڵبوون بەسەر بۆرۆكراسیی[١٦] دەوڵەتدا، لای هەموان ئاشكرایە. ئەوەی كە خەڵك كەمتر دەیزانن وەكچۆن لینین بەڕوونی دەریبڕیوە ئەوە بوو لینین هەوڵیدەدا بەهۆی پێشنیاركردنی پەیكەرێكی نوێی فەرمانڕەواییەوە، واتە كۆمیتەی ناوەندیی كۆنترۆڵەوە، دەستبداتە لەقاڵبدانی دیموكراسی و دیكتاتۆریەتی دەوڵەتی حیزبی. ئەو وێڕای دانانی بە سرووشتی دیكتاتۆریەتی ڕژێمی شوراییدا، هاوكات هەوڵیدا دوائامانجی خۆی لە هاوسەنگیی نێوان ڕەگەزە جیاوازەكاندا جێگیربكات، «سیستەمێك لە كۆنترۆڵی دوولایەنە كە دەیتوانی كەمتازۆر فرمانێكی هاوشێوەی فرمانی جیاكردنەوەی هێزەكانی هەبێت لە ڕژێمە دیموكراسییەكاندا». كۆمیتەیەكی ناوەندیی گەورەكراو، دەتوانێت سنوورەكانی سیاسەت دەستنیشانبكات و بەسەردەزگای حیزبەوە چاودێری و كۆنترۆڵێكی باڵای هەبێت. لەهەناویدا، كۆمیتەی مەركەزی دەتوانێت:

**وەك كۆنترۆڵكەری كۆمیتەی مەركەزی و لقە جۆراوجۆرەكانی كاربكات- لقگەلێكی وەك مەكتەبی**

---

١٤- جێی خۆیەتی لێرەدا كەمێك زیاتر لەسەر ئەم ئایدیایەی ژیژەك بوەستین. ڕیشەی ئەم ئایدیایە دەچێتەوە سەر هیگڵ. هیگڵ لە تێزێكدا دەڵێت: ئەوەی واقیعی و ئەكچواڵە، عەقڵانییە، ئەوەشی كە عەقڵانییە واقیعی و ئەكچواڵە. هەموو شتێكی عەقڵانییش زەرووره، وەكچۆن شتی زەروورییش عەقڵانییە. شتێك كە ڕوودەدات، بەجۆرێك هەڵگری ئیمكانی ڕوودان بووە. ڕوودانەكەشی بەپێی كات، عەقڵانی دەبێتەوە و لەناو بووندا خاوەنی لۆژیكی تایبەت بە خۆی دەبێت. لە هەر ڕوودانێكدا كۆمەڵێك ڕەگەزی پێكداچوو هەن و ڕوودانەكە دەكەنە شتێكی زەرووری و ناچاری. ناچاربوون بەو مانایەی كە ئەگەری ڕوودانی زۆرە، یان ڕوودانەكەی زۆر مەحاڵ و ناعەقڵانی نەبووە. دەكرا لەجێی ستالینیزم چەندین فۆرمی تر بێتەئاراوە، كە هەریەك لەو فۆرمانەش بەشی خۆی ناچاری دەبوو- و

١٥- Lenin's Last Struggle

١٦- . بۆرۆكراسی، بە مانا زۆر سادەكەی واتە هێنان و بردن و تەشریفاتی زۆر و ڕۆتینی زۆر لە كاری ئیدارییدا كە پەیوەندییەكی سست و ناڕاستەوخۆ دەخاتە نێوان خەڵك و بەڕێوەبردنەوە و بەرتیل و بێزاریی تێدەكەوێت- و

**سیاسی(پۆلیت بۆرۆ)، سکرتاریەت، مەکتەبی دەزگا و دامەزراوەکان(ئۆرگبۆرۆ). سەربەخۆیی ئەم کۆمیتەیە لەڕێگەی لینکە ڕاستەوخۆکەیەوە بە کۆنگرەی حیزبەوە بەبێ نێوانگریی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانە ئیدارییەکانی و کۆمیتەی ناوەندی، مسۆگەردەکرێت[١٧] .**

پشکنین و کۆنترۆڵ، دابەشکردن و جیاکردنەوەی هێزەکان، کۆنترۆڵی دوولایەنە-ئەمە وەڵامی ناچارییانەی لینین بوو دەرهەق بەم پرسیارە: کێ کۆنترۆڵکەرەکان کۆنترۆڵدەکات؟ شتێکی خەیاڵپڵاوانە و ئیحتیمالەن خەیاڵییانەش لەم ئایدیایەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنترۆڵدا هەیە: پەیکەرێکی کۆنترۆڵکارانەی سەربەخۆ و پەروەردەیی بە قەراغێکی «ناسیاسی»یەوە کە پێکهاتبێت لە باشترین مامۆستا و تەکنۆکرات، ئەویش بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێریی کۆمیتە ناوەندییە «سیاسەتاوییەکە» و ئۆرگانەکانی- بەکورتییەکەی، پسپۆڕە بێلایەنەکان ڕێ لە سەرپێچیی بەڕێوەبەرانی حیزب(کۆنگرە) بگرن. گەرچی هەموو ئەمانە وابەستەیە بە سەربەخۆیی ڕاستەقینەی کۆنگرەی حیزبەوە، بەڵام وەك دیفاکتۆ پێشوەخت باڵباڵێن و فراکسیۆنبازی قەدەغەکراوە کە ئەمە ڕێگە بە دامودەزگای باڵای حیزب دەدات کە کۆنگرە کۆنترۆڵبکات و بەر بە ڕەخنەکان و باڵباڵێنەکان بگرێت. ساویلکەیی متمانەی لینین دەرهەق بە پسپۆڕان ئەوکات شۆکهێنەرتر دەبێت کە ئاگامان لەوە بێت ئەم قسانە قسەی ڕێبەرێکە کە بەپێچەوانەی ئەم مەسەلەیەوە بەتەواوی ئاگای لە گرفتەکانی شەڕی سیاسی بوو، ئەو شەڕەی کە مۆڵەت بە کەس نادات بێلایەن بێت.

ئاراستەی ئەو بایەی کە هەڵیدەکرد، لە پێشنیارەکەی ستالیندا لە ساڵی ١٩٢٢دا خۆی دەردەخست کە لە وتەیەکدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەوڵەتی سۆسیالیستیی فیدراسیۆنی ڕووسیا هاوکات دەوڵەتی کۆماریی ئۆکرانیا، بیلاڕووس، ئازەربایجان، ئەرمینیا، و جۆرجیاشە:

**گەر لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیاوە ئەم بڕیارە پشتڕاست بکرایەتەوە، ئەوا بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕانەدەگەیەنرا، بەڵکو لەڕێگەی کۆمیتە ناوەندییەکانەوە بۆ بڵاوبوونەوە بەناو پەیکەری دامەزراوە شوراییەکاندا، کۆمیتە ئیجراییە ناوەندییەکان یان کۆنگرەی کۆمۆنیستیی کۆمارەکانی پێشوودا ڕادەگەیەنرا؛ بەر لە دانیشتنی کۆنگرەی یەکێتیی هەموو کۆمارەکانی سۆڤیەت، و بەجۆرێك ڕادەگەیەنرا وەكبڵێی ئەمە ئارەزووی خەڵکی ئەم کۆمارانەیە (١٨).**

پەیوەندیی دوولایەنەی ئۆتۆریتەیەکی باڵاتر لەگەڵ بنکەکەیدا(واتە خەڵك)، نەك هەر لەناوچوو-لەئەنجامی ئەم ئۆتۆریتە باڵایەدا تەنیا ئاوڕی لە دەربڕینی ئیرادەی خۆی دەدایەوە-، بەڵکو وەکو وەشاندنی خوێ بەسەر بریندا، شێوەیەکی تەواو پێچەوانەی دەگرتەخۆی: کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا هەر خۆی ئیرادەی خەڵك دیاریبکات.

---

١٧- .Moshe Lewin, Lenin's Last Struggle [1968], Ann Arbor, mi 2005. pp. 131–2

١٨- .Quoted in Lewin, Lenin's Last Struggle, Appendix 1, pp. 146–7

## جوامێربێژی[19] و تۆقاندن

تایبەتمەندییەکی تری دوایین شەڕی لینین کە لیوین سەرنجمانی دەخاتەسەر تەرکیزێکی چاوەڕواننەکراوە لەسەر ئەدەب و ڕەوشتبەرزی(نەزاکەت). لینین بەقووڵی لە دوو ڕووداو نیگەران و بێتاقەت بوو: لە دیبەیتێکی سیاسییدا، نوێنەری مۆسکۆ لە جۆرجیا واتە سێرگۆ ئۆرژۆنیکدزە[20]، بە شێوەی فیزیکی پەلاماری چەند کەسێکی دابوو لە کۆمیتەی ناوەندیی جۆرجیا، ئەویتریشیان ئەوە بوو کە ستالین خۆی کروپسکایای دابووە بەر جنێو(کاتێك ئەمەی کەشفکرد کە کروپسکایا هاوڕا بوو لەگەڵ نامەکەی ترۆتسکی بۆ لینین کە تیایدا پێشنیاریکردبوو پەیمانێك دژی ستالین ببەسترێت). ئەم ڕووداوەی دوایی، لینینی هاندا دەسبەجێ ئەم داوا ناسراوەی خۆی بنوسێت:

**ستالین زۆر ڕەق و بێنەزاکەتە، ئەم کەموکورتییە گەرچی شتێکە لەناو خۆمان و دەرهەق بە ئێمەی کۆمۆنیست تەحەمولدەکرێت؛ بەڵام لە سکرتاریەتی گشتی تەحەمولناکرێت. هەر بەم هۆیەوە پێشنیاردەکەم کە هاوڕێیان، ستالین لە پۆستەکەی دوورخەنەوە و کەسێکی تر بخەنەجێی کە سەرەڕای ئەو هەموو ڕێزەی بۆ هاوڕێ ستالین هەمانە لە پێگە بەرزەکەیدا، با لە ئەو بەتەحەمولتر(بەتۆلێرانستر)، بەوەفاتر، موئەدەبتر بێت دەرهەق بە هاوڕێیان، کەمتریش ڕاڕا و حولحولی بێت(٢١) .**

پێشنیارەکەی لینین بۆ کۆمیتەی ناوەندیی کۆنترۆڵ، و گرنگیدانی بە پاراستنی ڕێز و نەزاکەت بە هیچ جۆرێك گوزارشت لە نەرمونیانیی لیبراڵانە ناکات. [بۆنمونە] لە نامەیەکدا بۆ کامینێف لە هەمان کات و ساتدا، بەڕوونی باسی ئەوە دەکات کە: «ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە پێمانوابێت سیاسەتی نیپ کۆتایی بە تیرۆر و تۆقاندن دێنێت، دەبێت دووبارە و چەندبارە پەنا ببەینەوە بۆ تۆقاندن و تۆقاندنی ئابوری». گەرچی ئەم تۆقاندنە، لە بچوککردنەوە بەرنامەڕێژکراوەکەی دەزگای دەوڵەت چێکا(پۆلیسی نهێنیی سۆڤیەت) بەسەلامەت دەردەچێت، پتر گوفتار و هەڕەشە بوو نەك کردار: هەروەك لیوین دەڵێت، لینین بەدوای هاوکارییدا دەگەڕا «تا لەو ڕێگەیەوە «بە ئەدەب و نەزاکەتەوە» بیری ئەو کەسانە بخرێتەوە هێشتا چەکی کۆتایی ماوە کە ئێستا [بەهۆی نییەوە] دەیانەوێت پێ لە بەرەی ئەو سیاسەتانە زیاتر ڕاکێشن کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بازرگانەکان دیاریکراوە«. لێرەدا لینین ڕاستی دەکرد: دیکتاتۆریەت ئاماژەیە بۆ زیادەی پێکهێنەری دەسەڵات(دەوڵەت)، و لە ئاستێکی وەهادا بێلایەنی بوونی نیە. پرسیارە گرنگە ئەوەیە کە زیادەکە بۆ کێ؟ گەر هی ئێمە نیە، کەواتە هی ئەوانە.

گەر بمانەوێت سود لە دەربڕینەکانی لینین خۆی وەربگرین، لینین لە ڕوانینێکدا کە بۆ کاری کۆمیتەی ناوەندیی کۆنترۆڵ هەیبوو، لە دوانوسینیدا لە ساڵی ١٩٢٣ نوسی«کەمتر، بەڵام باشتر»، لینین پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەم پەیکەرە بکرێتە شوێنی **هەندێك فەنوفێڵی تارادەیەك پێکەنیناوی، کەرەستەی خەڵەتاندن، تۆزێك فێڵبازی و تەردەستی و شتێکی هاوشێوەی ئەوە بێت. من دەزانم لە دەوڵەتە سەنگین و ڕاستەوڕاستەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا ئایدیای لەم**

---

١٩- Tact، کە ڕەگی وشەی تاکتیکە و گوزارشتە لە جوامێریکردن لە وتن و کردندا، واتە جۆرێك لە نەزاکەت و ئەمەکبێژی- و

٢٠- Sergo Ordzhonikidze

٢١- Lewin, Lenin's Last Struggle, p. 84.

**جـۆره خەڵـك دەتۆقێنێـت و تەنانـەت بەرپرسـێکی ڕەسـمیی دەوڵـەتی سـەنگین قبوڵینـاکات. بـەڵام مـن هیـوادارم وەکـو ئـەوان نەبووبـین بـە بۆرۆکـرات و لـە میانـەی گفتوگـۆ لەسـەر ئـەو ئایدیایـەش جگـە لـە سـەرگەرمی هیچـی تـری لـێ سـەوز نەبێـت.**

لەڕاسـتیدا بـۆ نابێـت سـودمەندی لەگـەڵ خـۆشیدا تێکەڵبکرێـت؟ بـۆ نابێـت لەپێنـاوی هەڵماڵینـی شـتێکی گەوجانـە، شـتێکی زیانبەخـش، شـتێکی تاڕادەیـەك گەوجانـە و زیانبەخشـدا، پەنابەیـن بـۆ جۆرێـك لـە فێڵـە گاڵتەجـارەکان یـان نیمچەگاڵتەجـارەکان؟[٢٢]

ئایـا ئەمـە جمـکی قێـزەونی دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدنی «جـدی» نیـە کـە لـە کۆمیتـەی ناوەنـدی یـان ئیـدارەی سیاسـیی حیزبـدا کۆبووەتـەوە؟ فـرت و فێـڵ، حیلـەی عەقـڵ- خەونێـکی بێوێنـە، بـەڵام هەرچۆنێـك بێـت هـەر یۆتۆپیایەکـە. لیویـن بـاسی ئـەوەش دەکات کـە خاڵـی لاوازیـی لینـین ئـەوە بـوو کـە ئـەو کێشـەی بۆرۆکراسـیبوونی دەبینـی بـەڵام سـەنگ و ڕەهەنـدەکانی بـە کـەم وەردەگـرت: «شـیکردنەوەی کۆمەڵایەتیـی ئـەو لەسـەر سـێ چینـی کۆمەڵایـەتی بـوو: کرێـکاران، جووتیـاران، بـۆرژواکان- بەبـێ ئـەوەی هیـچ جێیـەك بـۆ دامـودەزگای دەوڵـەت وەك ڕەگەزێـکی کۆمەڵایەتیـی تایبـەت لەوڵاتێکـدا لەبەرچاوبگرێـت کـە بەشـە گرنگـەکانی ئابورییەکـەی خۆماڵیکـراوە[٢٣]».

بەلشـەفیکەکان بەتـەواوی لـەوە تێگەیشـتن کـە دەسـەڵاتە سیاسـییەکەیان پێگەیـەکی کۆمەڵایەتیـی جـودای نیـە: زۆرینـەی ئـەو چینـە کرێـکارەی کـە ئەمـان بەناویـەوە حکومڕانییـان دەکـرد لـە شـەڕی ناوخـۆدا لەناوچووبـوون، سـەرەنجام بەسـەر بۆشـاییەك لـە نوێنەرایەتیـی سیاسـییەوە حکومڕانییـان دەکـرد[ و هێزێـکی کۆمەڵایـەتی نەمابـوو نوێنەرایەتیـی بکـەن]. گەرچـی بەپێـی تەصـەوری خۆیـان وەك دەسـەڵاتێکی بێگـەردی سیاسی کـە ئیرادەی خـۆی بەسـەر کۆمەڵـگادا دەسـەپێنێت، ئـەم خاڵەیـان پشتگوێخسـتبوو کـە -لەوێـوە بەفیعلـی خـاوەنی دەسـەڵاتن یـان بەدەربڕینێـکی تـر لەوێـوە کـە ئـەوان لـە غیـابی خاوەنـە سـەرەکییەکانی هێـزی بەرهەمهێنانـدا بوونەتـە چاودێریـان- بۆرۆکراسـیی دەوڵـەت «دەبێتـە پێگەیـەکی ڕاسـتەقینەی کۆمەڵایەتیـی دەسـەڵات»:

**شـتێك بەنـاوی دەسـەڵاتی «بێگەرد»ـی سیاسـییەوە بـوونی نیـە کـە هیـچ جـۆرە کۆڵەکەیـەکی کۆمەڵایەتیـی نەبێـت. ڕژێـم دەبێـت بـەدوای کۆمەڵێـك پێگـەی کۆمەڵایەتیـی تـردا بگەڕێـت لـە دەرەوەی دامـودەزگای سـەرکوت. ئـەو «بۆشـایی»یەی کـە وادەردەکەوێـت ڕژێمـی یەکێتیـی سـۆڤیەت بەشـێوەیەکی کاتی هێشـتبوویەوە بەزوویـی پڕدەبێتـەوە، تەنانـەت گـەر بەلشـەفیکەکان نەیاندیبێـت، یـان حەزنەکـەن ببینـن(٢٤).**

دیارە ئەمـە بـەری بـە پرۆژەکـەی لینـین دەگـرت سـەبارەت بـە کۆمیتـەی ناوەندیـی کۆنـترۆڵ. ئـەوە شـتێکی ڕاسـتە کـە بـە مانـا دژە-ئابـوری و حەتمیگەراکـەشی، لینـین پێداگریـی لەسـەر سـەربەخۆیی سـیاسی دەکـرد، بـەڵام ئـەو شـتەی کـە لێـی تێنەگەیشـتبوو ئـەوە بـوو، بـە دەربڕینـە بادیۆییەکـە ئـەوە نەبـوو کـە چـۆن هـەر هێزێـکی سـیاسی نوێنـەری هێزێـکی کۆمەڵایـەتی یـان چینێکـە، بەڵکـو

---

٢٢- Lenin, 'Better Fewer, But Better', Collected Works, vol. 33, p. 495.

٢٣- Lewin, Lenin's Last Struggle, p. 125.

٢٤- . Lewin, Lenin's Last Struggle, p. 124.

ئـەوە بـوو کـە چـۆن ئـەم هێـزە سیاسـییەی نواندنــەوە ڕاسـتەوخۆ خـۆی وەك هێزێـکی کۆمەڵایەتیـی سـەربەخۆ دەگەیەنێتـە ئاسـتی نوێـنراوە. لێـرەوە دوایـین شـەڕی لینـین دژی سـتالین هەڵگـری هەمـوو نیشـانەکانی تراژیدیایـەکی تەواوەتییـە: ئەمـە میلۆدرامییـەك نیـە کـە تیایـدا کـەسی بـاش دژی کـەسی خـراپ دەجەنگێـت، بەڵکـو تراژیدیایەکـە کـە تیایـدا پاڵەوانەکـە لـەوە تێـدەگات خەریـکی شـەڕە لەگـەڵ مناڵەکـەی خۆیـدا؛ و چیـتر درەنـگ بـووە بـەر بەئاشـکرابوونی بڕیـارە هەڵـەکانی ڕابـردووی خـۆی بگرێـت.

## ڕێگەیەکی جیاواز

ئێسـتا ئێمـە پـاش کارەسـاتە تەمومـژاوی و گێژکەرەکـەی سـاڵی ١٩٨٩ لەکوێدا وەسـتاوین؟ هـەروەك سـاڵی ١٩٢٢، کـە دەنگـی ئـەو کەسـانەی لـە دەرەوەی چاڵەکـەوە وەسـتابوون بـە خۆشـحاڵییەکی نیەتپیسـانەوە چواردەوریـان گرتبـوو: «ئێـوە شایسـتەی ئەمـەن، ئـەو شـێتانەی کـە دەیانویسـت ڕوانینـە تۆتالیتارییـەکانی خۆیـان بەسـەر کۆمەڵـگادا بسـەپێنن»، ئەوانیـتر دەیانەوێـت ئـەم خۆشـحاڵییە بوغزاوییـە بشـارنەوە، دەناڵێنـن و بـە داخێکـەوە چاودەبڕنـە ئاسـمان، وەكبڵێـی دەیانەوێـت بڵێـن: «شـتێکی ئـازاردەرە بـۆ ئێمـە کـە بزانـین ترسـەکەمان لەخـۆڕا نەبـووە! خەونەکـەی ئێـوە بـۆ بیناکـردنی کۆمەڵگایـەکی عادیلانـە چەنـد شـەریف بـوو! دڵـمان بـۆ ئێـوە لێـدەدات، بـەڵام عەقڵـمان پێیدەوتـین ئیشـەکەی ئێـوە تەنیـا بـە بەدبەختـی و دیلێتییـەکی تـازە کۆتاییدێـت!». لەکاتێکـدا دەبێـت خۆدانەدەسـت ئـەم دەنگـە وەسوەسـەئامێزانەوە ڕەتبکەینـەوە، بەدڵنیاییـەوە دەبێـت سـەرلەنوێ دەسـت پـێ بکەینـەوە- نـەك بمانەوێـت خشـتێکی تـر بخەینـە سـەر پایـەی لوتکـە شۆڕشـگێڕییەکانی سـەدەی بیسـتەم، ئـەو [«شۆڕشـانەی»] کـە لـە ١٩١٧ تـا ١٩٨٩ درێـژەی هەبـوو یـان بـە دەربڕینێـکی دەقیقـتر تـا ١٩٦٨-، بەڵکـو دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆ خاڵـی دەسـپێك و ڕێگەیـەکی تـر بگرینەبـەر.

بـەڵام چۆنچـۆنی؟ کێشـەی سـەرەکیی مارکسـیزمی ڕۆژئاوایـی نەبـوونی سـوبێکتی شۆڕشـگێڕی بـووە: چـۆن چینـی کرێـکار نەیتوانیـوە ڕێگـەی لە-خـۆدا بـەرەو بۆ-خـۆ کامڵبـکات و خـۆی وەك بریـکاری شـۆڕش درووسـتبکات؟ ئـەم پرسـیارە، هـۆکاری وجودیـی سـەرەکیی گەڕانـەوەی مارکسـیزمی ڕۆژئاوایـی بـووە بـۆ دەروونشـیکاری، پرسـیارێك کـە تەرحکردنەکـەی بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەو میکانیزمـە لیبیدۆییـەی ناخودئاگایـە کـە بـەر بـە دەرکەوتنـی خودئاگایـی چینایـەتی دەگرێـت. خودئاگایـی چینایـەتی، پەیوەسـتە بـە بـوونی چینـی کرێـکار یـان دۆخـە کۆمەڵایەتییەکانیـەوە. بـەم جـۆرە، حەقیقـەتی شـیکردنەوەی ئابوریـی کۆمەڵایەتیـی مارکـسی دەپارێزرێـت: هۆکارێـك بـۆ پێـدانی ئیعتیبـار بـە تیـۆرە ڕیڤیزیۆنیسـتییەکان دەربـارەی سـەردەرهێنانی چینـی ناوەڕاسـت بـوونی نیـە. هـەر لەبـەر ئەمـە، مارکسـیزمی ڕۆژئاوایـی هەمیشـە دەرگـیری گەڕانێـکی بـەردەوام بـووە بـەدوای دۆزینـەوەی کەسـانێکدا کـە بتوانـن ڕۆڵـی بریـکاری شـۆڕش بگێـڕن؛ ئەویـش وەك جێگرەوەیـەك بـۆ چینـی نەخـوازراوی کرێـکار: جووتیـارانی جیهـانی سـێیەم، خوێنـدکاران و ڕۆشـنبیران، دەرکـراوان. دەشـێت ئـەم گەڕانـە نائومێدانەیـە بـەدوای بریـکاری شـۆڕشـدا، دەرخـەری خاڵـە تـەواو پێچەوانەکـەی خـۆی بێـت: واتـە تـرس لـە دۆزینـەوەی ئـەو بریـکارە، یـان شـتەکە لـە بندەسـتماندا بێـت و ئێمـە لـە شـوێنێکی تـر بـۆی بگەڕێـین. چـاوەڕێ بـین کەسـێك ئەرکەکەمـان بـۆ ڕاپەڕێنێـت ڕێگەیـەکی تـرە بـۆ پاسـاودانی پاسـیڤییەکەمان.

هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەم باگراوەندەیـە کـە ئـالان بادیـۆ ئـەو پێشـنیارەی کـردووە دووبـارە جەخـت لەسـەر گریمانـەی کۆمۆنیـزم بکەینـەوە. ئـەو دەنوسـێت:

**ئەگـەر ناچاربـین ئـەم گریمانەیـە بخەینـەلاوە، ئـەوا ئـەوکات هیـچ نرخێـکی نیـە کـە لـە کایـەی**

**چالاکییـە گشـتییەکاندا شـتێك ئەنجامبدەیـن. بەبـێ ئاسـۆی کۆمۆنیـزم، بەبـێ ئـەم ئایدیایـە، بـۆ هیـچ فەیلەسـوفێك هیـچ شـتێك لـە دینامیکیـەتی مێژوویـی و فەلسـەفییدا سـەرنجڕاکێش نیـە.**

**گەرچی بادیۆ درێژەی پێدەدات:**

**وەفاداربـوون بەرامبـەر بـەم ئایدیایـە، بەرامبـەر بـوونی ئـەم گریمانەیـە، بـەو مانایـە نایـەت کـە ئـەم گریمانەیـە لـە شـێوەی نوسخەیەکدایە کـە تەرکیزەکـەی لەسـەر داراییـەکان و دەوڵەتـە و دەبێـت وەکخـۆی پیادەبکرێـت. لەڕاسـتیدا ئـەو شـتەی کـە ئێمـە وەك کاری فەلسـەفی، تەنانـەت وەك ئەرکێـك باسـمانکرد؛ کۆمەککردنـە بـە لەدایکبـوونی دیوێـکی نوێـی بـوونی ئـەم گریمانەیـە(٢٥) .**

دەبێـت ئاگامـان لـەوە بێـت کـە ئـەم نوسـینانە بـە شـێوازێکی کانتـی نەخوێنینـەوە، واتـە وێنـای کۆمۆنیـزم وەك ئایدیایـەکی نەزمبەخـش(regulative)، و سـەرەنجامیش زیندووکردنـەوەی تارمایـی «سۆسـیالیزمی ئەخلاقـی»، لەگـەڵ یەکسـانی وەك نۆرمێـکی پێشـینی(a priori) یـان ئەکسـیۆمێك. دەبێـت پەیوەندییـە دەقیقەکـەی لەگـەڵ کۆمەڵێـك ئەنتاگۆنیزمـە کۆمەڵایەتییەکانـدا بپارێزیـن کـە پێویسـتبوون بـە کۆمۆنیـزم بەرهەمدێنێـت. [«باوەڕبـوون بـە»] بـە تێگەیشـتنە کۆنـە مارکسـییەکە بـۆ کۆمۆنیـزم نـەك وەك ئایدیـا بەڵکـو وەك بزاوتێـك کـە کاردانـەوە بـەڕووی هەلومەرجـی واقیعیـدا پیشـاندەدات. وێنـای کۆمۆنیـزم وەك ئایدیایـەکی ئەبـەدی کـە ئـەو هەلومەرجـەش ئەبـەدی بێـت کـە بەرهەمیدێنێـت، ئـەو ئەنتاگۆنیزمـەش هەمیشـە بـوونی دەبێـت کـە کۆمۆنیـزم کاردانەوەیەکـە بەڕوویـدا. دیـارە ئەمـە هەنـگاوی یەکەمـە بـۆ خوێندنـەوەی هەڵوەشـانەوەگەرایانەی کۆمۆنیـزم وەك خـەونی ئامادەیـی، وەك لەناوبـردنی هەمـوو نواندنـەوە لەخۆنامۆبـووەکان، خەونێـك کـە هێـز لـە مەحاڵبـوونی خۆیـەوە وەردەگرێـت.

گەرچـی گاڵتەکـردن بـە چەمکـی «کۆتایـی مێـژوو»ی فۆکۆیامـا کارێـکی سـادەیە، بـەڵام ئەمـڕۆ زۆرینـە فۆکۆیامایـین. سـەرمایەداریی لیبراڵدیموکـرات، وەك دوایـین هاوکێشـەی باشـترین کۆمەڵـگا قبوڵکـراوە، [گوایا] تاکـە کارێـك کـە دەشـێت بکرێـت ئەوەیـە دادپەروەرتـر و بەتۆلێرانسـتر بکرێـت و هتـد. لێـرەدا پرسـیارێکی سـادە بـەڵام بەجـێ خـۆی قووتدەکاتـەوە: ئەگـەر سـەرمایەداریی لیبراڵدیموکـرات، نـەك باشـترین [سیسـتەم]، بەڵکـو مـادام لانیکـەم کەمعەیبتریـن جـۆری کۆمەڵگایـە، بۆچـی بەتـەواوی خۆمـانی نەدەینەدەسـت و بەتـەواوی بووغانـەوە قبوڵـی نەکەیـن؟ بۆچـی بەپێچەوانـەی هەمـوو بەڵگەکانـەوە، پێداگـری لەسـەر گریمانـەی کۆمۆنیـزم بکەیـن؟

## چین و شتە هاوبەشەکان

وەفاداربـوون بەرامبـەر بـە گریمانـەی کۆمۆنیـزم، بەتەنیـا بـەس نیـە: ئەولەویـەتی پراکتیکیـمان بریتییـە لـە دەستنیشـانکردنی ئەنتاگۆنیـزم لـە واقیعـی مێژووییـدا، تاکـە پرسـیاری ڕاسـتەقینەی

---

٢٥- Alain Badiou, The Meaning of Sarkozy, London and New York 2008, p. 115.

ئەمڕۆ ئەمەیە: ئایا ئەمڕۆ ئەنتاگۆنیزمە ناوەکییەکانی سەرمایەداریی جیهانی، هێندە بەهێزە کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەرهەمهێنانەوە مسۆگەرەکەیدا؟ لێرەدا چوار جۆر ئەنتاگۆنیزم، مومکینە: مەترسیی جدیی کارەساتێکی ژینگەیی، نەگونجانی خاوەندارێتیی تایبەتی لەگەڵ ئەو شتەدا کە پێی دەوترێت خاوەندارێتیی مەعنەوی(intellectual property)، ئەو ئاکامە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە پێشکەوتنە تازە زانستی و تەکنیکییەکانەوە سەرچاوەدەگرن، بەتایبەت لە کایەی بایۆجیناتدا؛ حاڵەتی کۆتاییش کە گرنگییەکەی لەوانیتر کەمتر نیە: شێوازە تازەکانی ئاپارتایدی کۆمەڵایەتی وەك دیوارە تازەکان و تەنەکەنشینەکان. دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم حاڵەتەی کۆتایی لەڕووی چۆنیەتییەوە لەو حاڵەتانەی تر جیاوازە، و ئەویش ئەو کەلێنەیە کە دەرکراوان(excluded) لە تێکراوان(included) جیادەکاتەوە، کەلێنێك کە تەعبیرە لەو کایانەیە کە هارت و نێگری پێیدەڵێن شتە هاوبەشەکان یان کۆمۆنەکان(commons)-واتە ئەو جەوهەرە هاوبەشەی بوونی کۆمەڵایەتی کە تایبەتکردنەوە و بەخصوصیکردنی، بۆخۆی توندوتیژییەکە کە دەبێت بەرەنگاری ببینەوە تەنانەت گەر بە زۆرداره‌کییش بێت.

یەکەمیان، شتە هاوبەشەکانی کەلتورە، شێوازە جیاجیاکانی سەرمایەی فیکری[٢٦] کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆمەڵایەتین: بەر لە هەمووی، زمان ئامرازی ئێمەیە بۆ پەیوەندیگرتن و پەروەردە و فێرکردن، سەرباری ئەوەش هەندێك ژێرخانی وەك گواستنەوە و گەیاندنی گشتی، کارەبا، پۆستە، و هتد. گەر مۆڵەتی پاوانکردنیان بە بیل گەیتس بدایە، ئەوا تووشی ئەو دۆخە پووچ و نامۆیە دەبووین کە یەك کەس دەیتوانی بەهۆی سۆفتوێرێکەوە جڵەوی بنچینەییترین تۆڕی پەیوەندییانەمان بگرێتەدەست. دووەم، شتە هاوبەشەکانی سرووشتی دەرەکی کە لەلایەن پیسکەرەکان و بەکارهێنانی زۆروزەبەندەیانەوە لەبەردەم مەترسییدان-لە نەوتەوە بیگرە تا دەگاتە دارستانەکان و ژینگا سرووشتییەکان-، سێیەمیش: هاوبەشەکانی سرووشتی ناوەکی بایۆجیناتی میراتی مرۆیی. ئەو شتەی کە لە هەموو ئەم ململانێیانەدا هاوبەشە ئاگاییە دەرهەق بە لۆژیکی سەرمایەداری کە ئەگەر دەستی بەکراوەیی بهێڵرێتەوە دەرهەق بە شتە هاوبەشەکان ئەوا ماتەوزەیەکی وێرانکەری هەیە(تا ئاستی خۆلەناوبردنی مرۆڤایەتی). ئەم گەڕانەوەیە بۆ شتە هاوبەشەکان کە بوار بۆ زیندووکردنەوەی چەمکی کۆمۆنیزم دەڕەخسێنێت: لێرەوە ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت تا مۆنۆپۆلبوونی زیاتری ئەم شتە هاوبەشانە بە پرۆسەی بەپرۆلیتاربوونی ئەو کەسانە بزانین کە لەبەر هەمان هۆ لە جەوهەری خۆیان بێبەشدەبن؛ ئەو پرۆسەیەی کە تەعبیرە لە چەوسانەوە.

ئەمڕۆ ئەرکی ئێمە درووستکردنەوەی سەرلەنوێی چەمکە سیاسییەکەی چەوسانەوەیە-بۆنمونە، چەوسانەوەی «کرێکارانی فیکری» ـی بێ ناوونیشان لەلایەن کۆمپانیاکانیانەوە.

بەڵام ئەوە تەنیا چوارەمین ئەنتاگۆنیزم واتە گەڕانەوەیە بۆ دەرکراوان کە پاساوێك دەدات بە زیندووکردنەوەی زاراوەی کۆمۆنیزم. هیچ شتێك لە کۆمەڵێکی حکومەتی(state community) تایبەتتر نیە کە دەرکراوەکان وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر خۆی دەبینێت و خەمی ئەوەیەتی چۆن دەتوانێت مەودای گونجاوی نێوان خۆی و ئەوانە بپارێزێت. بە دەربڕینێکی تر، لەنێوان ئەم چوار

---

٢٦- cognitive capital

ئەنتاگۆنیزمەدا، ئەنتاگۆنیزمی نێوان دەرکراوان و تێکراوان ئەنتاگۆنیزمێکی زۆرگرنگە: بەبێ ئەم ئەنتاگۆنیزمە، ئەنتاگۆنیزمەکانی تر رووە وێرانکەرەکەی خۆیان لەدەستدەدەن. ژینگە وەردەگەڕێت بۆ کێشەی گەشەی جێگیر، خاوەندارێتیی مەعنەوی وەردەگەڕێت بۆ مشتومڕێکی ئاڵۆزی یاسایی، بایۆجیناتیش وەردەگەڕێت بۆ کۆمەڵێك پرسی ئەخلاقی. مرۆڤ دەتوانێت بەدڵسۆزییەوە لەپێناوی ژینگەدا بجەنگێت، بەرگری لە تێگەیشتنێکی گشتگیرتر بکات بۆ خاوەندارێتیی تایبەتی، دژی پاوانکردن و کۆپیڕایتی جیناتەکان بجەنگێت، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەنتاگۆنیزمی نێوان دەرکراوان و تێکراوان ببێتەوە. لەمەش گرنگتر تەنانەت دەتوانین بەجۆرێك هەندێك لەم ململانێیانە فۆرمولەبکەین وەکبڵێی ئەنتاگۆنیزمێکە لەنێوان تێکراواندا کە لەلایەن دەرکراوە تێکدەرەکانەوە کەوتوونەتە بەر هەڕەشە. بەم جۆرە، ناگەین بە گشتێتیی ڕاستەقینە(true universality) بەڵکو بەرهەمەکەی بەتەنیا بریتی دەبێت لە «تایبەتی» بە مانای کانتیی وشەکە. کۆمپانیاکانی وەك ۆڵ فودز(Whole Foods) و ستارباکس کە ئێستاش لەگەڵدابێت جێی بایەخی لیبراڵەکانە، وێڕای ئەوەی هەردووکیان دەرگیری چالاکیی دژەسەندیکایی(anti-union) ن؛ فێڵەکەیان لەوەدایە کە بەرهەمەکانیان بەهۆی ژێستی پێشکەوتنخوازییەوە دەخەنەڕوو: ئەو قاوەیەی کە لەو دانانە بەرهەمدەهێنرێت کە بە نرخێك لەژێر ناونیشانی «کڕینی بەئینسافانە«دا کڕدراوە، ماشێنە هایبریدییە گرانبەهاکان و شتی تری لەم جۆرە. بەکورتییەکەی، بەبێ ئەنتاگۆنیزمی نێوان دەرکراوان و تێکراوان ڕەنگە لە دونیایەکدا خۆمان ببینینەوە کە بیل گەیتس تێیدا گەورەترین مرۆڤدۆستە و شەڕ لەگەڵ هەژاری و نەخۆشییدا دەکات، و ڕۆبەرت مۆرداك گەورەترین چالاکوانی ژینگەیە کە سەدان ملیۆن کەس لەڕێگەی ئیمپراتۆریەتی میدیاکانیەوە بۆ [«پاراستنی ژینگە!»] سازوئامادە دەکات[٢٧].

خاڵێکی تر کە دەبێت بەهۆی تێپەڕین لە کانتەوە زیادی بکەین ئەوەیە کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە کە مادام لە سیستەمی «تایبەتی»ـی هیرارکیەتی کۆمەڵایەتییدا جێگایەکی دیاریکراوی نیە، ئەوا ڕاستەوخۆ گشت دەنوێنێتەوە [و دەبێتە نوێنەری گشت]: ئەوانە کەسانێکن کە ژاك ڕانسێر پێیدەڵێت «بەشی بێبەش»ـی جەستەی کۆمەڵایەتی. هەموو سیاسەتە ڕزگاریخوازە ڕاستەقینەکان لەلایەن شۆرتکردنەکانی [٢٨] نێوان گشتێتیی بەکارهێنانی گشتیی عەقڵ[٢٩] و گشتێتیی «بەشی بێبەش»ـەوە دێتەئاراوە. ئەمە خەونە کۆمۆنیستییەکەی مارکسی گەنج بوو- پێکەوەکۆکردنەوەی گشتێتیی فەلسەفە و گشتێتیی پرۆلیتاریا. لە یۆنانی کۆندا، ناوێکمان هەبوو بۆ هێنانەناوەوەی دەرکراوان بۆ ناو فەزای سیاسی-کۆمەڵایەتی: دیموکراسی.

تێگەیشتنی زاڵی لیبراڵ[ـەکانیش] بۆ دیموکراسی هەر سەروکاری لەگەڵ دەرکراوەکاندایە، بەڵام بەشێوەیەکی تەواو جیاواز: بەهۆی تەرکیزکردنەوە لەسەر هێنانەناوەوەیان، وەك دەنگەکانی کەمینە. دەبێت دەنگی هەموان ببیسرێت، هەموو بەرژەوەندییەکان ڕەچاوبکرێت، «مافەکانی مرۆڤ»ـی هەموان مسۆگەربکرێت، هەموو شێوازەکانی ژیان و کەلتورەکان و ڕەفتارەکان جێی ڕێزە، و تا لەم جۆرە قسانە. وەسوەسەی ئەم دیموکراسییە بریتییە لە پاریزگاری لە هەموو جۆرە کەمینەیەك: کەلتوری، دینی، ڕەگەزی(سێکسواڵ) و هتد. هاوکێشەی ئەم دیموکراسییە

---

٢٨- short-circuit

٢٩- universality of the public use of reason

لەسەر چەنەدان و سازشی پشوودرێژانە بەندە. ئەو شتەی کە لێرەدا لەدەستدەچێت پێگەی گشتێتییە کە لە هەناوی دەرکراواندا بەرجەستەدەبێت. سیاسەتی ڕزگاریخوازی نوێ، چیتر کردەی بریکارێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت نابێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی تەقینەوەئاسای بریکارە جیاجیاکانە. ئەو شتەی یەکماندەخات، بەپێچەوانەی چەمکە کلاسیکەکەی پرۆلیتارەکانەوە کە «جگە لە زنجیرەکانیان هیچیان نیە لەدەستی بدەن»، ئێمە لەبەردەم مەترسیی لەدەستدانی هەموو شتێکداین. مەترسییەکە لێرەدایە کە کورتدەبینەوە بۆ کۆمەڵێك سوبێکتی پەتی و بەتاڵی دیکارتی کە لە هەموو ناوەڕۆکە ڕەمزییەکانمان بەتاڵکراوینەتەوە، دەستکاریی بونیادی جیناتییمان کراوە، و لە ژینگەیەکی بێژیاندا درێژە بە ژیانە ڕووەکییەکەمان دەدەین. ئەم سێ مەترسییە، هەموو ئێمەی پرۆلیتار کورتدەکاتەوە بۆ ئەو شتەی کە مارکس لە کتێبی گرۆندەریسەدا پێیدەڵێت «سوبێکتێکی داماڵراو لە جەوهەر[۳۰]». شکڵ و شێوەی ئەم «بەشە بێبەش»ـە، لەگەڵ دۆخە ڕاستەقینەکەی خۆماندا ڕووبەڕووماندەکاتەوە؛ تەحەدای سیاسی و ئەخلاقی بریتییە لە ناسینەوەی خۆمان لەم شکڵ و شێوەیەدا. بە دەربڕینێك، هەموومان دەرکراوین [و داماڵراوین]، هەم لە سرووشت و هەم لە جەوهەرە ڕەمزییەکەمان. ئەمڕۆ، هەموومان بەشێوەیەکی نوستوو هۆمۆساکەرین، تاکە ڕێگەش بۆ ئەوەی بەشێوەی کردەیی و ئەکچواڵ نەبینە ئەوە، ئەوەیە کە دەستبدەینە کردەی جڵەوگیرانە.

**سەرچاوەکان:**

(١)

https://www.tribunezamaneh.com/archives/121920

(٢)

https://newleftreview.org/II/57/slavoj-zizek-how-to-begin-from-the-beginning

---

-۳۰ «substanceless subjectivity»



# The October Revolution

www.negativegroup.org